■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فوئاد ســـدیق**
Editor-in-Chief
Fuad Sideeq
fuadsdeeq@hotmail.com
☎ ٠٦٦ ٢٢٣٢٣٨٥
☎ ٠٦٦٢٢٣٠٣٠٠

■ جێگری سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Deputy Editor-in-Chief
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Farhadmohmad@gulan_media.com
تەلەفون: ٢٢٣١٥٢٧

■ بەڕێوەبەری نووسین
**شوان تاڤینگ**
Managing Editors
Shuwan A. Mihemmad
taving@myway.com

■ بەڕێوەبەری هونەری
Art Manager
**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ و دیزاین
**لوقمان رەشیدی**

■ بەڕێوەبەری پەیوەندیەکان
**ساڵح عومەر قادر**
Relation`s Manager
Mobil 0750 456 7070
salih_omer2003@yahoo.com

■ فایلەکان
شەماڵ نووری: ئابووری
خەلیل بلەیی: هونەری
هاوژین عومەر: کۆمەڵایەتی
مەهدی حاجی ساڵح: رەنگاورەنگ
د.عادل حوسێن: تەندروستی
ئەحمەد عەزیز: وەرزش

■ ناوونیشان: هەولێر - شەقامی ٤٠ مەتری
تەنیشت مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی (پ.د.ك)






## پەرەپێدانی سیاسیی و بەرزکردنەوەی هۆشیاری کۆمەڵگە
## پارتە سیاسیەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی






فەرزانە داڤاری: هەر کۆمەڵگایەک نایەکسانی جێندەری تێدابێت کۆمەڵگایەکی تەندروست نییە



د.هیوا سەید ئەحمەد: باوترین نەخـۆشی چاو هەستەوەرییە



دارا محەمەد حەبیب: تا ئێستا لە هەڵبژاردەی عێراق هەلم بۆ نەڕەخساوە خۆم بسەلمێنم



لە جوانی گونجاندنی جلەکان ئاگادار بە!



# کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان زامەکانی رابردووی ساڕێژ کرد و نەخشەی بۆ کاری دامەزراوەیی داڕشت

**ئەو متمانەی ئەمڕۆ لە نێوان پارتی ویەکێتی دروستبووە، بە درێژایی ٣٠-٤٠ ساڵی رابردوو بێ وێنەیەو هیچ کاتێک بە ئاستی ئێستا متمانە لە نێوان پارتی و یەکێتی لەم ئاستەی ئێستا نەبووە**

***«وێڕای هەموو شتێك، وێڕای هەموو ئەو کەموکوڕییانەی هەمانە، بەڵام ئێستا لە ژێر سایەی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی باشتر ژیان بەسەر دەبەین»***

***کارڵ پۆبەر***

***

کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەسپێکی قۆناخێکی نوێ بوو لە بونیادی حوکمڕانی بۆ هەنگاو هەڵگرتن بۆ کاری دامەزراوەیی و حوکمڕانی باش لە کوردستاندا، کابینەی پێنجەم بەرهەمی قەناعەتی هاوبەشی پارتی و یەکێتی بوو بۆئەوەی کۆتایی تەواو بەسیاسەتی ناکۆکی و ململانێی یەکتری بێنن و دەست بخەنە ناو دەست بۆ ئەوەی هەنگاوەکانی قۆناخی ئینتیقالی پێکەوە ببڕن، بەڵام گۆڕینی ئەم قەناعەتە بۆ پێداویستیەکی ئەم قۆناخە و هەستکردن بەپاراستنی ئەم پێداویستیە، بەرهەمی ئەو بەرنامە چڕوپڕەی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو، کە نێچیرڤان بارزانی لە دەستپێکی کابینەی پێنجەمدا بەڵێنی بە گەلی کوردستاندا،جێبەجێی بکات، بۆیە لێرەوە جێبەجێکردن لەگەڵ کۆتایی بەرنامەکە دوومەسەلەی جیاوازن و دەبێت لەوکاتەی رۆڵی ئەم کابینە گرنگە هەڵدەسەنگێنین تێکەڵیان نەکەین، کە دەشڵێین نابێت تێکەڵیان بکەین بەو مانایە نییە کە پاکانە بۆ ئەو بڕگانەی نێو بەرنامەکە بکەین کە ئێستا لە ژێر جێبەجێکردنن و تەواو نەبوون، یان بەشێکی باش لەسەر ئاستی کوردستان لێ تەواو بووەو بەشێکی لە ژێر جێبەجێکردنن و تەواو نەبوون، نەخێر ئێمە دەمانەوێت ئەوە بە خوێنەران رابگەیەنین کە لەبنەڕەتدا پارتی و یەکێتی بۆ دوو خولی هەڵبژاردن رێککەوتنی ستراتیژیان ئیمزا کردووە، بۆ ئەوەی پێکەوە ئەم قۆناخە هەستیارەی، قۆناخی راگواستن تێبپەڕێنن، بەڵام گرنگی کابینەی پێنجەم لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت، کە نێچیرڤان بارزانی قۆناخی یەکەمی ئەم بەرنامەیەی بەسەرکەتوویی گەیاندە مەنزڵ و بەسەرکەووتوویی تەسلیمی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانی دەکات، کەواتە لێرەوە کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو بەرنامەیەی پێشکەشی گەلی کوردستانی دەکات لە چەند هەفتەی دادێ، بەرنامەی لیستی کوردستانیە (لیستی ٥٤) کە وەك لای خەڵکی کوردستان ئاشکرایە تەواوکاری بەرنامەکانی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە. بەرنامەی لیستی کوردستانیش وەك لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا بەڵێن بەخەڵك دراوە جێبەجێ بکرێت، بەردەوامبوونە





**دەرکەوتن و کامڵبوونی ئۆپۆزسیۆنیش بەرهەمێکی دیکەی ئەو سەرکەوتنانەی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە**

**لە دەستپێکی کابینەی پێنجەمدا تەنها ئومێد ئەوە بوو سەرنجیان رابکێشین بێنەکوردستان و سەرمایە کانیان بخەنە گەڕ**

**لەدەسپێکی کابینەی پێنجەمدا، هیچ کونسوڵگەریەکی بیانی لە کوردستان بوونی نەبوو، لەماوەی ئەم دووسێ ساڵەدا زۆربەی زۆری دەوڵەتانی جیهان بە دەوڵەتانی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایش و گروپی G8کونسوڵخانەی خۆیان لەپایتەختی کوردستان کردۆتەوە**

لەســـەر ئەو بەرنامەیەی کـــە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان دەســـتی پێکردووە، بێگومـــان کۆمەڵێك گۆرانکاریش دەبینرێت، بەڵام ئەم کۆمەڵە گۆرانکاریە بەرهەمی جیـــاوازی نیە لە شـــێوازی حوکمڕانی کابینەی پێنجەم یان کابینەی شەشـــەم، بەڵکو بەرهەمی ئەو ســـەرکەوتنانەی کابینـــەی پێنجەمە، کە گۆڕانـــکاری لە خواســـت و داواکاری و پێداویســـتەیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان دروستکردووە، ئەم گۆڕانکاریە هۆکارێکە بۆ هەســـتکردن بە بەرەو پێشەوە چوون و بڕینـــی چەند هەنگاوێکە بە دروســـتی، بۆیە ئـــەو کارانەی کابینـــەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجامیداون، جارێکی دیکە کابینەی شەشەم ناچێتەوە ســـەری، ئەوەی دەکەوێتە سەروو هەموو مەســـەلە گرنـــگ و ســـتراتیژیەکان بۆ ئەمڕۆی باردۆخی کوردستان، ئەوەیە کە بەشانازییەوە دەیڵێین، ئەو متمانەی ئەمڕۆ لە نێوان پارتی ویەکێتی دروســـتبووە، بە درێژایـــی ٣٠-٤٠ ســـاڵی رابـــردوو بێ وێنەیەو هیچ کاتێك بە ئاســـتی ئێســـتا متمانە لـــە نێوان پارتـــی و یەکێتی لەم ئاستەی ئێســـتا نەبووە، بۆیە لە کابینەی شەشـــەمدا هەوڵـــدان بـــۆ بونیادنانەوەی متمانـــە لە نێوان پارتـــی ویەکێتی نابێتە یەکێك لە ئەرکە سەرەکیەکانی حکومەت، بەڵکو ئەو متمانەیە دەبێتە پاڵپشـــتێك بۆ سەرکەوتنی بەرنامەی کابینەی شەشەم، هەربۆیە لە دەســـتپێکی خـــۆ ئامادەکردن بۆ پێکهێنانی کابینەی شەشـــەم، لەگەڵ ئەوەی هێشـــتا بەفەرمی بەرێز د.بەرهەم ســـاڵح بۆ پێکهێنانی کابینەی شەشـــەم تەکلیف نەکراوە(ســـبەی ئەو تەکلیفکردنە لە بەرهەم ســـالح یـــەکلا دەبێتەوە)، بەڵام هەردوولا پارتی و یەکێتی لەســـەر ئاستی ســـەرکردایەتی و هەروەها لەسەر ئاستی رێکخستنەکانی هەردوولاش، هەست ناکەن د.بەرهەم کاندیدی پارتی یە یان کاندیدی یەکێتی یە، بەڵکو ئێســـتا پارتی ویەکێتی هەردوولایان د.بەرهەم بە کاندیدی لیستی کوردستانی دەزانن، ئەو لیستەی زۆرینەی گەلی کوردستان متمانەی پێداوە، کەواتە لـــەم قۆناخە تازەیە پشـــتیوانی پارتی و یەکێتـــی بۆ حکومەتێکە، کـــە هەردوولا بە هی خۆیانی دەزانن، ســـەرۆك و جێگرە پێشـــبینیکراوەکەی کابینەی تازە، بەبێ ئەوەی بگەرێنەوە بۆ کۆبوونەوەی هاوبەشی مەکتەبی سیاســـیی پارتـــی و یەکێتی، راســـتەوخۆ لەگەڵ ســـەرۆکی کوردستان تاتوێـــی بەرنامەی نوێی کابینەی تازەی حکومەتی کوردســـتان دەکەن، ئەم شێوازە ئەمرۆ لە پێشکەوتنی سیستەمی سیاسیی لە کوردســـتان دەیبینیـــن، ئەوەی نکۆڵی لێدەکات و ئەوەشی دەیسەلمێنیت، قۆناخێکی تازەیە لە شـــێوازی حوکمرانی و هەنگاو هەڵگرتن بـــۆ پیادەکردنی حوکمرانی باش لە کوردستاندا، بۆیە ئەوانەشی کە ئەمرۆ خۆیان بە ئۆپۆزسیۆن بۆ کابینەی شەشەم لە قەڵەمدەدەن، دیســـان دیارە دەرکەوتن و کامڵبوونی ئۆپۆزســـیۆنیش بەرهەمێکی دیکەی ئـــەو ســـەرکەوتنانەی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، کە بواری بۆ هەموو لایەك رەخساند ئازادانە چالاکی سیاسیی خۆیان بکەن و وردە وردە پێشبکەون هەتا گەیشـــتنە ئەو ئاستەی ئێســـتا دەبینین خۆیان لـــە نزیکەی ٣٨ کورسی پەرلەمانی کوردستاندا دەبیننەوە، لێرەوە دەکرێت ئاراستەی هەڵسەنگاندنمان بۆ بەرەو پێشەوەچوونی سیستەمی سیاسی لە کوردســـتان بەو ئاراستەیە بێت، ئێمەش وەك چۆن کارل پۆپەر سیستمی سیاسیی دیموکراتیە رۆژئاواییەکان هەڵدەسەنگێنێت و دەڵیت: (وێرای هەموو شـــتێك، وێرای هەمـــوو کەموکورتیەکانمان، بەڵام ئێمەی هاوڵاتیانی دیموکراتیەکانی رۆژئاوا، لەژێر سایەی سیســـتمێکی کۆمەڵایەتی باشتر



لەهەموو سیستمەکانی جیهان دەژین) هەر بۆیە ئێستا ئێمەش دەتوانین بە پێی واقیعی سیاسیی کوردستان بڵێین : (وێڕای هەموو شتێك وێڕای هەموو کەموکورتیەکانمان، بەڵام ئێمەی هاوڵاتیانی کوردستان،هەست دەکەین ئێستامان لە پێش دەستپێکی کابینەی پێنجەم باشترە و هەست دەکەین بەرەو ئێستا باشتر هەنگاو هەڵدەگرین)) پۆپەر ناوی لەم هەڵسەنگاندنە ناوە ((دارشتنەوەو پیشاندانی واقیع لە چوارچێوەی مەعریفەدا )) واتە پیشاندانی واقیع وەك ئەوەی کە هەیە، لەبەر ئەوەش لای پۆپەر هیچ مەعریفەیەك بوونی نیە بێجگە لە رەخنە، کەواتە کەدەڵێت لە ژێرسایەی سیستەمێکی باشتر دەژین، واتە ئەو سیستەمە لەناو رەخنەدا ئەو شایستەیەی وەرگرتووە پێیبگوترێت باشتر لە سیستەمەکانی دیکە، بۆیە لێرەدا گرنگە خوێنەران بەهەڵە لەو تەفسیرەی ئێمە تێنەگەن، کە دەڵێین ئێستامان لە پێش دەسپێکی کابینەی پێنجەم باشترە، ئەمە مانای ئەوە نیە دەمانەوێت بڵێین نابێت رەخنە بمێنێت، بەڵکو دەمانەوێت بڵێین هەڵسەنگاندنی رەخنەکان ئاماژە بەوە دەکەن، ئێستامان لە پێش دەستپێکی کابینەی پێنجەم باشترە، واتە ئەو رەخنانەی کە بە درێژایی تەمەنی کابینەکە لە کارەکانی حکومەت گیراون، لە ئاکامی هەڵسەنگاندنیان بۆ بارودۆخەکە پێمان دەڵین :

١- ئێستای هەرێمی کوردستان لەسەردەمی دووئیدارەیی نەك هەر باشترە، بەڵکو سەردەمێکە لە گەڵ زەمەنی دووئیدارەیی باس ناکرێت.

٢- ئەو هەنگاوانەی ئێستا بۆ ئایندە بیریان لێدەکەینەوە، لە دەسپێکی کابینەی پێنجەمدا نەماندەزانی پیداویستیەکانمان چین، نەماندەزانی لە کوێوە دەستپێبکەین.

٣- ئێستا بە جۆرێك مامەڵە لەگەڵ کۆمپانیا و سەرمایەدار و وەبەرهێنی بیانی دەکەین، داوای گەرەنتی و کوالێتی ئەشورانسیان لێدەکەین، لە دەستپێکی کابینەی پێنجەمدا تەنها ئومێد ئەوە بوو سەرنجیان رابکێشین بێنەکوردستان و سەرمایە کانیان بخەنە گەر.

٤- لەدەسپێکی کابینەی پێنجەمدا، هیچ کونسوڵگەریەکی بیانی لە کوردستان بوونی نەبوو، لەماوەی ئەم دووسێ ساڵەدا زۆربەی زۆری دەوڵەتانی جیهان بە دەوڵەتانی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایش و گروپی G٨کونسوڵخانەی خۆیان لەپایتەختی کوردستان کردۆتەوە.

٥- لە دەسپێکی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرنامەی ستراتیژی بۆ بونیادی ژێرخان و راستکردنەوەی ژێرخانی رووخاوی کوردستان بووە، واتە لەگەڵ دەسپێکی کابینەی پێنجەم بەرنامەی ستراتیژی حکومەت بەرنامەی بونیادنانەوەی هەموو کوردستان بووە،بۆیە ئەو بەرنامە ستراتیژیەی بۆ بونیادنانەوەی ژێرخانی کوردستان دانرا، بەرنامەیەك بوو هەموویان لە ئەولەویەتی پێداویستیەکانی کوردستان بوون.

٦- لە دەسپێکی کابینەی پێنجەم ئێمە نەهاتینە سەر وڵاتێکی کاولکراوی دوای شەڕ، بەڵکو کابینەی پێنجەم دەستی کرد بە بونیادنانەوەی وڵاتێك کە دەیان ساڵ بوو پشتگوێ خرابوو، بۆیە کاتێك حکومەتی هەرێمی کوردستان بانگێشەی بۆ کۆمپانیاو وەبەرهێنی بیانی دەکرد بۆ ئەوەی بێنە کوردستان، بانگێشە بەو جۆرە نەبوو کە پێیان بڵێن، ئێمە فرۆکەخانەکانمان لە ئاکامی شەڕ کاولبوون وەرن بۆ مان چاکبکنەوە، پێمان نەدەگووتن ئێمە لە ماوەی شەر چەندین پردی ستراتیژیمان رووخاوە و وەرن بۆمان چاکبکەنەوە،

کابینەی پێنجەم دەستی کرد بە بونیادنانەوەی وڵاتێک کە دەیان ساڵ بوو پشتگوێ خرابوو

تایوان هەرگیز نەیتوانیوە لە ماوەی ٣-٥ ساڵی یەکەمی دەستپێکی قۆناخی بونیادنانەوە ببێتە ئەو دەوڵەتەی بەرهەمە کشتوکاڵیەکانی خۆی هاوردەی دەرەوە بکات

ئێستا کە ئاستی خوێندن لە سەنگافورا بە ئاستی خوێندنی بەریتانیا بەراورد دەکرێت، سەنگافورا نەیتوانیوە لە ٥-١٠ ساڵی یەکەمی ئەو گۆڕانکاریە گەورەیە بەسەر بواری کەرتی پەروەردە بهێنێت

**ژەنراڵ جەی گارنەر کە لە ساڵی ٢٠٠٣ یەکەم کەس بوو ئەرکی دەسەڵاتی ئەمریکای لە عێراق پێسپێردرا، لە وەڵامی پرسیارێکی گۆڤاری فۆرین ئەفێرز و سەبارەت بە ئاستی سەقامگیری لە هەرێمی کوردستان دەڵێت: ( ئەو سەقامگیریەی لە هەرێمی کوردستان هەستی پێدەکرێت، لەزۆربەی شوێنەکانی ئەمریکا باشترە)**

ئێمە لە کوردستان کۆمپانیای نەوت و وێستگەی پاڵاوتنی نەوتمان نەبوو هەتا پێیان بڵێین لە ئاکامی شەڕ کەرتی نەوتمان زیانی پێگەیشتووە وەرن بۆمان چاکبکەنەوە، کارگەی گەورەمان نەبوو هەتا بانگهێشتیان بکەین کارگەکانمان بۆ چاکبکەنەوە، هۆتێلی پێنج ئەستێرەمان نەبوو، هەتا داوا بکەین بێن هۆتێلەکانمان بۆ بونیاد بنێنەوە، کەواتە کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان نە دەیتوانی سوود لە وڵاتانی دوای شەڕ(Post War) وەربگرێت، نە دەشیتوانی لاسایی دەوڵەتانی پێشکەتووی پێشکەوتووی رژئاوا بکاتەوە، بۆیە ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەرکێك بوو، کە پێشتر لە جیهاندا وێنەی نەبووە، ئەرکێك کە ناتوانین پێی بڵێین ئەرکی سڕینەوەی ئاسەواری شەڕ و دەسپێکی بوونیادنانەوە، بەرنامەی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرنامەی بونیادنانەوەی وڵاتێك بوو لە سفرەوە، بەرنامەی رێکخستنەوەی نێو ماڵی کوردبوو، لە دوای چەند دەیەیەك لە ناکۆکی و ئاڵۆزی نێوان لایەنە سیاسیەکان،ئەمە بوو کاتێك حکومەت یان نوێنەرانی حکومەت لەگەڵ کۆمپانیاو وەبەرهێنەکانی بیانی قسەیان دەکرد و لێیان دەپرسین ئەولەویەتی بەرنامەی ستراتیژی ئێوە بۆ بونیادنانەوەی وڵاتەکەتان چیە؟ نوێنەرانی حکومەت پێیاندەگوتن، ئێمە هەموو شتێکمان پێویستە لە هەر بوارێکدا دێنە کوردستان ئێمە پێشوازیتان لێدەکەین. بۆیە کاتێك دەڵێین بەرنامەی کابینەی پێنجەم سەرلەنوێ دروستکردنەوی وڵاتێك بوو لە سفرەوە مەبەستمان ئەوەیە:

أ- خزمەتگوزاریە گشتیەکان، وەك ئاو و ئاوەڕۆ و کارەبا، لە هەرێمی کوردستاندا ئەم ٣ بوارە گرنگە ماوەی زیاتر لە ٢٥ ساڵ بوو پشتگوێ خرابوو، واتە ئەو پرۆژە ئاوییانەی هەمان بوو،هەموویان پێش ٢٥ ساڵ بوو، تۆڕی ئاوەڕۆ هەر زۆر پشتگوێ خرابوو،، بێجگە لە وێستگەی دوکان و دەربەندیخان، کە پێکەوە تەنها بۆ ماوەی ٣ مانگ توانای بەرهەمهێنانی ٢٠٠ میگاوات کارەبای هەبوو، هیچ وێستگەیەکی دیکەی بەرهەمهێنانی کارەبا لە کوردستان نەبوو، هەروەها هیچ وێستگەیەکی بەرهەمهێنانی وزە بۆ بەکارهێنانی بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا لە کوردستان بوونی نەبووە.لەماوەی ٣ ساڵی تەمەنی کابینەی پێنجەمدا، ئەم کێشە سەرەکیانە نەك هەر توانرا چارەسەر بکرێن، بەڵکو سەرچاوەی وزە بۆ بەردەوامی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا لە کوردستان دامەزرا، ئێستا هەرێمی کوردستان نەك سەرچاوەی وزەیە بۆ کارپێکردنی وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا، بەڵکو مەزندە دەکرێت کوردستان نەك لە بواری نەوت ببێتە وڵاتی هاوردەی نەوت، بەڵکو لەبواری بەرهەمهێنانی گازی سروشتیش لە ئایندەیەکی نزیکدا، دەبێتە وڵاتی هەناردەی گازی سروشتی بۆ دەرەوە، لێرەدا بە جێگەی خۆی دەزانین ئەم حاڵەتەی کوردستان بە وڵاتی تایوان بەراورد بکەین کە وڵاتێکی کشتوکاڵیە، تایوان هەرگیز نەیتوانیوە لە ماوەی ٣-٥ ساڵی یەکەمی دەستپێکی قۆناخی بونیادنانەوە ببێتە ئەو دەوڵەتەی بەرهەمە کشتوکاڵیەکانی خۆی هاوردەی دەرەوە بکات، لەوانەیە هەندێك بڵێن هێشتا لە هەرێمی کوردستانیش نەتوانراوە کشتوکاڵ بگاتە ئەو ئاستەی پێداویستیەکانی ناوخۆ پڕبکاتەوە، بەڵام مەبەستی ئێمە لێرەدا بەراوردکردنی کەرتی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان نیە، بە کەرتی کشتوکاڵی تایوان، بەڵکو مەبەستمان ئەو کەرتەیە کە ژێر خانی ئابوری وڵاتی لەسەر بونیاد دەنرێتەوە، تایوان هەموو پشتبەستنێکی بۆ راستکردنەوەی ژێرخانی خۆی لەسەر کشتوکاڵ بوو، بەڵام کوردستان وڵاتێکی خاوەن نەوت و گازی سروشتیە، بۆیە بە بەراورد لەگەڵ ئەو کەرتە گرنگەی کە ژێرخانی کوردستانی لەسەر رێکدەخرێتەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر پێش ئەو وڵاتە کەتووە کە زۆر بیرمەند بە سیحری بونیادنانەوە و بازە گەورەکانی پڵنگ بۆ برینی قۆناخی بونیادنانەوە لە قەڵەمی دەدن.

ب- لە بواری پەروەردە، کە گرنگترین و سەرەکیترین بواری پەرەپێدانی مرۆیی دەگرێتەوە، لەم بوارەشدا بێجگە لە



**تایوان هەتا ساڵی ١٩٨٧ بێجگە لە حزبی کۆمینتانگ حزبێکی دیکە بوونی نەبووە**

سیستەمێکی کۆنی خوێندن ژمارەیەکی دیاریکراوی قوتابخانە شتێکی دیکەمان نەبوو، لەماوەی کابینەی پێنجەمی حکومەتی کوردستان، توانرا سیستەمی پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان بە ئاستی دەوڵەتانی ئەوروپای رۆژئاوا بگۆردرێت، هەروەها توانرا بە سەدان قوتابخانە لە کوردستان دروستبکرێت و بەدەیان قوتابخانەی تایبەت و نموونەیی لە هەرێمی کوردستان بکرێتەوە،حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم بوارە گرنگەی تێکەڵاوی کەرتی تایبەت کردو بۆئەوەی قۆناخی بونیادنانەوەی ژێرخانی پەروەردەو فێرکردن لە کوردستان بە هەنگاوی گەورە بچێتە پێشەوە، لێرەدا بەجێگەی خۆی دەزانین بواری کەرتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بە بواری کەرتی پەروەردەی سەنگافورا بەراورد بکەین، ئێستا کە ئاستی خوێندن لە سەنگافورا بە ئاستی خوێندنی بەریتانیا بەراورد دەکرێت، سەنگافورا نەیتوانیوە لە ٥-١٠ ساڵی یەکەمی ئەو گۆڕانکاریە گەورەیە بەسەر بواری کەرتی پەروەردە بهێنێت، لی کوان یو سەرۆکی پێشووی سەنگافورا لە کتێبەکەیدا بەناونیشانی (لە جیهانی سێیەمەوە بۆ جیهانی یەکەم) ئاماژە بەوە دەکات لە ناوەراستی هەفتاکانی سەدەی رابردوو، واتە دوای نزیکەی ١٥-٢٠ ساڵ بەسەر دەستپێکی پرۆسەی بونیادنانەوە لە سەنگافورا، کاتێك یەکەی نیشتەجێ بۆ جووتیارەکانی سەنگافورا دروستدەکرا، ئاستی خەڵکەکەی بەو جۆرە ماڵیەتکانیان لەناو یەکە نیشتەجی تازەکاندا پەروەردەدەکرد، لە هەفتاکانی سەدەی رابردوو رێژەی نەخوێندەواری لە سەنگافورا هێجگار بەرزبووە، بەراودکاری سەنگافورا لەگەڵ هەرێمی کوردستان لە زۆر رووەوە لەیەکتری دەچن، لەبەر ئەوەی تاساڵی ١٩٥٩ سەنگافورا یەکێك بووە لە هەرێمەکانی مالیزیا، لە دوای ساڵی ١٩٥٩ ەوە دەستکراوە بە بونیادنانەوەی وڵاتی خۆیان.

ت- لە بواری بایەخدان بە خوێندنی باڵا و زانکۆکان، لە ماوەی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەم بوارە پێشکەوتنێکی بەرچاوی ئەو تۆی بەدەستهێناوە، کە نەك هەر توانراوە چەندین زانکۆی تازە لەسەر ئاستی ستاندەری جیهانی لە کوردستان بکرێتەوە، بەڵکو توانرا ئەو زانکۆیانەشی پێشتر لە کوردستان بوونی هەبوو لەگەڵ زانکۆکانی جیهان پێکەوە ببەسترێنەوە، زیاد لەمەش ئێستا لە زانکۆکانی کوردستان کتێبخانەی ئیلکترۆنی گشتی هەیە کە قوتابیانی زانکۆ لە هەموو قۆناخەکانی خوێندن(بکالۆریوس، ماستەر، دکتۆرا) دەتوانن بە خۆرایی بە تازەترین سەرچاوەکانی پێشکەوتنی زانیاری ئاشنا بن، ئەم لایەنە گرنگە ئەگەر لەگەڵ کۆریای باشور بەراورد بکەین، دەبینین ئەو پێشکەوتنەی لەبواری زانکۆ و خویندی باڵا لە کوردستان دروست بووە، لە ٢٥ ساڵی یەکەمی دەسپێکی بونیادنەوە لە کۆریای باشور دروست نەبووە، ئەوانەی سەردانی کۆریای باشوریان کردووە، باش دەزانن کە هەتا ئێستاش لە کۆریای باشور تەنها چەند زانکۆیەکی دیاریکراو هەن کە خوێندیان بە زمانی ئینگلیزیە، هەروەها لە لە سیۆلی پایتەختی کۆریای باشور کە یەکێکە لە پایتەختە گەورەکانی ئاسیا و جیهان، هێشتا زۆربەی تابلۆی شەقام و کۆمپانیا و دوکانەکانیان تەنها بەزمانی کۆری نوسراوە و زۆر کەم لە خەڵکی کۆریا دەتوانن بەزمانی ئینگلیزی قسە بکەن، (لێرەدا کە دەڵێین زۆر کەم لە خەڵکی کوریای باشور دەزانن بە ئینگلیزی قسە بکەن مەبەستمان خەڵکی ئاسایی نیە، بەڵکو مەبەستمان بەرپرسانی حکومەت و خاوەنی کۆمپانیاکان و مامۆستایانی زانکۆکانی کۆریایە، کە هەندێك جار بۆ وتنەوەی وانە سەردانی ئەو شاندە بیانیانە دەکەن کە لە کۆریا بەشداری خولی راهێنان دەکەن، دەبینین ناتوانن تەنها یەك وشەش بە زمانی ئینگلیزی قسە بکەن، بەڵام بۆ زۆربەی بەرپرسانی ئیداری حکومەتی هەرێمی کوردستان لەماوەی کەمتر لە پێنج ساڵدا، دەبینین زمانی ئینگلیزی بۆتە زمانی دووەم و بیانیەك



**ژاپۆن لەگەڵ ئەوەی بانگێشە بۆ ئەوە دەکرێت سیستەمێکی فرەلایەنی بوونی هەیە، بەڵام لەدوای شەری جیهانی دووەمەوە تائێستا دەسەڵات بەدەستی حزبی لیبرال دیموکراتی ژاپۆنەوەیە**

**لە سەنگافورە پارتی کاری میللی لە ساڵی ١٩٥٩ تا ئێستا حکومرانی سەنگافورا دەکات، لە ماوەی ساڵانی ١٩٦٨- ١٩٨١ هەموو کورسیەکانی پەرلەمان بۆ پارتی کاری میللی سەنگافورا بووە، واتە پەرلەمان مەکتەبێکی سیاسیی گەورەتری پارتی کاری میللی سەنگافورا بووە**

که دەچێتە بازارەکانی کوردستان دەتوانێت پێداویستییەکانی خۆی بەبێ وەرگێڕی تایبەتی جێبەجێ بکات، ئەم پێشکەوتنەی کوردستان بەرەنجامی سیاسەتێکی راست و دروستی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، کە راشکاوانە دەتوانین بڵێین بە بەراورد لەگەڵ ١٠ ساڵی یەکەمی دەسپێکی پەرەپێدان لە دەوڵەتانی پڵنگەکانی ئاسیا، کوردستان زۆر زیاتر پێشکەووترە.

ث- لایەنێکی دیکەی گرنگ،کە بواری ئەوە هەیە لە کوردستان خەڵك بە ئازادی رای خۆی دەرببرێت و ئازاد بێت لەوەی بەبێ ترس و لێپرسینەوە رەخنە لە حکومەتی خۆی بگرێت،بەرهەمی بروابوونی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بە بونیادی سیستەمێکی دیموکراتی بە هاوشێوەی سیستەمە لیبرال دیموکراتەکانی رۆژئاوا، هەرێمی کوردستان لە دەرەوەی بازنەی دەوڵەتانی لیبرال دیموکراتی رۆژئاوا، تەنها هەرێم و دەوڵەتە لەسەرانسەری جیهان بەو ئاستە ئازادی رادەبرین و ماف و ئازادی تاك پارێزراو بێت، سەقامگیر بێت، لە هەموو جیهاندا بێجگە لە دەوڵەتانی یبرال دیموکراتی رۆژئاوا، تائێستا هیچ دەوڵەتێك یان هەرێمێك لەسەرانسەری جیهان بوونی نەبووە، کە بتوانێت وەك هەرێمی کوردستان بوار بۆ ئازادی رادەربرین، میدیای ئازاد، چالاکی پارتە سیاسییەکان بکاتەوە و بە بیانووی پاراستنی سەقامگیری سانسۆر بۆ ئازادی دانەنێت، ژەنراڵ جەی گارنەر کە لە ساڵی ٢٠٠٣ یەکەم کەس بوو ئەرکی دەسەڵاتی ئەمریکای لە عێراق پێسپێردرا، لە وەڵامی پرسیارێکی گۆڤاری فۆرین ئەفێرز و سەبارەت بە ئاستی سەقامگیری لە هەرێمی کوردستان دەڵێت: (ئەو سەقامگیرییەی لە هەرێمی کوردستان هەستی پێدەکرێت، لەزۆربەی شوێنەکانی ئەمریکا باشترە) ( Kurdistan Region it>s more stable than most of the places you live in the United States). ئەگەر ئەم حاڵەتە لەگەڵ هەرشوێنێکی دیکەی ئەم جیهانە لەدەرەوەی دەوڵەتانی دیموکراتیەتی رۆژئاوا بەراود بکەین، بە ژاپۆنیشەوە، دەبینین هێشتا ئەو سیستەمانە نەگەیشتوونە ئەو ئاستە هەرێمی کوردستان لەم بوارە گرنگە پێیگەیشتووە،لێرەدا دەکرێت بە نموونە ئاماژەی پێبکەین:

* کۆریای باشور لە ساڵی ١٩٦٠ – ١٩٨٠ چانگ پارك حکومرانی کردووە، ئەم حکومرانە لە ساڵی ١٩٦٠ کودەتای بەسەر سینغمان رەی کرد و لەسەرەتای هەشتاکان تیرۆر کرا.

* تایوان هەتا ساڵی ١٩٨٧ بێجگە لە حزبی کۆمینتانگ حزبێکی دیکە بوونی نەبووە.

* ژاپۆن لەگەڵ ئەوەی بانگێشە بۆ ئەوە دەکرێت سیستەمێکی فرەلایەنی بوونی هەیە، بەڵام لەدوای شەری جیهانی دووەمەوە تائێستا دەسەڵات بەدەستی حزبی لیبرال دیموکراتی ژاپۆنەوەیە.


* لە سەنگافورە پارتی کاری میللی لە ساڵی ١٩٥٩ تا ئێستا حکومرانی سەنگافورا دەکات، لە ماوەی ساڵانی ١٩٦٨- ١٩٨١ هەموو کورسییەکانی پەرلەمان بۆ پارتی کاری میللی سەنگافورا بووە، واتە پەرلەمان مەکتەبێکی سیاسیی گەورەتری پارتی کاری میللی سەنگافورا بووە.

* لە ئەمریکای لاتینی هەست دەکرێت هەندێك پەرەپێدان لە چیلی بوونی هەیە، ئەم پەرەپێدانە بەرهەمی دیکتاتۆر بینۆشی یە، لە دەوڵەتانی دیکە وەك پیرۆ، فەنزیولا، کۆستاریکا، ئەرجنتین، مەکسیك تا ئەم ساڵانەی دوایی و هەروەها بەرزایلیش، هیچ کام لەم وڵاتانە نەیانتوانیوە، هەنگاوێك پەرەپێدان و دیموکراسی پێکەوە گرێبدەنەوە.

* وێرای هەموو ئەم بەراودکاریە پێگەی جوگرافی هەرێمی کوردستان، بێجگە لەوەی لە رووی جوگرافیەوە وڵاتێکی داخراوە،

**ئەوەی تێڕوانینی حکومەت و سوپای تورکیای گۆڕی سیاسەتی حەکیمانەی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و شەخسی نێچیرڤان بارزانی بوو**


**سیاسەتی حکومەتەکەی نێچیرڤان بارزانی، کە توانی بە هێزێکی بچووکی ئەوتۆ کە لە هیچ روویەکەوە لەگەڵ هێز و توانای دەوڵەتێکی وەک تورکیا بەراورد ناکرێت، شەڕ بگۆڕێت بۆ ئاشتی، دوژمنایەتی بگۆڕیت بۆ دۆستایەتی و بەرژەوەندی هاوبەش**



بەکۆمەڵێک وڵاتی نەیار و دوژمن دەورە دراوە، هەر بۆنموونە، هەرێمی کوردستان بەپێی دەستووری عێراق، هەرێمێکی فیدرالیە لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا، بەڵام هەتا ساڵی ٢٠٨ یش، دەوڵەتی تورکیا ئامادەنەبوو رێز لەم هەقە دەستووریەی هەرێمی کوردستان بگرێت، کە دەستووری عێراق دانی پێداناوە، ئەوەی تێڕوانینی حکومەت و سوپای تورکیای گۆڕی سیاسیەتی حەکیمانەی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و شەخسی نێچیرڤان بارزانی بوو، کە راستەوخۆ سەرۆکایەتی ژووری عەمەلیاتی بۆ خاوکردنەوەی ئەو تەنگژەیە لە ئەستۆ گرت، ئەم مامەڵەیەی نێچیرڤان بارزانی بە ئاستێکی ئەوتۆ کاردانەوەی ئیجابی بەدوای خۆیدا هێنا، کە نەک هەر خزمەتێک بوو بۆ ئاسایکردنەوەی پەیوەندیەکانی نێوان هەولێر و ئەنکەرا، بەڵکو بووە سەرەتایەک بۆ ئەوەی حکومەتی ئەردۆگان و ژەنراڵ ستافەکانی سوپای تورکیا بگەنە ئەو قەناعەتەی کە کێشەی کورد لە تورکیاش بە رێگەی سەربازی چارەسەر ناکرێت و دەبێت پەنا بۆ رێگە چارەی سیاسیی و ئاشتی ببرێت، ئەو پێشکەوتنەی لەبواری چارەسەری کێشەی کورد ئەمڕۆلە تورکیا دەیبینین، هۆکاری سەرەکی لۆژیکی سیاسەت و بەرنامەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، کە دوژمنایەتی و داگیرکاری هەرێمی کوردستانی گۆڕی بۆ بەرژەوەندی هاوبەش لە سەر ئاستی سیاسی و ئابوری و بازرگانی، ئەم لایەنە گرنگەی سیاسەتی حکومەتەکەی نێچیرڤان بارزانی، کە توانی بە هێزێکی بچووکی ئەوتۆ کە لە هیچ روویەکەوە لە گەڵ هێز و توانای دەوڵەتێکی وەک تورکیا بەراورد ناکرێت، شەڕ بگۆڕێت بۆ ئاشتی، دوژمنایەتی بگۆڕێت بۆ دۆستایەتی و بەرژەوەندی هاوبەش، زمانی رۆژنامەنووسانی هەردوولا لە خیتابی ناسیۆنالیستی توندرۆوە بگۆڕێت بۆ خیتابی سەردەم و پەیوەندی نێوان نەتەوەکان و گریدانی کۆبوونەوەی هاوبەش و قسەکردن بە زمانی هاوبەش، دەبێت وەک ریتمێکی نوێ لە چۆنیەتی پیادەکردنی دیبلۆماتیەتی سەرکەوتوو لە کۆلێژەکانی سیاسەتی کوردستان و تورکیا بخوێنرێت، لەبەرئەوەی لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی تورکیای نوێوە لەسەردەستی ئەتاتورک هەتا ئێستا، هیچ سەرۆک حکومەتێکی رۆژهەڵاتی نەیتوانیوە وەک نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ تورکیا مامەڵە بکات، هەمووبمان بینیمان سەرۆکی خوالێخۆشبووی سوریا حافز ئەسەد چۆن لەسەر هەمان مەسەلە مامەڵەی لەگەڵ تورکیا کرد، حافز ئەسەد هەتا کۆچی دوایشی کرد بە یەکێك لە ژمارە قورسەکانی نێو هاوکێشە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست لە قەڵەمدەدرا، ئەو سەرۆکە عەرەبیە بوو، کە لە زۆر سەرۆکی دەوڵەتانی عەرەبی دیکە هەڵوێستی نەگۆڕی بەرامبەر بە ئیسرائیل هەبوو، بەڵام تەنها چەند رۆژێك بەرگەی هەڕەشەکانی تورکیای نەگرت و هەر هێندە حکومەتی تورکیا هەڕەشەی ئەوەی لێکرد دیمەشق لە سەر نەخشە دەسڕێتەوە، بۆ رۆژی دوایی سەرۆکی پەکەکەی لە وڵاتەکەی دەرکرد و پاشان دەستگیرکرا، ئەوکات هەندێك لە رۆژنامەنووسی بیانی و عەرەبی ستایشی هەڵوێستی ئەسەدیان کرد،بەوەی کارێکی باشی کرد و خۆی دووچاری هەمان چارەنووسی سەدام حوسێن نەکرد، بەڵام نێچیرڤان بارزانی لەماوەی سەرۆکایەتیکردنی ژووری عەمەلیات بۆ خاوکردنەوەی ئەم تەنگژەیە، وێڕای ئەوەی کە سوپای تورکیا سنورەکانی هەرێمی کوردستانیشی بەزاندبوو، بەڵام هێمنانە ئەو بارە قورسەی راستکردەوە و شێوازێکی نوێی مامەڵەی لەگەڵ تورکیا دروستکرد، هەروەها ناوچەکەی فێرکرد، هەندێك کێشە هەیە بە شێوازی سەربازی

**لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی تورکیای نوێوە لەسەردەستی ئەتاتورک هەتا ئێستا، هیچ سەرۆک حکومەتێکی رۆژهەڵاتی نەیتوانیوە وەک نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ تورکیا مامەڵە بکات**

**دانانی نێچیرڤان بارزانی بەسەرۆکی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، خۆی لە خۆیدا ئەزموونی یەکەم بوو، بۆ چۆنیەتی پیادەکردنی دەستاودەستکردنی دەسەلات لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا**



چارەسەر ناکرێن.

## نێچیرڤان بارزانی یەکەمین سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بە شێوازی ئاشتیانە دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە کوردستان پیادەدەکات

ئەمە یەکەمین جارە لە کوردستان، دەستاودەستکردنی دەسەڵات بە شێوازێکی ئاشتیانە بەڕێوە دەچێت، کە دەشڵێین یەکەمین جارە مەبەستمان ئەوەیە ئەمە یەکەمین جارە لە نێوان دوو حزبی سەرەکی لە کوردستاندا دەسەڵات بە شێوەیەکی ئاشتیانە دەستاو دەست بکرێت، ڕاستە پێشتر دەستاو دەستی دەسەڵات کراوە، بەڵام دەستاودەستکردنەکە لە ناو ئەندامانی یەك حزب بووە، هەر بۆ نموونە:

١- گۆڕینی د.فوئاد مەعصوم بە کۆسرەت رەسوڵ عەلی.

٢- گۆڕینی د.ڕۆژ نوری شاوەیس بە نێچیرڤان بارزانی.

٣- گۆڕینی کۆسرەت رەسوڵ بە د.بەرهەم ئەحمەد صالح.

٤- گۆڕینی د.بەرهەم ئەحمەد صالح بە عومەر فەتاح.

بۆیە دانانی نێچیرڤان بارزانی بەسەرۆکی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، خۆیی لە خۆیدا ئەزموونی یەکەم بوو، بۆ چۆنیەتی پیادەکردنی دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا،ئەم ئەزموونە کە بەرێز نێچیرڤان بارزانی پیادەی دەکات، قۆناخێك بەسەرکەتوویی تێدەپەڕێنیت و قۆناخێکی نوێ دەستپێدەکات، ئەم قۆناخە نوێیە گەوهەری مانای دیموکراتی لە کوردستان پێناسە دەکاتەوە، کە ئەویش ئەوەیە (دیموکراتی بریتی نیە لەوەی بەزۆرینەی دەنگدان حکومەت پێکبهێنرێت، بەڵکو دیموکراتی ڕاستەقینە ئەوەیە کە بە شێوازی ئاشتیانە و دوور لە توندوتیژی دەسەڵات دەستاودەستی پێبکرێت)، بۆ بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان کە لەوانەیە ئەمە بۆچوونی زۆربەی چاودێرانی بیانیش بێت، وەك لەماوەی دوای هەڵبژاردنەوە گوێبستی بووین، ئەگەر شەخسی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەبوایە، هەرگیز ئەم دەستاو دەستکردنی دەسەڵاتە بەم گیانە نیشتمانی و یەکریزییەی گەلی کوردستان بەڕێوە نەدەچوو، لێرەدا ئەگەر لەسەر بنەمایەکی مەعریفی واقیعی ئێستای کوردستان هەڵبسەنگێنین، دەبینین ئەو مامەڵەی نێچیرڤان بارزانی وەك سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەم واقیعەی دەکات، پێچەوانەی هەموو ئەو هەڵسەنگاندنە باوانەیە کە تەفسیری ڕۆژهەڵاتیانە بۆ هەڵسەنگاندنی ڕووداوەکانی پێدەناسرێتەوە، هەڵسوکەوتی نێچرڤان بارزانی گەشەپێدان و پشتگیری دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان هاوتای تێروانینی وینستۆن چەرچلە بۆ دیموکراتیەت و شکۆی بەریتانیا، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە دەڵێین، چۆن چەرچل هیچ باردۆخێکی لەبەرچاو نەگرت و لەناو چەرگەی گەورەترین شەڕی جیهانیدا بەرگری لە دیموکراتیەتی بەریتانیا دەکرد و کە شەڕەکەشی بردەوە هیچ بیانوویەکی نەهێنایەوە و دەسەڵاتی پێشکەشی دوای خۆی کرد،بەهەمان شێوە وێڕای ئەو بارودۆخە تایبەتیەی لە تەرازووی هێز لە کوردستان ڕوویداوەو وێڕای هەموو ئەو سەرکەوتنانەی لەکابینەی پێنجەم بەدەستهاتوون و بەردەوامی ئەو سەرکەوتنانەش پێویستیان بە مانەوەی نێچیرڤان بارزانی هەیە، بەڵام لای نێچرڤان بارزانی هەموو ئەمانە لەبەرامبەر گەشەپێدانی دیموکراسی و چەسپاندنی کولتووری دیموکراتیانەی دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات، نرخێکی ئەونۆیان بۆ نامێنێ، بۆیە دەکرێت لێرەوە شێوازی بیرکردنەوەی نێچیرڤان بارزانی بۆ ئاییندەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان لەچەند خاڵێکدا چڕ بکەینەوە:

* لای نێچیرڤان بارزانی ئاییندەی دیموکراسی بریتیە لە سەروەری یاسا، کاری دامەزراوەیی، پاراستنی ئازادی و مافی تاك و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ.

* نێچیرڤان بارزانی بەو شێوەیە سەیری ئاییندەی سیاسیی کوردستان دەکات، ئەگەر سیستەمی سیاسیی لە کوردستان سیستەمێکی هاوچەرخ و سەردەمیانە بێت و جیهان ڕێزی لێبگرێت، ئەوا هەمووومان هەین و هەمووشمان ڕێزمان لێگیراوە، بۆیە مەسەلەی گەوهەری لای نێچیرڤان بارزانی ئایندەی سیاسیی گەلی کوردستانە و نەك ئاییندی سیاسیی حزبێکی سیاسیی.

* نێچیرڤان بارزانی بەم سەرکەوتنەی فێری ئەوەی کردین، مەرج نیە ئەوەی



**ئەگەر شەخسی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەبوایە، هەرگیز ئەم دەستاو دەستکردنی دەسەڵاتە بەم گیانە نیشتمانی و یەکریزییەی گەلی کوردستان بەڕێوە نەدەچوو**

**هەڵسوکەوتی نێچرڤان بارزانی گەشەپێدان و پشتگیری دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان هاوتای تێروانینی وینستۆن چەرچلە بۆ دیموکراتیەت و شکۆی بەریتانیا**

سەرۆك وەزیرانێكی پارتی بونیادی دەنێت، سەرۆك وەزیرانێكی یەكێتی هەڵیبوەشێنێتەوە، بە پێچەوانەوە دەكرێت هەردوولا تەواوكاری یەكتری بن، ئەم شیوازە تازەیە، نەك هەر تێكەڵاوكردنی سەرمایەیە لەگەڵ كاری بیرۆكراسی لە چوارچیوەی كاری دامەزراوەیدا، بەڵكو تێكەلاۆكردنی بەرنامەی حزبە سیاسیەكانیشە لەگەڵ كاری دامەزراوەیی و بە دامەزراوەییكردنی خودی حزبەكانیشە،ئەمەش واتە بەرنامەی سیاسیی حزبەكان، لە بیركردنەوە لەشەری دەسەڵاتەوە دەگۆڕێت، بۆ بەرهەمهێنانی كادری دیموكراتی بۆ ئەوەی بتوانێت لەگەڵ دامەزراوەكانی دیموكراسی كاربكات و لە چوارچێوەی سەروەری یاسا كارەكانی خۆی رابپەرێنێت.

* نێچیرڤان بارزانی بناخەی ئەوەی لە كوردستان دارِشت، كە حزبە سیاسیەكان لە میانەی ملانێ و سندوقی دەنگدانەوە دەسەڵات وەردەگرن و حزبەكان لەسەر بنەمای دیالۆگ وكۆروكۆبوونەوە بەرێوە دەچن، بەڵام حكومەت وەك دەسەڵاتی راپەراندن بە یاسا و كاری دامەزراوەیی كاروبارەكانی خۆی بەرِێوە دەبات، راستە كادری حزبە دەبێتە وەزیر یان بەرێوەبەری گشتی، بەڵام وەزیرەكە یان بەرێوەبەرە گشتیەكە بە یاسا كاروبارەكانی هەڵدەسورِێنی و بەیاسا مامەڵە لەگەڵ هەموو كارمەندانی وەزارەتەكەی دەكات نەك بەبەرنامەی حزب، ئەم شێوازە تازەیە لەگەڵ ئەوەی هەموومان دەستخۆشی لێدەكەین بەڵام سەرخستن و پیادەكردنی كارێكی ئاسان نییە، ئەگەر كەسێكی بەهێز و خاوەن لۆژیكی وەك نێچیرڤان بارزانی لە دەستپێكدا سنوری بۆ دەسەڵاتی حزب لە ناو حكومەت دانەنابا، ئەوا گۆڕینی دەسەڵاتی حزب بۆ یاسا و پیادەكرنی سەروەری یاسا كارێكی ئەگەر مەحالیش نەبوویت، كارێكی ئاسان نەبووە.

* نێچیرڤان بارزانی لەوماوەیەی سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان بووە، دەسەڵاتی بریاردانی لە ناو مەكتەبی سیاسیەوە گواستەوە ناو بینایەی ئەنجوومەنی وەزیران، راستە حزبەكان بەشدار بوون لە بریاردان لەسەر چۆنیەتی پێكهێنانی كابینە، بەڵام دوای دروستبوونی كابینەی وەزاری حزبەكان لە دەرەوەی ئەو بریارانە بوون كە لە ناو ئەنجوومەنی وەزیران و دوای وتوێژی ئەنجوومەنی وەزیران بریاری لەسەر دراوە، پێش نێچیرڤان بارزانی،هیچ سەرۆك وەزیرانێك نەیتوانیوە، ئەم كارە بكات، بۆیە بەرێز مام جەلال كە ئەم ئاستە بەرزەی نێچیرڤان بارزانی بینی، جارێكی دیكە لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٨ بەرێز نێچیرڤان بارزانی كاندیدكردەوە، بۆ ئەوەی بەردەوامی ئەم شێوازی كاركردنە لە ئەنجوومەنی وەزیرانی حكومەتی كوردستان ببێتە كولتوری حكومرانی لە كوردستان، ئێستاش وەك دەبینین سەركەوتنی ئەم شێوازەی نێیچیرڤان بارزانی، وەك شێوازێكی نوێ بۆ پێكهێنانی كابینەی شەشەم سوودی لێوەردەگیرێت، هەردوو سەرۆك بەرێز مام جەلال وبەرێز مسعود بارزانی، دەسەڵاتی تەواویان داوە بەو كەسانەی لە چەند رۆژی دادێ بۆ پێكهێنانی كابینەی وەزاری تەكلیف دەكرێن،پێشتر لە كابینەكانی پێشوودا جیا لەوەی مشتومرێكی زۆری دەویست لەسەر ئەوەی سەرۆك وەزیران چۆن تەكلیف دەكرێت، لەسەر دابەشكردنی وەزارەتەكانیش مشتومری زیاتر دەكرا، بەڵام ئەوەی ئێستا جێگەی خۆشحاڵیە، كادرانی پێشكەتووی هەردوولا بەجۆرێك باس لە پێكهێنانی حكومەت دەكەن وەك ئەوەی یەك تیم بن و بۆیەك ئامانج هەولبدەن، كەباسی ئەوەش دەكرێت ئایا كام وەزارەت بەر پارتی یان یەكێتی دەكەوێت، هەردوولا بە بزەیەكەوە بە خەڵك دەڵێن ئێستا ئەو زەمەنە بەسەر چوو پارتی و یەكێتی لەسەر وەزارەتێك مشتومرِ بكەن، ئەوەی گرنگە سەركەوتنی حكومەت و تەواوكردنی كارەكانی نێچیرڤان بارزانیە،ئەمەی ئێستا هەستی پێدەكەین گەورەترین دەسكەوتی كابینەی پێنجەم و شەخسی نێچیرڤان بارزانیە، لەبەر ئەوەی دروستبوونەوەی متمانە بە ئاستێك لەسەرەوە بۆ خوارەوە لە ناو پارتی و یەكێتی رەنگیداوەتەوە، كە كاری هەمووماني لە ململانێ حزبیەوە گۆریوە بۆ پاراستنی یەكریزی گەلی كوردستان و پاراستنی بەرژەوەندی گەلی كوردستان، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە پرۆسەی بونیادنانەوەی كوردستان كە بە زمانی سیاسەت پێیدەگوترێت پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە،چۆتە سەر راستەرێی خۆی، ئێستا تەنها پیویستی بەوەیە هەموو لە روانگەی بەرژەوەندیە باڵاكانی گەلی كوردستانەوە سەیری ئەم پرۆسەیە بكەین و ئامانجی هەمووماں سەرختنی تەواوی

**وێڕای ئەو بارودۆخە تایبەتیەی لە تەرازووی هێز لە كوردستان روویداوەو وێڕای هەموو ئەو سەركەوتنانەی لەكابینەی پێنجەم بەدەستهاتوون و بەردەوامی ئەو سەركەوتنانەش پێویستیان بە مانەوەی نێچیرڤان بارزانی هەیە، بەڵام لای نێچرڤان بارزانی هەموو ئەمانە لەبەرامبەر گەشەپێدانی دیموكراسی و چەسپاندنی كولتووری دیموكراتیانەی دەستاودەستكردنی ئاشتیانەی دەسەڵات، نرخێكی ئەونۆیان بۆ نامێنێ**

**نێچیرڤان بارزانی لەوماوەیەی سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان بووە، دەسەڵاتی بریاردانی لە ناو مەكتەبی سیاسیەوە گواستەوە ناو بینایەی ئەنجوومەنی وەزیران**






> ئێمە لەسەرەتای بینینی بەرهەمی ئەو تۆوەداین کە کاک نیچیرڤان و ستافە باڵاکەی چاندیان بۆ چاکسازی ئیداری و بونیادنانەوە

> نیچیرڤان بارزانی توانای ئەوەی هەیە لەدەرەوەی عێراقدا بەدوای بیرۆکەی نوێدا بگەڕێت، لەبەرئەوەی لەئاست بیرۆکەی نوێدا کراوەیە، بۆیە توانیویەتی کوردستان بخاتەسەر ڕێڕەوێک بەرەو ئابووری بازاڕ

**پرۆفیسۆر کارۆل ئۆلێری بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی سەنتەری ئاشتی بۆ جیهان بۆ گوڵان:**

# من هاوڵاتیەکی ئەمریکیم و دۆستی ئێوەم شانازی بەو سەرکەوتنانە دەکەم کە نێچیرڤان بارزانی لەحکومڕانی بەدەستیهێناوە

**خاتوونی پرۆفیسۆر کارۆل ئۆلێری بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی سەنتەری ئاشتی بۆ جیهانە لەزانکۆی ئەمریکا و یەکێکە لەو ئەکادیمیە ئەمریکیانەی کە دیراسات لەسەر کورد و باردۆخی هەرێمی کوردستان بەجیهان دەگەیەنێت، خاتوو ئۆلێری تائێستا پرۆگرامی بۆ دوو کۆنفراسی نێودەوڵەتی لەزانکۆی ئەمریکا دارِشتووە، کە یەکەمیان بەناوی (کورد و گەڕان بەدوای ناسنامە) ودووەمیان (کورد کلیلی سەقامگیری عێراق) هەروەها بەردەوامیش سەردانی هەرێمی کوردستان دەکات و لەنزیکەوە بەکاروبارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاشنایە، سەبارەت بەهەڵسەنگاندێك بۆ کارەکانی کابینەی پێنجەم و رۆڵی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی لەسەرخستنی بەرنامەی کابینەی پێنجەم، پرۆفیسۆر کارۆل ئۆلێری بەمجۆرە بۆ پرسیارەکانی گوڵان هاتە ئاخافتن و ئەمەش دەقی دیمانەکەیە.**

*** چۆن بەرەوپێشچونەکانی هەرێمی کوردستان دەبینیت لەڕووی ئەو کارانەی کە کابینەکەی بەڕێز نیچیرڤان بارزانی ئەنجامی داون؟**

- من لە نزیکەوە بەدواداچوونم بۆ حکومەتەکەی سەرۆك وەزیران نیچیرڤان بارزانی کردوو، هەر لەساڵی ٢٠٠٦ەوە تاوەکو ئەم هاوینە، لەڕاستیدا من بەرەوپێشچونم بەدیکردووە، بەرەوپێشچوونەکانیش ئیجابی بوونە، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بڕیارانەی سەرۆك وەزیران دەریکردووە لەبارەی ئەنجامدانی چاکسازی و مەشق و ڕاهێنانی پەیوەست بەتوانا و کەفائەتی بەڕێوەبردنەوە بۆ وەزیر و ستافە باڵاکەی حکومەتەکەی، بۆ نموونە لەڕێی بەکارهێنان و سوودوەگرتن لەزانکۆ ئەمریکیەکانەوە. من لەگەڵ وەزیرەکانی سەر بەپارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان کارم کردووە و بەرەوپێشچوونی بەرهرەکانیانم بینیوە، هەم بەهرەی تەکنیکی و هەم بەهرە و توانای ئیداریان لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا. کەواتە من ڕەوت و کێرڤێکی هەڵکشاو دەبینم.

*** هەرێمی کوردستان لەسایەی حکومەتی نیچیرڤان بارزانیدا بەرەوپێشچونی بەخۆوەبینی، قۆناخی ئیتنتیقالی بەسەرکەووتویی ئیدارە کرد، بە چەشنێك کوردستان بۆوە تەنها بەشێك لەعێراق کە لەئاشتی و ئاسیشدا بێت، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن سیاسەتی حکومەتی هەرێم دەبینیت لەماوەی حکومرانی نێچیرڤان بارزانیدا؟**

- من هاوڵاتیەکی ئەمەریکیم و لەکوردستاندا ناژیم، بەڵام ماوەیەکی زۆر لەهەرێمەکەدا ماومەتەوە، بەو پێیە دەتوانم بڵێم بارزانی لەڕێی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەهاوکاری سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان کارێکی زۆرباشی ئەنجامداوە لەڕووی پاراستنی ئاسایشی هەرێمەکەوە، ئەوان ئەوەی لەتوانیاندا بوو کردیان بۆ ئەم مەبەستە، دەبێت ئەو کەسانەی دەنگیشیان بۆ نەداون دان بەم ڕاستیەدا بنێن. لە ڕووی بەڕیوبردنی حکومەتەوە، من پێموایە بارزانی و ستافە باڵاکەی هەڵساون بەئەنجامدانی چاکسازی و بونیادنان کە هێشتا تەواو نەبووە، ئێمە لەسەرەتای بینینی بەرهەمی ئەو تۆوەداین کە کاك نیچیرڤان و ستافە باڵاکەی چاندیان بۆ چاکسازی ئیداری و بونیادنانەوە .

*** ئێمە دەبنینین کە بۆ ماوەی چەند ساڵێك هاوکاری و هاوپەیمانێتیەکە بێ کێشە و گرفت بەردەوام لەنێوان پارتی و یەکێتی هەبووە، هەردوولا ئامانجی هاوبەشیان دیاریکردووە لەپتەوکردنی کولتووری دیموکراسیدا، پرسیارەکە ئەوە ئەم یەکخستنەوەی خیتابە چۆن دەبینیت؟**

- من ئومێدەوارم و نزاخوازم و باوەڕم وایە کە خەڵکی کوردستان و سەرکردەکانی کورد ڕۆژگارە تاریکەکانی ساڵانی نەوەتەکانیان جێهێشتبێت، من هیودارام خەڵکی کوردستان و سەرکردەکان گەڕانەوە و پەنابردنەبەر ئەو ڕەفتارانە ڕەتبکەنەوە کە لەساڵانی نەوەتەکاندا هەردوو پارتی سەرەکی لە دژی یەك ئەنجامیاندا. من هەمیشە بەهاوڕێکانم دەڵێم لەواشنتۆن کە ئەوە ڕێگەی بەرەوپێشچونی دیموکراسیە، دەبێت پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەڵبستن بەنوێکردنەوە و تازەگەری و بوژاندنەوەی پارتەکانیان، لەڕێی خولقاندنی چالاکی نوێ بۆ گەنجان و دووبارە بنیاتنانەوەی پارتەکانیان و ئەمەش دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ دیموکراسی و ئەوەی خستەڕوو کە هەڵبژاردنەکانی ئێوە ڕاستەقینە بوون و شەرعی بوون.

*** ئەوەی پەیوەندی هەبێت بەحکومڕانێتی هاوچەرخەوە، ئێمە بایەخدانمان بەدی کرد لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەئابووری بازاڕی ئازاد، بەوەبەرهێنان و گەشەپێدان، ڕاوبۆچونی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

- ئەگەر ئەم پرسیارە لەسەرۆك وەزیرانی خۆتان بکە هەمان ئەم وەڵامەی منتان دەداتەوە، ئەمە قۆناخێکی ئینتیقالی تا دوا ڕاددە قورس بوو، عێراق لەماوەی ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا، لەسایەی دەسەڵاتی سەددام و پێشتریشدا کە شێوازی ئیشتراکیی بۆ بەڕێوەبردنی ئابووری پیادە دەکرد و تا دوا ئەندازە مەرکەزی بوو، ئەمە ئەرکێك نییە بەساڵێك یان دوو یان سێ ساڵ ئەنجام بدرێت، لەگەڵ ئەوەشدا، لەسایەی سەرکردایەتی سەرۆك وەزیرانەوە، بەهۆی حیکمەتی ئەوەوە، لەهەمووشی گرنگتر ئەوەیە سەرۆك وەزیران نیچیرڤان بارزانی توانای ئەوەی هەیە لەدەرەوەی عێراقدا بەدوای بیرۆکەی نوێدا بگەڕێت، لەبەرئەوەی لەئاست بیرۆکەی نوێدا کراوەیە، بۆیە توانیویەتی کوردستان بخاتەسەر ڕێڕەوێك بەرەو ئابووری بازاڕ، ڕاستە ئێوە هێشتا ئەم ئامانجەتان نەهێناوەتەدی، بەڵام ئێوە ڕێگای ڕاستتان گرتووە، ئەمەش بۆ سەرۆك وەزیران و سیاسەتەکانی دەگەڕێتەوە.

*** کۆسپ و تەگەری زۆر لە نێوان حکومەتی هەرێم و تورکیادا بوونیان هەبوو، بەڵام لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردودا بەرەوپێشچوون ڕوویداوە، تێڕوانینی ئێوە چیەم لەم ڕووەوە؟**

- من پێموایە گۆڕانی سەرسوڕهێنەر ڕوویداوە لەپەیوەندی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستانی عێراق و من شانازی بەوە هەنگاوانەوە دەکەم کە تورکیا دەیانگرێتەبەر و من ئومێدەوارم و متمانەم هەیە کە هەرێمی کوردستان پشتگیری لە تورکیا دەکات بۆ دەرکردنی ئەو بڕیارەی قورسانەی پەیوەستن بە دانیشتوانە کوردەکەیەوە.

*** ڕات چییە بەرامبەر سیاسەتەکانی نیچیرڤان بارزانی بۆ گرتنەبەری سیاسەتی گفتوگۆ و چارەسەری ئاشتیانە لەگەڵ تورکیادا؟**

- پێموایە نێچیرڤان بارزانی سیاسەتێکی

**نێچیرڤان بارزانی سیاسەتێکی تا دوا ئەندازە حەکیمانەی هەبووە لەئاست دەوڵەتە دراوسێکان و بەغداشدا**

**من لەوە تێدەگەم کە ئێوە لەژێر گوشارێکی زۆری بەغدا و ئەمەریکادان، بەڵام دەبێت ئێوە لەسەر ئەم ڕەوت و ڕێڕەوە بەردەوام بن و ڕێگەنەدەن بەغدا سنوورە دەستوریەکانی دەسەڵاتی خۆی ببەزێنێت**

تا دوا ئەندازە حەکیمانەی هەبووە لەئاست دەوڵەتە دراوسێکان و بەغداشدا.

*** لەدوای ڕوخانی ڕژێمی پێشـــوو، حکومەتی هەرێمی کوردستان هۆکاری پاراستنی یەکگرتوویی عێراق و ئاشتی ناوخۆیـــی و ئاسایشـــی ناوچـــەی و نێودەوڵەتـــی بووە، بۆچوونی ئێوە چییە لەسـەر حکومەتێـــك لەڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـتدا کە ئـــەم خەســـڵەتانەی هەبێت؟**

- من هیـــوادارم گەلـــی ئەمەریکا و بڕیاربەدەســـتانی ئەمەریکا لەو ڕاستیە تێبگەن و تەقدیری بکەن کە کوردستانی عێراق ڕۆڵێکی بـــاش و بنیاتنەرانەی بینیوە لە سایەی سەرکردایەتی سەرۆك وەزیراندا بە گرتنەبەری سیاســـەتێکی ئیجابی لەڕووی درێژکردنی دەســـتی هـــاوکاری بۆ حکومەتـــی بەغدا، کە خۆی لەناردنی باشترین کەسایەتیەکانی کورددا بەرجەســـتەبووە، وەك هۆشـــیار زێباری، ســـەرۆك مام جەلال کە نەك تەنهـــا نوێنەرایەتـــی کـــورد، بەڵکو نوێنەرایەتی تێکڕایی عێراقیەکان دەکەن لە جیهاندا.

*** لەکابینەی پێنجەمـــی حکومەتدا، کوردستان توانیتی سەرنجی خاوەن کار و وەبەرهێنەرەکان ڕابکێشـــێت، ئەمەش بووەهـــۆی هێنانەدی گەشـــەکردنی ئابووری، چۆن ستراتیژیەتی حکومەتی هەرێم لێکدەدەیتەوە لەم ڕووەوە؟**

- ستراتیژەتێکی ژیرانەبووە، هەروەها من لەوە تێدەگەم کە ئێوە لەژێر گوشارێکی زۆری بەغـــدا و ئەمەریـــکادان، بەڵام دەبێت ئێوە لەســـەر ئەم ڕەوت و ڕێڕەوە بـــەردەوام بـــن و ڕێگەنـــەدەن بەغدا سنوورە دەستوریەکانی دەسەڵاتی خۆی ببەزێنێت.

*** هەڵوێستی کوردەکان چۆن لێکدەیتەوە لە مامەڵەکردنیاندا لەگەڵ دەســـتوری عێراقـــی، بـــە تایبەتـــی کـــە ڕوونە حکومەتی عێـــراق نایەوێت هەندێ لە ماددەکانی جێبەجێ بکات؟**

- بەتێڕوانینی من پێویستە ئێوە کوردێکی زیاتر ڕەوانەی بەغدا بکەن نەك کەمتر، هەروەها پێویستە ئامادەبوونتان هەبێت لە هەموو وەزارەتاکاندا و لە بەرزترین ئاستدا، ئێوە پێوســـتیان بەپارێزەر و شـــارەزای دەســـتوری هەیە لەکاتی گفتوگۆکردن لەگەڵ هاوشـــانە عێراقیەکانتاندا، ئەو کاتـــە دەتوانن بـــە دەرئەنجامێك بگەن کە هەمو لایەم پێی خۆشـــحاڵبن، لەبەر ئەوەی کارێکی لەم چەشنە لەبەرژەوەندی هەمـــوو عێراقیەکانـــدا دەبێت، چونکە عێراق وڵاتێکی دەوڵەمەندە و نەوتێکی زۆری هەیە بۆ ئەوەی دابەش بکرێت.

*** ڕات چییـــە لەســـەر هەنـــگاوی بەدواداگەڕانـــی نـــەوت لـــە هەرێمی کوردستاندا؟**

- پێویستە ئێوە بەیارمەتی ئەمەریکیەکان لەگەڵ بەرپرســـانی بەغدا کۆببنەوە و ئەوە بخەنەڕوو کە ڕێگاگە لەدەستوردا ڕوونە و چەندین جاریش سەرۆك وەزیران ئـــەوەی دووپاتکرۆدتەوە کـــە داهاتی نەوتەکە بۆ هەمـــوو عێراقیەکانە، ئەوە هەنگاوێکی ڕاست و دروستە.

*** هەرێمـــی کوردســـتان بەبـــەراورد**

دەبێت هەموو کوردێک شانازی بەنێچیرڤان بارزانی بکەن، نەک تەنها (پ. د. ک) یان خەڵکی هەولێر، بەڵکو تێکڕایی کورد و بەشەکانی دیکەی کوردستان



**بەوڵاتانی ناوچەکە، باشتر مافەکانی مرۆڤ دەپارێزێت، باشتر ئازادی ڕابردەرین دابین دەکات و ئازادیە سیاسیەکانی فەراهەم کردووە، ئایا تا چ ڕاددەیەك ئەمانە دەبنەهۆی ئەوەی بڵێین حومەتی حکومڕانێتی باشی پیادە کردووە؟**

- وەڵامی ئەم پرسیارە لەخودی پرسیارەکەی خۆتاندایە، لەبەرئەوەی ئەگەر بەراوردی هەرێمی کوردستان بکەیت لەڕووی ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ و پاراستنی ئازادی ڕادەربڕینەوە بەوڵاتانی دەوروبەر و ناوچەکە ئەوا بە دڵنیاییەوە هەرێمی کوردستان کارێکی باشتر ئەنجام دەدات، لەگەڵ ئەوەشدا ئێوە هێشتا نەگەیشتونەتە ئاستی ئەمەریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا، ئێوە دەتوانن بگەنە ئەو ئاستە و دەبێت بەردەوام بن لەسەر ئەم ئاڕاستەیەی گرتوتانەتەبەر.

*** لەماوەی سەرۆکایەتیەکەیدا، نیچیرڤان بارزانی دوو خەڵاتی جیهانی پێبەخشرا، یەکەمیان خەڵاتی سەرکردەی گەنج و دووەمیان دکتۆرای فەخری لەزانکۆی واشنتۆن جیفرسۆن، ئایا بەخشینی ئەم خەڵاتانە بەسەرکردەیەکی ڕۆژهەڵاتی چی دەگەیەنێتێت؟**

- ئەوانە خەڵاتێگەلێگن زۆر گرنگ بوون، نیشانەی ئەوەیە کە لەجیهاندا ناسراوە و ئەمەش ڕەنگدانەوەی باشی دەبێت لەسەر کوردستان، من پێموایە دەبێت هەموو کوردێك شانازی بەنێچیرڤان بارزانی بکەن، نەك تەنها (پ. د. ك) یان خەڵکی هەولێر، بەڵکو تێکڕایی کورد و بەشەکانی دیکەی کوردستان.

*** ئایندەی کوردستان چۆن دەبینیت؟ ئایا گەشبینیت بەتوانای کوردەکان لەبنیاتنانی دیموکراسیەتێکی هاشێوەی ڕۆژئاوا لەم هەرێمەدا؟**

- یەکەم من باوەڕم وایە ئێوە دەتوانن سیستمێکی بەهێزی حکومڕانێتی باش و ئیدارەکردن بنیاتبنێن، بەکارکردن لەسەر بنەمای ئەوەی تا ئێستا سەرۆك وەزیران نیچیرڤان بارزانی ئەنجامی داوە. بەرهەم ساڵح یان هەرکەسێکی دیکە ببێتە سەرۆك وەزیران، لەسەر ئەو بناخەیە کاردەکات کە کاك نیچیرڤان بارزانی بنیاتی ناوە. من ئایندەیەکی گەش دەبینم بۆ کوردستان، بەڵام دەبێت ئێوە زۆر وریابن لە مامەڵەکردن لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکان، نزیك بن لە ئەمەریکا و وڵاتانی ڕۆژئاواوە و هەوڵی چارەسەرێکی ئاشتیانە بدەن بۆ جیاوازیەکانتان لەگەڵ بەغدا گرنگ نیە چەند دووچاری زەحمەتیش دەبنەوە لەم هەوڵانەتاندا.

*** دوا وتەت چیە؟**

- من هاوڕێیەکی دێرینی ئێوەم، من شانازی دەکەم بەو کارانە لەماوەی دەسەڵاتی نیچیرڤان بارزانی و سەرۆك بارزانیدا ئەنجام دراون و ئەو هانگاوە ئیجابیانەی هەڵگیران، پێموایە لە ماوەیداهاتوودا دڵسۆزانە و سەرکەوتووانە بەردەوام دەبن لەسەر ئەم ئاڕاستەیە، ئەویش بەپشتیوانی دۆستە زۆرەکانتان لەئەمەریکا و ئەورووپاو هەموو جیهاندا.

**بەرهەم ساڵح یان هەرکەسێکی دیکە ببێتە سەرۆك وەزیران، لەسەر ئەو بناخەیە کاردەکات کە کاك نیچیرڤان بارزانی بنیاتیناوە**



**ئەوەی کە ئومێدی لێدەکرێت پشگیری سەماحەتی عەمار حەکیم بکەن بۆ دروستکردنەوەی ئەو باڵانسەی ئەنجوومەنی باڵا پێشتر گێڕاویەتی، بەپلەی یەکەم هەردوو بەڕێزان عادل عەبدولمەهدی و شێخ خالید عەتیەیە، و بەپلەی دووەم شێخ جەلالەدین سەغیری گوتەبێژی لیستی هاوبەندی شیعە لەپەرلەمانی عێراق**

وێڕای ئەوەی هەموو چاودێران و ئەو پسپۆرانەشی کە لەم راپۆرتەی ئێمە بەشداریان کردوین. ئاماژە بەوە دەکەن باردۆخی عێراق پێویستی بەبایەخپێدانی زیاترە لەلایەن ئیدارەی ئۆباماوە، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع هێشتا مەترسیەکان زیاترن و مەترسی ئەوەش دەکرێت بەرەو ئاڵۆزبوونی زیاتر هەنگاو هەڵبگرن. بەتایبەتی لەم بارودۆخەدا کە هاوبەندی شیعە بەجیا لە د.مالیکی هاوپەیمانی پێکهێناوە و بەبێ حزبی دەعوای ئیسلامی بەشداری هەڵبژاردنەکانی داهاتوو دەکەن و لەهەمانکاتدا سەماحەتی عەبدولعەزیز حەکیمیش کۆچی دوایکرد، پێکەوە گرێدانەوەی هەموو ئەم بارودۆخە چەند خاڵێکمان بۆ ریز دەکات، کە کۆکردنەوەیان پێکەوە کارێکی ئاسان نابێت، بەمجۆرە ئاماژەیان پێدەکەین:

١- راستە د. مالیکی سەردانی هەرێمی کوردستانی کردو بەئامادەبوونی بەڕێز جەلال تالەبانی سەرکۆماری عێراق لەگەڵ سەرۆکی کوردستان بەڕێز مسعود بارزانی کۆبووە، بەڵام وەك هەواڵەکان ئاماژەی پێدەکەن، هێشتا هەنگاوی جیددی و بەپەلە بۆ چارەسەری کێشە هەستیار و چارەنووسسازەکانی وەك کێشەی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکانی دیکە هەڵنەگیراوە، ئەم پەلەنەکردنە لەبەرژەوەندی بارودۆخی سیاسیی عێراقدا نییە، بەتایبەتی کە بەرەو هەڵبژاردنی داهاتوو دەچین، لەوانەیە لەبچووکترین کێشەدا کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بەئاسانی نەکرێت.

٢- هەفتەی رابردوو گوڵان وەك یەکەم بڵاوکراوە، بەمانشێت ئەوەی لەسەر زاری یەکێك لەڕاوێژکارانی پێنتاگۆن بڵاوکردەوە کە هێرشە تیرۆریستییەکانی ئەم دواییەی بەغدا، پەیوەندی بەرێکخراوی قاعیدەوە نییە و هەروەها ئەم هێرشانە لەم کاتەدا لەبەرژەوەندی رێکخراوی قاعیدە نین، دوا بەدوای ئەم هەواڵە، گوێبیستی ئەوە بووین بەڕێز عەلی دەباغ وتەبێژی فەرمی حکومەتی عێراق بانگهێشی باڵیۆزی وڵاتەکەی لەسوریا کردۆتەوە، ئەمە وەك یەکەم کاردانەوەی حکومەتی عێراق، واتە ئەم تەقینانەوانە راستە کاری تیرۆریستین، بەڵام پەیوەندی بەو خەڵکانە ( کۆنە بەعسیەکان) هەیە کە ئێستا لەسوریا نیشتەجێن، ئەم هەڕەشەیە، مەترسیەکی چاوەڕوانکراو بوو، بەر لەنزیکەی مانگێك لەمەوپێش و لەبەدواداچوونێکی گوڵان لەسەر ناوەرۆکی کۆبۆنەوەکەی نێوان مالکی و بارزانی و تاڵەبانی لەدوکان، ئەوەمان بڵاوکردەوە، کەیەکێك لەتەوەرە گرنگەکانی ئەو کۆبوونەوەیە سەبارەت بەکۆبوونەوەکانی سەرانی پێشووی رژێمی بەعسەوە هەبووە لەدەوڵەتانی دراوسێ، ئەوەی لەمەش زیارتر هەستی پێکرابوو لەو کۆبوونەوەیەدا بەوردی قسەی لەسەر کرابوو، ئەمریکاش لەو خۆڕێکخستنەوەیەی سەرانی رژێمی عێراق بێ ئاگا نییە و تەنانەت لەیەکێك لەکۆبونەوەکانیان لەئەنقەرە نوێنەرێکی ئەمریکاش بەشداربووە، ئەمە وەك تەحەددیەك بۆ ئایندەی عێراق لەکۆبوونەوەکە باسی لێکرابوو، بەڵام ئامادەبوونی ئەمریکا لەیەکێك لەو کۆبوونەوانە، بەو ئامانجە نەبووە هاریکاری کۆنە بەعسییەکان بکرێت بۆ گەڕانەوە بۆ دەسەڵات، بەڵکو بۆ ئەوە بووە، چۆن کێشەی نێوان عەرەبی سوننە و حکومەتی مالیکی چارەسەربکرێت، هەروەها چۆن ئەو کێشانە چارەسەر بکرێن کە لەنێوان حکومەتی بەغداو هێزەکانی سەحوە دروستبوون. بەڵام وەك دەرکەوت لەگەڵ ئەوەی حکومەتی عێراق و ئەمریکاش لەمەترسی بارودۆخەکە ئاگاداربوون، بەڵام نەیانتوانی پێش لەڕوودانی ئەو تەقینەوانە بگرن.

٣- خاڵێکی دیکە، مەترسی گۆڕانی



# عێراق بەرەو قۆناخێکی دژوار هەنگاو هەڵدەگرێت

## ئەگەر ئەمریکا بایەخی تەواو بەعێراق نەدات سیناریۆکانی ٢٠٠٦ دووبارەدەبنەوە

نەخشـــەی هاپەیمانی سیاســـییە لەنێوان پێکهاتە سەرەکیەکانی عێراقدا، بەتایبەتیش جیابوونەوەی حزبی دەعوا بەســـەرۆکایەتی د.مالیکی لەهاوبەندی شیعە، ئەمە بەتەنها لەریزی هاوبەندی شیعە هەستی پێناکرێت، بەڵکـــو لەنـــاو عەرەبـــی ســـوننە و هێزە سیاسیە شـــیعییەکانی دەرەوەی هاوبەندی شـــیعەش و هاوپەیمانـــی کوردســـتانیش هەســـتی پێدەکرێـــت، بۆیە مەســـەلەی گۆڕینی نەخشـــەی هاوپەیمانی سیاسیی بـــۆ پێکهێنانی حکومەتـــی بنکەفراوانی نیشـــتمانی و سەرخســـتنی پرۆســـەی ئاشـــتەوایی سیاســـیی و چارەسەرکردنی کێشە چارەســـەرنەکراوەکانی نێوان سوننە و شیعەو، نێوان کورد و بەغدا قورستر دەکات و لەچوارچێوەی پێکهاتنەوەی نیشـــتمانی دەردەهێنێت و دەیخاتـــە بەردەم هاوپەیمانی تازەی بەرژەوەندی لایەنە سیاســـییەکانەوە، لەم حاڵەتەدا، کە مەزندەی ئەوەی لێدەکرێت کێشە هەڵواســـاروەکان هەر بەهەڵواسراویی بمێننەوە، ئەگەری سەرهەڵدانی توندوتیژی زیاتردەکات.

٤- مەســـەلەیەکی دیکەی مەترسیدارتر، کۆچـــی دوایی ســـەماحەتی عەبدەلعەزیز ســـەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی بوو لەعێراقدا، کۆچـــی ئەم زاتە لەم کاتە ناســـکەی عێراق، تەنها زیان نەبـــوو بۆ یەکرِیـــزی نێو ماڵی شـــیعەو ریزەکانی ئەنجوومەنی باڵای ئیســـلامی لەعێراقـــدا، بەڵکـــو زیانێکی گـــەورە بوو بۆ پرۆســـەی پێکهاتنەوەی نیشـــتمانی و پارســـەنگی راگرتنی هاوسەنگی لەنێوان پێکهاتە جیاوازەکانی عێراقدا، لەبەرئەوەی سیاســـەتی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لەعێراقدا، وەك بەرِێز ســـەماحەتی عەمار حەکیـــم لەدیمانەیەکی تایبـــەت لەبەغدا بەگـــوڵان-ی راگەیاند، لەســـەر بنەمای بەرژەوەندی سیاســـیی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی عێراق بونیادنانرێت، بەڵکو لەسەر بنەمای ئەو پرانســـیپانە بونیاد دەنرێت، کە ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی بڕوای پێیەتی سیاسیەتی لەسەر بکات، هەربۆیە ئەم هێزە میانـــڕۆ و کاریگەرە لـــەدوای رووخانی رژێمی ســـەدام حوســـێنەوە ئەمە دووەمین جارە زەبـــری گورجکبـــڕی بەردەکەوێت، یەکەمیان تیرۆرکردنی سەماحەتی محەمەد باقر حەکیم بوو لەســـاڵی ٢٠٠٣ لەنەجەف و ئێســـتاش کۆچی ناوادەی ســـەماحەتی عەبدولعەزیز حەکیم، ئەم کۆچە ناوادەیە بۆ هەموو عێراق کارەسات بوو، هەروەك چۆن تیرۆرکردنی سەماحەتی باقر حەکیم کارەسات بوو، بەڵام پێدەچێـــت کۆچی عەبدولعەزیز حەکیـــم کاریگەری زیاتر بەجێبهێڵێت، لەبەرئەوەی دوای تیرۆرکردنی محەمـــەد باقـــر حەکیم، خواڵێخۆشـــبوو عەبدولعەزیز حەکیم هێندە ئەزموونی هەبوو، بەشـــێکی زۆری ئەو کارەساتە پڕبکاتەوە، بەڵام دوای عەبدولعەزیز حەکیم، کە بەرِێز سەماحەتی عەمار حەکیمی کوڕی جێگەی دەگرێتـــەوە، بـــەو ئاســـتەی عەبدولعەزیز حەکیم خاوەنی ئەو ئەزموونە نیە کە لەپڕدا رووبەڕووی ئەو بەرپرســـیاریەتییە گەورەیە بکرێتەوە، ســـەماحەتی عەمار حەکیم وەك لەدیمانە تایبەتەکەی گوڵانیشدا ئاماژەی پێکردووە، لەدوای تیرۆکردنی محەمەد باقر حەکیمی مـــام و خەزوورییەوە زیاتر هاتۆتە ناو کاری سیاسیی و دامەزراوەی شەهیدی میحرابـــی دامەزراندووە و ســـەرۆکایەتی کردووە، ســـەماحەتی عەمـــار حەکیم وەك لاوێکی خوێن گەرم و پەروەردەی حەوزەی عیلمی نەجەف و پەروەردەی محەمەد باقر حەکیـــم و عەبدولعەزیـــز حەکیم، لەهەموو روویەکەوە بەو ئاســـتە کامڵبـــووە بتوانێت کاری ئەنجوومەنـــی باڵای ئیســـلامی لەعێراقـــدا بەڕێوەبەرێت، بـــەڵام ئەوەی جێگـــەی مەترســـییە ئەوەیە لەوانەیە بەو ئاستەی هەردوو خواڵێخۆشـــبوو نەتوانێـــت هاوسەنگی لەنێوان پێکهاتە

**رۆڵی ئایەتوڵڵا سیستانی لەم قۆناخەدا وەک چەترێک بۆ رێکخستنەوەی نێو ماڵی شیعە و دەرهێنانی سیاسەت لەنێو بەرژەوەندی لایەنە سیاسییەکان بۆ ژێر چەتری خێری گشتی عێراقیەکان، کارێکی ئاسان نییە**



سیاسییەکانی عێراق بەگشتی و هاوسەنگی نێو ماڵی شیعە رابگرێت، ئەمەی زیاتر لەم هاوکێشەیە نیگەرانمان دەکات ئەوەیە لەنێو هاوپەیمانی هاوبەندی شیعە گەنجێکی دیکە بەڵام توندڕۆ و سەرەڕۆ دەبینرێت کە ئەویش موقتەدا سەدرە، هەروەها بەڕێز هادی ئەلعامریش کە سەرۆکی رێکخراوی بەدر و سەرۆکی لیژنەی بەرگری و ئاسایشە لەپەرلەمانی عێراق، ئەویش پیاوێکی سەربازیە و بڕیارەکانیشی زۆر سەربازیانەن، بۆیە ئەوەی کە دەمێنێتەوە لەناو ئەنجوومەنی باڵا و ئومێدی لێدەکرێت پشگیری سەماحەتی عەمار حەکیم بکەن بۆ دروستکردنەوەی ئەو باڵانسەی ئەنجوومەنی باڵا پێشتر گێراویەتی، بەپلەی یەکەم هەردوو بەڕێزان عادل عەبدولمەهدی و شێخ خالید عەتیەیە، و بەپلەی دووەم شێخ جەلالەدین سەغیری گوتەبێژی لیستی هاوبەندی شیعە لەپەرلەمانی عێراق، کە ئیمام و خەتیبی شاری نەجەفیشە، واقیعەکە پێماندەڵێت پڕکردنەوەی بۆشایی سەماحەتی عەبدولعەزیز حکیم کارێکی ئاسان نییە، بۆیە لەوانەیە واقیعی نێو ماڵی شیعە فەرزی بکات سەماحەتی ئایەتوڵڵا سیستانیش رۆڵێکی دیارتر بۆ رێکخستنەوەی نێو ماڵی شیعە بگێڕێت، ئەگەر راستەوخۆ بەڕێگەی شەخسی خۆشی نەبێت، بەڵکو لەڕێگەی نووسینگەی تایبەتی خۆیەوە هەندێك زیاتر خۆی تێکەڵاوی وردەکاریەکانی سیاسەتی عێراق لەدوای کۆچی دوایی عەبدولعەزیز حەکیم بکات. وەك لەکۆنگرەی گۆڕینی ناوی ئەنجوومەنی باڵای شۆرشی ئیسلامی عێراق بۆ ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لەعێراقیشدا کراوە بەبڕیار، ئەنجوومەنی باڵا پابەند دەبێت بەڕێنمایی و فەتواکانی ئایەتوڵڵا سیستانی-یەوە.

**دەبێت لایەنی ئەمریکی واز لەو رستە گشتگیریە بهێنێت، کە بەردەوام بانگەشەی بۆ دەکات و دەڵێت: «دەبێت عێراقیەکان خۆیان چارەسەر بۆ کێشەکانی خۆیان بدۆزنەوە»**

**عەرەبستانی سعودی بۆ ئەوەی رێگە لەوە بگرێت کەوانەی شیعە لەهورمزەوە تا باشووری لوبنان درزی تێبخات، هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە عەرەبی سوننە لەگەڵ عەرەبی شیعە رێکنەکەون**

٥- خاڵێکی دیکە کە ئەویش بۆ ئەم بارودۆخە بەئیجابی ناخوێنرێتەوە، ئەو خاڵانەی ناو رێککەوتنە ئەمنیەکەی نێوان حکومەتی ئەمریکا و حکومەتی عێراقە، کە بوار نادات ئەمریکا راستەوخۆ ببێتە لایەن لەچارەسەرکردنی کێشەکان، راستە ئەمریکا لەکێشەکانی عێراق خۆی بێلایەن نەکردووە و ناکات، بەڵام دەبێت دان بەو راستیەشدا بنێین، هاتنە ناوەوەی ئەمریکا بۆ ناوکێشەکان لەڕووی پڕۆتۆکۆلییەوە دەبێت لەسەر داوای حکومەتی عێراق و لایەنە پەیوەندیدارەکانی ناو کێشەکە بێت، ئەم داواکارییە (ئەگەر رەمزیش بێت) لەلایەن حکومەتی عێراقەوە لەئیدارەی ئەمریکا نەکرێت، ئەوا هاتنە ناوەوەی ئەمریکا بۆ ناو کێشەکە دەبێتە جۆرێك لەپێشلکاری بۆ ئەو رێککەوتنە ئەمنیەی کە لەنێوان هەردوو حکومەتدا ئیمزاکراوە.

٦- لایەنێکی دیکەی نەخوازراو لەم کێشەیە بوونی گوشارە لەسەر تێکڕایی لایەنەکان بەگشتی و هەردوو حکومەتی بەغداو واشنتۆن بەتایبەتی، ئەوەی ئەم بارودۆخە بەرەو ئاڵۆزبوونی زیاتردەبات، گوشارەکانی سەر بەغدا و واشنتۆن، گوشاری هاوشێوەن و هەردوو گروپی گوشارەکە لەواشنتۆن داوای گەڕانەوەی زووتری هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق دەکەن و لەبەغداش دوای بەجێهێشتنی زووتری هێزەکانی ئەمریکا لەعێراقدا دەکەن، ئەم دوو گوشارە پێکەوە هەڵوێستی بەغدا و واشنتۆنی ئیحراج کردووە، بەڵام لەبنەڕەتیشدا گوشارێکە دژی بەرژەوەندییە باڵاکانی ئەمریکاو عێراقیشە لەیەککاتدا، لەناو خودی عێراقیشدا لایەنە سەرەکییەکان، بەتایبەتی کورد و سوننە بۆ گەیشتنیان بەڕێککەوتنێکی ماقووڵ لەگەڵ حکومەتی بەغدا دیسان ئەوانیش گوشاری شەقامی سیاسیی خۆیان لەسەرەو ناتوانن بەئاسانی بگەنە کۆمپرۆمایز و تەوافق بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، هەروەها حکومەتی عێراقیش لەژێر گوشاری شیعە و بەرژەوەندیەکانی حزبی دەعوادایە، کە هەمووو هەوڵی بۆ ئەوەیە هاوسەنگیەك دروستبکات و پۆستی سەرۆك وەزیرانی لەدەستنەچێت، بۆیە کە لەم هاوکێشە ئاڵۆزە وردەبینەوە، هەستدەکەین پێویستی بەوە هەیە هەموو لایەنەکان بڕیاری بوێرانە بدەن، بەڵام ئەم بڕیارە بوێرانەیە هێندەی بۆ ئیدارەی سەرۆك ئۆباما دەکرێت چاوەڕێی بکەین، هێندە ناتوانین بۆ لایەنەکانی دیکە چاوەڕوانی لێبکەین، هۆکاری ئەمەش ئاسانە، لەبەرئەوەی هەموو ئەو لایانەنەی لەعێراقدا دوایان لێدەکرێت بڕیاری بوێرانە بدەن، هەریەکەیان لەسەری پێویست دەبێت قوربانی بەبەشێك لەدەسکەوت و بەرژەوەندیکانی خۆی بدات، بۆیە تەنها لایەنێك کە لەکاتی وەرگرتنی بڕیاری بوێرانەدا لەسەری پێویست نابێت قوربانی بەبەشێك لەدەسکەوت و بەرژەوەندیەکانی خۆی بدات تەنها ئیدارەی سەرۆك ئۆبامایە، ئیدارەی سەرۆك ئۆباما نەك هەر قوربانی بەدەسکەوت و بەرژەوەندیەکانی خۆی نادات، بەڵکو ئەگەر بەتەواوەتی بێتە ناو کێشەکە و هەوڵبدات لایەنە پێکناکۆکەکان بەپێی دەستووری عێراق کێشەکانی ناو خۆیان چارەسەر بکەن، ئەوا خودی رێکەوتنی عێراقیەکان و جێبەجێکردنی دەستووری عێراق دەبێتە سەرکەوتنێکی گەورەی ئەوتۆ کە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا نەك لەعێراق بەڵکو لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش دەپارێزێت، دەستی ئەمریکا زیاتر دەکاتەوە بۆئەوەی رۆڵی گەورەو کاریگەرتر لەکێشەی فەلەستین و ئیسرائیل بگێرێت، کە بەدرێژایی هەردوو ئیدارەی سەرۆك بوش ئەم دۆسیە گرنگەی فەڵەستین و ئیسرائیل فەرامۆش کرابوو، بەڵام ئایا تاچەند ئەمریکا پەلە لەم بڕیارە بوێرانەیە دەکات و سەنگی خۆی دەخاتەگەڕ بۆئەوەی هەموو لایەنە عێراقیەکان پێکەوە کۆبکاتەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە وەك هەندێك چاودێر ئاماژەی پێدەکەن، لەو کاتەوە دەست پێدەکات، کە سەرۆك ئۆباما سەرکەوتنی شەڕی عێراق بەشەڕی خۆی بزانێت، نەك شەڕی عێراق بەشەڕی سەرۆك بوش و شەڕی ئەفغانستان بەشەڕی خۆی.

### پێکەوە گرێدانەوەی ئەم توخمە دژانە لەناو هاوکێشەیەکی سیاسیدا

ئەو خاڵانەی ئاماژەمان پێکردن، کۆکردنەوەیان لەناو هاوکێشەیەکی سیاسی نیشتمانیدا کارێکی ئاسان نین، لەبەرئەوەی هەموو توخمەکانی نێو هاوکێشەکە زۆر بەزەحمەت دەتوانرێت رایەڵی هاوبەشی لەنێوانیاندا دروست بکرێت و خواستێکی



هەمەلایەنە دروستبکات بۆئەوەی هەنگاوی جیددی بۆ چارەسەری کێشەکان هەڵبگیرێت، کەواتە دروستکردنی ئەم هاوکێشەیە یان پێکەوە کۆکردنەوەی توخمەکانی نێو ئەم هاوکێشەیە بەبێ لایەنی سێیەم سەرکەوتن بەدەستناهێنێت، لایەنی سێیەمیش لەم هاوکێشەیەدا بێگومان هەر ئەمریکا دەبێت و دەکرێت لەرێگەی ئەمریکاوە نەتەوە یەکگرتووەکان یان دەوڵەتانی دیکەی هەمیشەی ئەنجومەنی ئاسایش بێنە ناو پرۆسەکە و دەستی یارمەتی بۆ عێراقیەکان درێژبکەن، بەڵام بێ بوونی ئەمریکا وەك لایەنێکی سەرەکی لەکێشەی عێراقدا، هەموو هەوڵێکی دیکە بەهەڵپەسێرداوی دەهێڵێتەوە، هەروەها دەبێت لایەنی ئەمریکی واز لەو رستە گشتگیریە بهێنێت، کە بەردەوام بانگەشەی بۆ دەکات و دەڵێت: «دەبێت عێراقیەکان خۆیان چارەسەر بۆ کێشەکانی خۆیان بدۆزنەوە». ئەم رستەیە لەگەڵ ئەوەی نیەتی ئەمریکا پیشاندەدات بەوەی عێراق وڵاتێکی خاوەن سەروەریە و ئەمریکاش رێز لەسەروەری عێراق دەگرێت، بەڵام لەباری واقیعدا رۆژ لەدوای رۆژ ئەم رستەیە زیاتر سەروەری عێراق دەخاتە مەترسییەوە و عێراق هێندەی لەدابەشبوون و دەستێوەردانی دەوڵەتانی دراوسێ نزیکدەکاتەوە، هێندە زیاتر لەیەکپارچەیی دووریدەخاتەوە، بۆیە گرنگە ئەمریکا راشکاوانە ئەو راستیە لەعێراقیەکان و رای گشتی ئەمریکاش نەشارێتەوە، پێیان بڵێت: «چارەسەر لای عێراقیەکان بریتیە لەچارەسەر بەرێگەی توندوتیژی و درێژەپێدانی شەری ناوخۆیی، ئەوەشی لەم حاڵەتدا ئومێد براومان دەکات



ئەوەیە، شەری ناوخۆیی ئەگەر لەعێراقدا دروستببێت، لایەنەکان بەزوویی لەشەرەکە هیلاك نابن و بەئاسانی لەسەر مێزی دانوستاندن کۆناکرێنەوە» هۆکاری هیلاك نەبوونی عێراقیەکانیش بەتایبەتی هەردوو لایەنی شیعە و سوننە، ئەگەر شەری ناوخۆ لەنێوانیاندا دروستبێتەوە، بۆ ئەوەیە کە هەردوولا لەلایەن دەستی دەرەکیەوە پشتگیری دەکرێن و وەك شەری فەلەستین و ئیسرائیلی لێدێت، فەلەستینیەکان بۆ شەر هەرگیز چەکیان لێ نابرێت بەڵام بۆ ئاشتی بێ پشت و پەنانن و دەوڵەتانی عەرەبی هێندەی بۆشەر هانیان دەدەن، هێندە لەپرۆسەی ئاشتی پشتیان ناگرن و سەرئەنجامیش وەك هەموو جیهان دەیبینێت قوربانی سەرەکی هاوڵاتیانی فەلەستین و کاولبوونیش هەر بۆ فەلەستینە، ئێستا کۆمەڵێك بەرژەوەندی لەدەوری عێراق کۆبوونەتەوە، دەیانەوێت هەمان کارەساتی فەلەستین لەپێناوی پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆیان لەعێراقدا دووبارە بکەنەوە، هەربۆ نموونە، عەرەبستانی سعودی بۆ ئەوەی رێگە لەوە بگرێت کەوانەی شیعە لەهورمزەوە تا باشووری لوبنان درزی تێبخات، هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە عەرەبی سوننە لەگەڵ عەرەبی شیعە رێکنەکەون، ئەم ترسەی سعودیە، کە لەبنەرەتدا ترسێکی وەهمیە و دروستکراوە بۆئەوەی بەرژەوەندیکانی سعودیە پارێزراوبێت، لەسەر ئەرزی واقیع ئەم کەوانەیە بوونی نییە، سوریا کە لەهەموو مەسەلەیەکی دیکەدا، بەرژەوەندیکانی لەگەڵ ئێران یەکدەگرێتەوە، لەمەسەلەی عێراقدا بەرژەوەندیەکانیان پێچەوانەیە، هەروەها تورکیا و ئەردەنیش بەشێوازی دیکە، بۆیە ئەگەر هەوڵەکان بەو ئاراستەیە بن کە دەوڵەتانی هاوسێی عێراق هاریکاری عێراقیەکان بن بۆ دۆزینەوەی چارەسەری کێشەکانیان، ئەوا ئەو چارەسەرەکە دەمێکە بریاری لەسەر دراوە، هەڵگیرسانەوەی شەری ناوخۆییە نەك چارەسەری ئاشتیانە.

## چارەسەرکردنی بەجیای کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا فاکتەرێکی ئیجابی دەبێت بۆ چارەسەری کێشەکانی دیکەش

جیاکردنەوەی کێشەکانی عێراق لەسەر بنەمای کێشەی نەتەوەیی و مەزهەبی و، هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی هەریەکە لەو کێشانە بەجیا، کردنەوەی گرێکوێرەکانی عێراق چارەسەردەکات، بەڵام سەیرکردنی وەك یەك کێشە هێندەی دیکە مەسەلەکان ئاڵۆزتر دەکات، هەروەها چارەسەری کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا، لەگەڵ ئەوەی کێشەیەکی چارەسەنەکراوی دێرین و خوێناویە، بەڵام ئەگەر هەوڵی جیددی بدرێت بۆ چارەسەرکردنی ئەوا لەکێشەی مەزهەبیەکەی نێوان شیعەو سونە ئاسانترە. دیارە دوو هۆکاری گرنگ چارەسەرکردنی کێشەی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا ئاسان دەکات، کە بریتین لە:

١- کورد بەو ئاستە خۆی تێکەڵاوی شەری دەسەڵات لەبەغدا ناکات وەك شیعەو سوننە، بۆیە ئەگەر کێشەکانی لەهەرێمی کوردستان بۆ چارەسەربکرێت و ناوچە دابراوەکانی بۆ بگێرنەوە، لەوانەیە لەسەر پۆستی سیادی لەعێراقدا زۆر پێدانەگرێت، ئەم حاڵەتە بۆ شیعەو سوننە لەرادەبەدەر قورس و گرانە، بەڵام گوشاری گەورە لەسەر سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان دروستنابێت، ئەگەر دوای چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێرو بەغدا داوای کۆمپرۆمایز لەکورد بکرێت لەسەر پۆستە سیادیەکانی حکومەتی عێراق.

٢- کورد کێشەکەی کێشەی خاکە نەك داهات، بۆیە ئەگەر گەرەنتی ئەوە هەبێت کە کێشەکانی چارەسەر دەبێت، کورد ئامادەباشی تێدا دەبێت کۆمپرۆمایز لەسەر مەسەلەی داهاتیش بکات، ئەم مەسەلەیەش بۆ هەردوو لایەنی شیعەو سونە گرنگە.

بۆیە ئەگەر کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا بەجیا و دوور لەکێشەکانی نێوان شیعەو سونە چارەسەربکرێت، ئەوا بوارێکی باش دروستدەبێت کە لەسەر رێککەوتنی نێوان سونە و حکومەتی عێراقیش ئاسان بێت، ئێستا ئاراستەیەك بەمشێوەیە هەستی پێدەکرێت کە دەیانەوێت کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بەجیا چارەسەر بکرێت، بەڵام ئەگەر پەلەی لێنەکرێت و هەوڵی جیددی بۆ نەدرێت لەوانەیە لەبچووکترین گۆرانکاریدا تێکەڵ بکرێنەوە.

**کورد بەو ئاستە خۆی تێکەڵاوی شەری دەسەڵات لەبەغدا ناکات وەک شیعەو سوننە، بۆیە ئەگەر کێشەکانی لەهەرێمی کوردستان بۆ چارەسەربکرێت و ناوچە دابراوەکانی بۆ بگێرنەوە، لەوانەیە لەسەر پۆستی سیادی لەعێراقدا زۆر پێدانەگرێت**

**کورد کێشەکەی کێشەی خاکە نەک داهات، بۆیە ئەگەر گەرەنتی ئەوە هەبێت کە کێشەکانی چارەسەر دەبێت، کورد ئامادەباشی تێدا دەبێت کۆمپرۆمایز لەسەر مەسەلەی داهاتیش بکات، ئەم مەسەلەیەش بۆ هەردوو لایەنی شیعەو سوننە گرنگە**

جودیس یاف شرۆڤەگەری CIA بۆ کاروباری عێراق بۆ گوڵان:



# هەتا ئێستا سەرکردە سیاسییەکانی عێراق لەڕوانگەی بەرژەندی عێراقەوە سەیری ئایندەی عێراق ناکەن

**خاتوو جودیس یاف یەکێکە لەتۆژە دیارەکانی ئامۆژگای ستراتیژی نیشتمانی لەزانکۆی بەرگری نیشتمانی ئەمریکا، پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر عێراق و ئێران و دەوڵەتانی کەنداو یەکێکە لەشرۆڤەگەرە بەناوبانگەکانی رۆژهەڵاتی نزیك و عێراق بۆ دەزگای هەواڵگری ئەمریکا CIA . ئەو باسێکی بۆ دەزگای هەواڵگری ئەمریکا ئامادەکردووە بەناونیشانی سیاسەتی ئەمریکا لەعێراقدا، هەروەها لەساڵی ٢٠٠٨ یش باسێکی دیکەی ئامادەکردووە بەناونیشانی (ئاستەگانی بەردەم قۆناخی ئینتقاڵی لەعێراقدا: ئایا دەتوانین سەرکەتوو بین) پرۆفیسۆر یاف ئێستاش لەسەر رەوشی عێراق یەکێکە لەو تۆژەرە دیارانەی کە راستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ سەرکردە عێراقیەکان هەیە و لەنزیکەوە ئاگاداری باردۆخی عێراق، بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی ئێستای عێراق، خاتوو یاف بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

*** چۆن لەبارودۆخی ئێستای عێراق دەڕوانی، هەم لەڕووی ڕەوشی ئاسایش و هەم لەڕووی هەلومەرجی سیاسییەوە؟**

- لەڕاستیدا پەیوەندی و وابەستەییەك هەیە لەنێوانیاندا، ڕەوشەکە مایەی نیگەرانییە، زەحمەتە بتوانین دەقا و دەق ئەوە دەستنیشان بکەین کە هۆکارەکانی گەڕانەوەی توندوتیژییەکان چین و لەڕاستیدا هەلومەرجە سیاسیەکە تا دوا ڕاددە پشێوی باڵی بەسەردا کێشاوە. دەکرێت لێرەدا جەخت لەسەر لاوازی پارتە سیاسیەکان بکەینەوە، جەخت لەسەر هەڵوەشانەوە و لێکترازانی هاوپەیمانێتیەکان بکەینەوە، ڕەنگە وەسفکردنی ئەم حاڵەتە بە کێشە هەڵەبێت، چونکە لە کۆمەڵگەی دیموکراسی و کراوەدا، پارتە سیاسیەکان بەم شێوەیە ڕەفتار دەکەن، هاوپەیمانێتیەکان لەسەر بنەمای چەند پرس و مەسەلە و تەحەددیەك دروست دەبن، بەڵام دواتر لە کاتی سەرکەوتن یان شکستی هاوپەیمانێتیەکان ئەوا ڕەنگە چیتر ئەم پرس و مەسەلانە هێندە گرنگ نەبن، لەبەر ئەوەی بەرەو هەڵوەشاندنەوە دەچن، بارودۆخە و کێشەکانی عێراقیش ئاڵۆزن، سادە نین، لەبەر ئەوە هاوپەیمانێتیەکان گۆڕانکاریان بەسەردا دێت و ئەمەش لە لایەکەوە دیاردەیەکی تەندروستە.

*** چۆن لەبارودۆخی ئەمنی ئێستای عێراق دەڕوانیت بەتایبەتی دوای ڕوودانی ئەو تەقینەوانەی بەم دواییە لەبەغدا ڕوویاندا، کە بوونە هۆی گۆڕینی تێڕوانین و هەڵسەنگاندنی خەڵك بۆ باری ئەمنی وڵاتەکەیان؟**

- لەڕاستیدا دەتوانین لێرەدا ئاماژە بەچەند هۆکارێك بکەین، ئیمزاکردنی ڕێککەوتنامەی ئەمنی و سنوردارکردنی ڕۆڵی ئەمەریکا لەپاراستنی ڕەوشی ئاسایش لەعێراقدا بووەهۆی ئەوەی چەند لایەنێك ئەمە بەدەرەفەت بزانن بۆئەوەی هەوڵەکانیان چڕبکەنەوە بۆ بەردەوامیدان و درێژەدان بەپشێوی، بۆ لاوازکردنی حکومەتی عێراق، بە تایبەتی کە حاڵی حازر هەمو لایەك سەرقاڵی خۆڕێکخستن و خۆسازدان بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو، کەواتە لەئێستادا و بەهۆی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنامە ئەمنیەکەوە لەگەڵ وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکادا و بەهۆی ئەوەی هێزە ئەمنیەکانی عێراق بێ پاڵپشتی و پشتیوانی ئەمەریکا ناتوانن ئۆپەراسیۆنەکانی خۆیان بەسەرکەوتوویی ئەنجامبدەن، بەو پێیە زەمینەیەك خوڵقاوە ئەو هێزە ئەمنیانەی عێراق کاریان نەبێت بەڵکو کاردانەوەیان هەبێت.

*** ئایا کۆچی دوای سەرکردەیەکی مەزنی وەك عەبدولعەزیز ئەلحەکیم سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی لەعێراقدا چ گۆڕانکاری و کاریگەریەك دروستدەکات لەسەر بارودۆخەکە؟**

- دەبێت ئەوە بزانین کە ئەم کەسایەتیە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ وەك کەسایەتێکی مەزن تەماشا نەدەکرا، بەڵکو ئەو نوێنەرایەتی بنەماڵە و دەسەڵات و سەرکردایەتکردنی لایەنێکی دیاریکراوی دەکرد، بەڵام لێکترازانی هاوپەیمانێتیەکە بەسەرکردایەتی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە کێ سەرکردایەتی دەکات، بەڵکو بۆ هەڵوێست و تێڕوانینەکانی دەگەڕێتەوە لەئاست مەسەلەگەلێکی دیاریکراودا، هەروەها

> لێکترازانی هاوپەیمانێتیەکە بەسەرکردایەتی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە کێ سەرکردایەتی دەکات، بەڵکو بۆ هەڵوێست و تێڕوانینەکانی دەگەڕێتەوە لەئاست مەسەلەگەلێکی دیاریکراودا

توانای لەسەرکردایەتیکردنی کوتلەیەکدا کە تێکڕای شیعەکان لە سایەیدا یەکبگرن، بۆ نموونە چونەدەرەوەی حزبی دەعوە بە سەرۆکایەتی مالیکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم حزبە لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان ڕێژەیەکی باشتری بەدەستهێنا بە بەراورد بەو لایەنەی حەکیم سەرکردایەتی دەکرد، ئێستاش بە ڕویشتنی ئەلحەکیم ڕەنگە ئەو پارتە پتر بەرەو لاوازی بچێت، بە تایبەتی ئەگەر خەڵك نارازی بێت لە ئەدای ئەم پارتە و لەو کارانەی ئەنجامی داوە، هەروەها مەسەلەی سەرکردایەتی ئەم هاوپەیمانێتیەش مەسەلەیەکی گرنگی دیکەیە، ئایا کێ شایستەی ئەوەیە جێی بگرێتەوە، بۆ نموونە موقتەدا سەدر لەم هاوپەیمانێتیەدایە و زۆرێك لە شیعەکان ئەوانەی لەگەڵیاندا دواوم نیگەرانن لە پەیوەندیەکانی ئەم ڕەوتە لەگەڵ ئێراندا.

*** بەبۆچونی ئێوە بۆچی سەرۆکی وەزیرانی عێراق ئۆباڵی ئەم تەقینەوانە دەخاتە ئەستۆی سوریا؟**

- ئەگەر بۆ مێژووی نێوان ئەم دوو وڵاتە بگەڕێینەوە ئەوا دەبینین سوریا پشتگیری لەبەعسیەکانی عێراق نەکردووە، هەروەها حاڵی حازر حکومەتی عێراق دەیەوێت ڕاستەوخۆ لەگەڵ سوریادا گفتوگۆ و کۆبونەوە بکات و تەقدیری ئەوە ناکات وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لەسوریا نزیك دەبێتەوە و لەبری عێراق و لەسەر پرسەکانی پەیوەست بەعێراقەوە گفتوگۆی لەگەڵدا بکات. ئەمانە مەسەلەگەلێکی ئاڵۆزن و لەڕاستیدا بێ متمانەیەکی زۆر هەیە لە نێوان ئەم دو وڵاتەدا.

*** عێراق بەرەو ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی دەڕوات، زۆرێك لە چاودێران پێشبینی هەڵکشانی توندوتیژی دەکەن، ئایا تا چ ڕادەیەك ئەگەری هەرەسهێنانی دۆخە ئەمنیەکە دەکرێت ئەگەر بارودۆخەکە بەم شێوەیە بەردەوام بێت؟**

- توندوتیژی لەعێراقدا شتێکی نوێ نییە، لەڕابردوودا عێراق توندوتیژی سیاسی زۆری بەخۆوە بینیوە، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە ئەمە ساتەوەختێکی هەستیارە، لەبەرئەوەی هەڵبژاردنەکان ڕەوت و ڕووگەی ئەو خیتابە سیاسیە دیاری دەکەن کە لە ئایندەدا حکومەت پێوەی پەیوەست دەبێت، هەروەها دەبێتە هۆی دەستنیشانکردنی زۆرێك لە پەیوەندیەکان، ئەمە گرنگترین هەڵبژاردنە، گرنگترە لە هەڵبژاردنی پێشوو، چونکە دەبێتە تاقیکردنەوەیەك، ئایا پارتە سیاسیەکان شکستخواردووەکان دەرئەنجامەکە و دۆڕانەکەی خۆیان قەبووڵ دەکەن و ڕای دەگەیەنن کە سەرکەوتو نەبوونە و پێداچونەوە بە خۆیاندا دەکەنەوە یان هەڵدەستن بە کوشتنی نەیارەکانیان، ئەمە تەحەددا ڕاستەقینەکەیە. مەرج نییە هەڵوەشانەوە لێکترازانی هاوپەیمانێتیەکان سەربکێشن بۆ ئاڵۆزبوون و سەرهەڵدانی بارگرژی لەوڵاتەکەدا، چونکە لە دیموکراسیدا بەردەوام هاوپەیمانێتیەکان و سەرکردە سیاسیەکان دەگۆڕێن، بەڵام مەرج نییە ئەمە ببێتە مایەی ناسەقامگیری و پشێوی.

*** یەکێکی دیکە لەکێشە هەستیارە هەڵپەسێردراوەکان، کێشەی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقیە، وەك ماددەی ١٤٠، کێشەی هێزەکانی پێشمەرگە، دابەشکردنی داهاتەکانی نەوت، کە هەموو ئەمانە لە دەستوردا چارەسەریان بۆ دەستنیشان کراوە، بەڵام سەرۆك وەزیرانی عێراق ئامادەی یەکلاکردنەوەیان نییە، ئایا تا چ مەودایەك ئەمە دەبێتە سەرچاوەی خراپتربوونی بارودۆخەکە؟**

- ئەمانە کێشەگەلێکی گەورەن، بەڵام ناکرێت بڵێین ناتوانین زاڵبین بەسەریاندا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر نەتوانین گفتوگۆ لەبارەی چارەسەرکردنیانەوە بکەین ئەوا دەرئەنجامەکە مایەی کارەسات دەبێت، لەبەرئەوە دەبێت هەردوولا ئەوەندە ژیربن ڕێگا و شێوازێك بدۆزنەوە بۆئەوەی لەڕێی گفتوگۆوە ئەم مەسەلانە یەکلابکەنەوە، هەردوولا پێویستیان بەیەکتری دەبێت لەم ساتەوەختەدا، ئەمە بارودۆخێکی مەترسیدارە و لەڕاستیدا گفتوگۆکردن لەبارەیانەوە بۆ گەیشتن بەچارەسەرێك خزمەت بەبەرژەوەندیەکانی هەموو لایەك دەکات و کشانەوە و دوورکەوتنەوە و ئەنجامنەدانی گفتوگۆش سەرکەوتوو نابێت و دەرئەنجامی باشی لێناکەوێتەوە.

*** ئایا تا چ ڕادەیەك ئۆباما هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق دەدات پێش ئەوەی دوا سەربازی خۆی لەم وڵاتەدا بکشێنێتەوە؟**

- لێرەدایە دژ یەکیەك هەیە، لەبەرئەوەی لەلایەکەوە عێراقیەکان نایانەوێت لەژێر فەرمانی ئەمەریکیەکاندا بن، ئەمەش شتێکی سروشتیە و ئاساییە، ڕەنگە عێراقیەکان نەیانەوێت ئەمەریکیەکان لە عێراقیشدا بمێننەوە، بەڵام لەلایەکی دیکەوە ڕووەکەنە ئەمەریکیەکان پێیان دەڵێ لەکاتێکدا ئێوە عێراق جێدەهێڵن کە هێشتا ئێمە ئامادەنین، کە ناکرێت ئەمە بەردەوام بێت، لە لایەك بە ئاشکرا خواستی خۆت ڕابگەیەنیت بۆ پاشەکشەی هێزەکانی ئەمەریکا و لە ژێریشەوە گوزارشت لە ترس و نیگەرانی خۆت بکەیت لە ئاست ئەم مەسەلەیەدا. بەڵام ئێمە دەبێت ئەو ڕاستیەمان لەبەرچاو بێت کە ئەمەریکا بەرژەوەندی و پرس و پابەندبوونی دیکەی هەیە بۆئەوەی بایەخیان پێبدات و ڕەنگە چیتر نەتوانێت سەرچاوەکانی خۆی بۆ ماوەیەکی دووروردێژ لەعێراقدا بخاتەگەڕ، کەواتە دەبێت عێراقیەکان بەرپرسیارێتی مەسەلەکان بگرنەئەستۆ و پێکەوە کاربکەن و هاوکاری یەکتر بکەن.

*** چۆن ئایندەی عێراق دەبینیت، ئایا پێت وایە عێراق بە یەکگرتوی دەمێنێتەوە ئەگەرچی ئەم کێشانەش چارەسەرنەکرێن؟**

- من بە ئومێدەوە لەئایندە دەڕوانم، پێموایە لەماوەدای دووردا عێراق لەم کێشانە ڕزگاری دەبێت، بەڵام من پێموایە دەبێت سیاسیەکان بەرژەوەندیە شەخسیەکانی خۆیان بخەنەلاوە و کار بۆ بەرژەوەندی عێراق بکەن و ئەگەر ڕاشکاوبم لەگەڵتاندا ئەوا هێشتا سیاسیەکان بەمشێوەیە کاریان نەکردووە. یەکێك لەنیشانە ئیجابیەکانی لەکوردستاندا ئەوەیە کە دەکرێت گۆڕانکاری ڕووبدات و خەڵکی بەشداری بکەن لەدیاریکردنی ڕەوتی ڕووداوەکاندا، کەواتە من نیگەرانم لە ئایندەی نزیکی ئەم وڵاتە، بەڵام متمانەم هەیە لە ئایندەی دووردا ئەم کێشانە تێدەپەڕێنێت.

**ئەگەر بۆ مێژووی بگەڕێینەوە ئەوا دەبینین سوریا پشتگیری لەبەعسیەکانی عێراق نەکردووە**

**یەکێک لەنیشانە ئیجابیەکانی لەکوردستاندا ئەوەیە کە دەکرێت گۆڕانکاری ڕووبدات و خەڵکی بەشداری بکەن لەدیاریکردنی ڕەوتی ڕووداوەکاندا**

### ستیڤن ڤان ئێڤارا لێکۆڵەری ستراتیژیی و تایبەتمەند لەسەر عێراق بۆ گوڵان:



# لەسوریاوە ئاسانکاری بۆ ئەنجامدانی تەقینەوەکانی ئەم دواییەی عێراق کراوە

**پرۆفیسۆر ستیڤن ڤان ئێڤارا، ئوستادی زانستی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانە لەزانکۆی ماسیۆشێت ئینتەرناشناڵ تەکنەلۆژی. پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا (رابردوو، ئێستا، ئایندە). هەروەها یەکێکە لەتۆژەرە دیارەکانی دیراساتی ئاسایش و شارەزایە لەسەر بارودۆخی عێراق و یەکێکە لەو شارەزایانەی بۆ نووسینەوەی راپۆرتی دیراساتی عێراق (بیکەر-هاملتۆن) راوێژی پێکراوە، بۆ قسەکردن لەسەر سیاسەتی ئەمریکا لەعێراق و چۆنیەتی مامەڵەکردنی سیاسەتی ئەمریکا لەگەڵ کێشەکانی عێراق، پرۆفیسۆر ئێڤارا بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

*** هەتا دێت کێشەی نێوان پێکهاتە سەرەکیەکانی عێراق هێندەی لەگرفت نزیکدەبنەوە، هێندە لەچارەسەر نزیکنابنەوە، ئێوە چۆن ئەم بارودۆخە پڕ نیگەرانییە هەڵدەسەنگێنن؟**

- مایەی نیگەرانیە، من پێموایە دەبێت عێراقیەکان زۆر بەخێرایی جیاوازیەکانی خۆیان یەکلابکەنەوە، چونکە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ئەو وڵاتە جێدەهێڵێت و ئەگەر کێشە گەورەکانی نێوان سوننە و شیعە، نێوان کورد و عەرەبەکان چارەسەرنەکرێت و ئەمەریکا بکشێتەوە لەو وڵاتەدا، ئەوا شەڕێکی ناوخۆی گەورە و کارەساتێکی گەورە دەخولقێت، لەبەرئەوە پێموایە ئەمەریکا، یاخود ئیدارەی ئۆباما دەبێت پلانی ئاشتی هەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی سنوری پارێزگاکان، بە تایبەت کەرکوك، کێشەی دابەشکردنی دەسەڵات لە مەرکەزدا، دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان مەرکەز و هەرێمەکاندا، کێشەی دابەشکردنی داهاتەکانی نەوت و کۆنترۆڵکردنی هێزە ئەمنیەکان، کە ئەگەر ئەمانە چارەسەرنەکرێن ئەوا من نیگەرانم لەسەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆیی.

*** کارە تیرۆریستیەکانی ئەم دواییە لەعێراقدا بەسەرەتایەکی نوێ دادەنرێن لەناکۆکی نێوان شیعە و سوننەکاندا، چونکە ئەم کردەوانە پەیوەستن بەکاری ناوخۆییەوە، نەك هێزێکی دەرەکی و دەستێوەردانی دەرەکیەوە، ئایا تا چ ڕاددەیەك ئەم کردەوانە دەبنەهۆی سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆیی لەنێوان شیعە و سوننەکاندا؟**

- من ترسم هەیە لەوەی ببنە هۆی سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆیی و لەڕاستیدا من پێموایە ئەو کەسانەی ئەم تەقینەوانەیان ئەنجامداوە، ئامانجیان دروستکردنی ئەو بارودۆخەیە کە لەدوای تەقاندنەوەی مەرقەدی ئەلعەسکەریە خولقاندیان لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٦دا. ئەوەی من بیستبێتم ئەوەیە کە کۆنە بەعسیەکان لەپشت ئەنجامدانی ئەم کارەوەن بەهاوکاری ئەلقاعیدە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی هێشتا ئەلقاعیدە لەعێراقدا ماوەتەوە؟ ئایا ڕوودانی ئەم تەقینەوانە ئاماژە بەچی دەکەن؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە ئەوەیە کە هەوڵەکانی یەکلاکردنەوەی ناکۆکیەکان شکستیان هێناوە، بۆ نموونە سوننەکان هەستناکەن مالیکی هیچ سازشێکی کردبێت، نەك هەر ئەوە بگرە هەندێ لە ئەندامانی ئەنجومەنەکانی سەحوەی دەستگیرکردووە، کەواتە تاوەکو ئەم کێشانە چارەسەرنەکرێت، بە تایبەتی کێشەی دابەشکردنی داهات و دەسەڵات، ئەوا بارودۆخەکە مەترسیدار دەبێت و ئەگەری ئەوە هەیە سەربکێشێت بۆ شەڕی ناوخۆ.

*** هەندێ لەشارەزایان پێیانوایە هۆکاری ئەم کردەوانە بۆ یارمەتیدانی چەند دەوڵەتێکی دراوسێ دەگەڕێتەوە بۆ سوننەکان، بەتایبەتی سعودیە،، ئایا پێت وایە ئەم دەوڵەتانە هەوڵی یارمەتی سوننەکان دەدەن یاخود هەوڵی ناسەقامگیرکردنی بارودۆخی عێراق دەدەن؟**

- من هاوڕام لەگەڵتاندا کە لە سوریاوە

دەبێت عێراقیەکان زۆر بەخێرایی جیاوازیەکانی خۆیان یەکلابکەنەوە، چونکە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا ئەو وڵاتە جێدەهێڵێت

ئاسانکاری بۆ ئەم کردەوانە دابینکراوە، هەرچەندە سوریا لەساڵی ڕابردوودا باشتر ڕەفتاری کردوە بەبەراورد بەساڵەکانی دیکە. من پێموایە ئەمە دووبارەکردنەوەی هەمان هەڵەی ئیدارەی بۆشە، کە نەیتوانی هاوکاری دەوڵەتە دراوسێکان بەدەستبهێنێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانی عێراق، دەبێت لەم ڕووەوە گفتوگۆ لەگەڵ سوریادا، لەگەڵ ئێراندا بکرێت، بگەنە ڕێککەوتن و سازشێك لەگەڵیاندا، ئەم کێشانە پێوستیان بەچارەسەری هاوبەشە، دەبێت بەم ئاراستەیە کاربکەین.

*** زۆرێك لەچاودێران پێشبینی هەڵکشانی توندوتیژی دەکەن لەکاتی نزیکبوونەوە لەهەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق، ئایا تا چ ڕادەیەك ئەگەری هەرەسهێنانی دۆخە ئەمنیەکە دەکرێت ئەگەر بارودۆخەکە بەمشێوەیە بەردەوام بێت؟**

- من پێموایە لەحاڵەتی نەبوونی ڕێککەوتنێکی گشتی لەنێوان عێراقیەکاندا، ڕێککەوتنێکی پشتەبەستوو بەدەستوور، ئەوا ئەنجامدانی هەڵبژاردن کارێکی هاوشان بەمەترسی دەبێت، بەتایبەتی بەلەبەرچاوگرتنی ئەو هەوڵانەی بەئامانجی تێکدان و هەرەسپێهێنانی دەدرێن، کەواتە دەبێت لەم ڕووەوە ڕێککەوتنێك لەنێوان عێراقیەکاندا بێتەدی. خاڵی دووەم توانای هێزە ئەمنیەکانی عێراقە لەپاراستن و دابینکردنی ئاسایش و سەقامگیری کە تەقینەوەکانی ئەم دواییە ئەوەیان خستەڕوو کە کەلێن و کەلەبەری گەورە هەیە لەتوانا و ئەدای ئەم هێزانە. کەواتە من پێموایە ئەگەر کێشە گەورەکان چارەسەرنەکرێن، وەك دابەشکردنی دەسەڵات و داهاتەکان، کێشەی پارێزگای کەرکوك و کێشە سەرەکیەکانی دیکە، ئەوا سازدانی هەڵبژاردن دەبێتە سەردەمێکی مەترسیدار، لەبەرئەوەی لەغیابی نەبوونی ڕێککەوتن و یەکلاکردنەوەی کێشەکاندا لایەنەکان پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن بۆ ئەوەی وەك لایەنێکی سەرکەوتوو دەربکەون، کەواتە من هاوڕام لەگەڵتاندا کە ئەمە مایەی نیگەرانی و مەترسیەکی جیددیە.

*** هەروەها زۆرێك لە شارەزایانی سیاسی پێشبینی گۆڕانی نەخشەی سیاسی عێراق دەکەن، ئایا ئەمە تا چ ئاستێك دەبێتە مایەی هەڕەشە بۆ پرۆسەی سیاسیی لە عێراقدا؟**

- من پێشبینی دابەشبوونی سیاسی عێراق ناکەم بۆ دوو یان سێ دەوڵەت، یەکەمیان لەبەرئەوەی پشتیوانیەکەی گەورە بۆ دابەشبوونی وڵاتەکە لەنێو عەرەبەکاندا بۆ ئەم بیرۆکەیە نییە، نەك لەنێو شیعەکان و نە لەنێو سوننەکاندا. بەپێچەوانەی ئەوەی لەبۆسنیادا هەبوو کە بەشێکی زۆری خەڵکی وڵاتەکە لەگەڵ دابەشبووندابوون، یاخود ئەو وڵاتانەی بزوتنەوەی جوداخوازیان تێدایە. ڕاستە کوردەکان خوازیاری جیابونەوە و دابەشبوونن، بەڵام کوردەکان ناتوانن بێ ڕەزامەندی هێزە گەورەکان، وەك تورکیا و دەوڵەتە عەرەبیەکان ئەم کارە بکەن، چونکە جوگرافیای کوردستان بوار بەمە نادات. ڕاستە عێراق لەڕووی جوگرافیەوە دابەشنەبووە، بەڵام لەڕاستیدا لەڕووی دانیشتوانەوە دابەشبووە، بۆ نموونە نزیکەی سێ بۆ چوار ملیۆن ئاوارەی عێراقی هەیە هەم لەناوخۆی وڵاتەکە و هەم لەدەرەوەدا، کەواتە شەڕ خەڵکەکەی لێکجیاکرۆدتەوە، ئەمە مایەی کارەساتە.

*** یەکێکی دیکە لەکێشە هەستیارە هەڵپەسێردراوەکان، کێشەی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقیە، وەك ماددەی ١٤٠، کێشەی هێزەکانی پێشمەرگە، دابەشکردنی داهاتەکانی نەوت، کە هەمەو ئەمانە لەدەستووردا چارەسەریان بۆ دەستنیشانکراوە، بەڵام سەرۆکوەزیرانی عێراق ئامادەی یەکلاکردنەوەیان نییە، ئایا تا چ مەودایەك ئەمە دەبێتە سەرچاوەی خراپتربوونی بارودۆخەکە؟**

- من هاوڕام لەگەڵ ئێوەدا، ئەمە مایەی نیگەرانیە، لەڕاستیدا پێدەچێت ناکۆکی نێوان کورد و عەرەبەکان جیددیتر بەبەراورد بەناکۆکی نێوان سوننە و شیعەکان، بەڵام من دڵنیام دەبێت سەرکردە سیاسییە کوردەکان ئەوە ڕاستیە بزانن کە دەبێت بەهەر شێوەیەك بێت لەگەڵ عەرەبەکاندا بژین، چونکە جیابوونەوە واقیعی نییە، لەبەر هۆکاری جوگرافیا و هێزە دەرەکیەکان، وەك تورکیا، واتە دەبێت لەم ڕووەوە گفتوگۆ هەبێت و بگەنە جۆرێك لە ڕێککەوتن.

*** هەندێ لە چاودێرانی سیاسی پێیان وایە کێشەکە لە سیاسەتی سەرۆك وەزیرانی عێراقدایە، لەبەر ئەوەی هەمیشە هەوڵی قەناعەتپێهێنانی ئیدارەی ئۆباما دەدات بە توانای هێزە ئەمنیەکانی عێراق بۆ هێنانەدی سەقامگیری، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەم تەقینەوانەی دوای تا چەند دەبنەهۆی ناچارکردنی ئۆباما بە پێداچونەوەی سیاسەتەکانی؟**

- من نازانم، من تا ئێستا هیچ نیشانەیەکم بەدی نەکردووە کە ئیدارەی ئۆباما هەڵوێستێکی سەختی گرتبێتەبەر لەئاست مالیکیدا، ئەمەریکا کەسانێکی ژیری هەیە لەعێراقدا، وەك باڵیۆزەکەی لەو وڵاتەدا و من پێموانییە ئەمەریکا هەڵبستێت بەناچارکردنی مالیکی یان هیچ عێراقیەکی دیکە بۆئەوەی بەچارەسەرێك ڕازی بن، دەبێت ئێوە لەنێو خۆتاندا چارەسەرێکی هاوبەش بدۆزنەوە.

*** چۆن ئایندەی عێراق دەبینیت، ئایا پێت وایە عێراق بە یەکگرتوی دەمێنێتەوە ئەگەرچی ئەم کێشانەش چارەسەرنەکرێن؟**

- من دوو پەیامم هەیە بۆ تێکڕایی لایەنەکانی عێراق، یەکەمیان ئەوەیە یان ئەوەتا پێکەوە کاردەکەن یان وڵاتەکە وێران دەبێت، دووەمیان هیوادارم ئۆباما گوشارێکی زیاتر بخاتە سەر ئەم لایەنانە بۆ ئەوەی بگەنە ئەم ڕێککەوتنانە، تا ئێستا ئیدارەی ئۆباما هەڵوێستێکی بەهێزی نەبووە، بە پێچەوانەوە من نیگەرانی ئەوەم ئاستی توندوتیژی بەرزتر ببێتەوە و دەبێت عێراقیەکانیش ئەوە ڕاستیە بزانن کە هیچ لایەك ناتوانێت لە شەڕی ناوخۆدا سەرکەوتوبێت.

**ئەو کەسانەی ئەم تەقینەوانەیان ئەنجامداوە، ئامانجیان دروستکردنی ئەو بارودۆخەیە کە لەدوای تەقاندنەوەی مەرقەدی ئەلعەسکەریە خوڵقاندیان لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٦دا**

**ئەگەر کێشە گەورەکان چارەسەرنەکرێن، وەک دابەشکردنی دەسەڵات و داهاتەکان، کێشەی پارێزگای کەرکوک و کێشە سەرەکیەکانی دیکە، ئەوا سازدانی هەڵبژاردن دەبێتە سەردەمێکی مەترسیدار**

**پێموانییە ئەمەریکا هەڵبستێت بەناچارکردنی مالیکی یان هیچ عێراقیەکی دیکە بۆئەوەی بەچارەسەرێک ڕازی بن، دەبێت ئێوە لەنێو خۆتاندا چارەسەرێکی هاوبەش بدۆزنەوە**

رۆبەرت رابیل پسپۆر و تایبەتمەند لەسەر عێراق و کوردستان بۆ گوڵان:



# ئەگەر دەتانەوێت بارودۆخی عێراق سەقامگیربێ و کێشەکان چارەسەر بکرێن دەبێت بارزانی و مالکی و تاڵەبانی هاریکاری یەکتری بکەن

**پرۆفیسۆر رۆبەرت رابیل ئوستادی زانستی سیاسیەتە لەزانکۆی فلۆریدا ئەتڵەنتیك و پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر سیاسیەتی ئەمریکا لەگەڵ جیهانی عەرەبی و ئیسلامی، هەروەها بەڕێوەبەری پرۆژەی دیراسات و دیکۆمێنتاری عێراق بووە و چەندین جار سەردانی هەرێمی کوردستانی کردووە و ئەم پرۆژەیەشی بەهاریکاری زانکۆی هارڤارد و لەسەر بودجەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا جێبەجێ کردووە، بەدەیان وتار و دیراساتی لەسەر هەرێمی کوردستان و عێراق بڵاوکردۆتەوە، بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی ئێستای عێراق و ئەگەرەکانی ئاینده، پرۆفیسۆر رابیل بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

*** ئێوە وەك کەسێکی تایبەتمەند و شارەزا لەسەر باری عێراق، چۆن بارودۆخی ئێستای عێراق دەبینن؟**

- ئەوەی لەعێراقدا ڕوویدا مایەی ناخۆشی و کارەسات بو بۆ عێراقیەکان، ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا مالیکی هەوڵ و کۆشش دەکات بۆ دۆزینەوەی بەرپرسان و ئەنجامدەرانی ئەم ڕوداوانە، من پێموایە بەڵێ، لەلایەکی دیکەوە بەپێی ئەو ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانیانەی ئێمە خوێندومانەتەوە باس لەوە دەکرێت بەرپرسێکی بەعسی کە حاڵی حازر لەسوریادا نیشتەجێیە بەرپرسیارە لەئەنجامدانی ئەو کردەوەیە، ئەگەر ئەمە ڕاست بێت ئەوا مانای وایە بەرپرسەکانی بەعس و سوننەکان بەگشتی ناڕازین لە بارودۆخەکە و ڕێگە بەئەلقاعیدە دەدەن ئەم کارانە بکات، چونکە ئەلقاعیدە دەستی لەعێراق هەڵنەگرتووە و لێی نائومێد نەبووە، حاڵی حازر سەرقاڵی خۆڕێکخستنەوەیە بۆ بەرپاکردنی شەڕێکی گەورە لەگەڵ حکومەتی عێراقدا. کەواتە مەسەلەی ناڕازیبوونی سوننەکان مایەی نیگەرانیە، بۆچی مایەی نیگەرانیە؟ لەبەر ئەوەی ئێوە خوازیاری ئەوەنین ئەم ناڕازیبونە تەشەبکات، چونکە لە ڕابردودا سەقامگیر هەبوو، وڵاتە یەککگرتوەکانی ئەمەریکا توانی لەگەڵ سوننەکاندا کاربکات و سوننەکانیش دژی ئەل قاعیدە وەستانەوە، ئێستا ئەمە لەبەردەم ئەگەری هەڵوەشانەوە و هەرەسهێناندایە ئەگەر سوننە و شیعەکان نەگەنە ڕێککەوتنێك. لەلایەکی دیکەوە حکومەتی عێراقی کێشەی لەگەڵ کوردەکاندا هەیە، کێشەی داهاتەکانی نەوت، کێشەی کەمینەکان، کە دەبێت هەمو ئەمانە چارەسەربکرێن، من باوەڕم وایە هەندێ لەسەرکردەکانی حکومەتی عێراق، لەنێویاندا مالیکی، هەروەها هەندێ لەسەرکردە سونەکان و سەرکردە کوردەکان پابەندبن بەهێنانەدی سەقامگیریەوە لەعێراقدا. لەلایەکی دیکەوە بەم دواییە مالیکی سەردانی سوریای کرد و لەگەڵ بەشار ئەسەد دا کۆبووەوە، کۆبونەویەکی گرنگ بوو، بەتایبەتی چەند بەرپرسێکی بەعس لەو وڵاتەدا دەژین و داوا لەسوریا کرا بخرێنە ژێر چاودێریەوە و داوای پەیوەندی دۆستانەی کرد لەگەڵ سوریادا، هەروەها پێشتر لەگەڵ بارزانیدا کۆبوۆە کە ئێستا سەرۆکی هەرێمی کوردستانە، هەموو ئەمانە ئاماژەن کە مالیکی هەست بەکێشەکان دەکات و کۆششی سەخت دەکات بۆ گەیشتن بەچارەسەرێکی مام ناوەندی، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئایا زەمینە لەعێراقدا ئامادەیە بۆ ئەم کارە؟ مەسەلەیەکی دیکە ئەوەیە هێزەکانی ئەمەریکا لەشارەکاندا نەماون، ئێستا بەرپرسیارێتی ئاسایش و مەسەلەی هەواڵگری لەئەستۆی هێزەکانی عێراقدایە، کە دەبێت مەشق و ڕاهێنانێکی باش بە سوپا و هێزە ئەمنیەکانی دیکە بکرێت و ئەوانیش هەمەهانگی بکەن لەگەڵ ئەمەریکا و لایەنە عێراقیەکانی دیکەدا، کەواتە ئەمە شەڕی عێراقیەکان خۆیانە. لە ڕاستیدا من پێموایە لەعێراقدا ناوچەگەرێتی هەیە، بۆ نموونە لەعێراقدا چەند سەرکردەیەك هەن، وەك بارزانی و تاڵەبانی و ئەلمالیکی و تەنانەت هەندێ لەسەرکردە سوننەکان، کە ئەگەر بیانەوێت یەکێتی وڵاتەکە بپارێزن دەبێت هاوکاری لەگەڵ یەکدا بکەن، هەروەها کێشە هەیە بۆ نموونە لەنێوان کوردستان و حکومەتی مالیکیدا لەسەر کێشەی داهاتی نەوت، کێشەی کەرکوك، ئەمانە کۆششی سەختیان دەوێت، کاری جیدیان دەوێت کە من پێموایە دەکرێت یەکلابکرێنەوە، کەواتە من

ئەلقاعیدە دەستی لەعێراق هەڵنەگرتووە و لێی نائومێد نەبووە، حاڵی حازر سەرقاڵی خۆڕێکخستنەوەیە بۆ بەرپاکردنی شەڕێکی گەورە لەگەڵ حکومەتی عێراقدا

زۆر دڵتەنگم بەوەی لەعێراقدا ڕوودەدات و پێموایە ئەمە زیاتر کاری ئەلقاعیدە و ڕەنگە چەند کەسانێکی کەم لەبەعسیەکان یان کۆنە بەعسیەکان بەشداربن کە ئەوەش جێی داخێکی گەورەیە.

*** چۆن لەبەرەوپێشچوونەکانی کوردستان دەڕوانیت، هەڵسەنگاندنت چییە بۆ ڕۆڵی سەرکردە کوردەکان لەدروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیدا؟**

- سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم ئەوەی کوردەکان بەدەستیانهێناوە باشترین دەستکەوتە لەمێژوودا بۆ ئەوان، ئەوەی کوردەکان لەعێراقدا بەدەستیانهێناوە، لەمێژووی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کوردەکانی وڵاتانی دیکە نەیانتوانیوە بیهێننەدی، وەك کوردەکانی ئێران و تورکیا و سوریا، کوردەکانی عێراق ئاستێك لەسەرکەوتنیان بەدیهێناوە و زۆر گرنگیشن بۆ سەقامگیری عێراق، لەگەڵ ئەوەشدا چەند کێشەیەکی گرنگ هەن کە ڕەنگە ببنە سەرچاوەی ئاڵۆزی و ئێمە ئومێد دەکەین نەبنەهۆی دروستکردنی قەیران و نەبنەهۆی گرژبوونی پەیوەندیەکان نێوان کورد و حکومەتی مەرکەزی، هەروەها سەرکردە کوردەکان هۆشیارن بەوەی لە ناوچەکەدا دەگوزەرێت، هەر بۆیە بە هەستیاریەوە مامەڵە لەگەڵ تورکیا دەکەن، بە هەستیاریەوە مامەڵە لەگەڵ کێشەی پەکەکەدا دەکەن، من پێموایە کوردەکان دەگەنە چارەسەرێکی مام ناوەندی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا، بڕواننە ئێوە لە هەرێمی کوردستانەوە پەیوەندی دەکەن، هەرێمەکەتان ئۆتۆنۆمی هەیە، لە ڕاستیدا هەرێمەکەتان لە هەموو ڕویەکەوە دەوڵەتە بەس بە ناو نەبێت، کەواتە من پێموایە سەرکردە کوردەکان بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی پێیدا تێپەڕیون و بەرەوچاکردنی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ ئەمەریکادا کە پەیوەندیگەلێکی باشن، ئەوا دەگەنە سازش و ڕێگاچارەیەکی مام ناوەندی لەسەر کەرکوك و کێشەکانی دیکە، بەڵام ئەوانیش زەمانەتی ئەمنیان دەوێت، وەك پاراستنی هەرێمەکەیان و پاراستنی دەستکەوتەکانیان. من پێموایە دەگەنە چارەسەرێك، بەڵام ئەمە پێویستی بە کار و کۆششی سەختی هەموو لایەك هەیە.

*** یەکێکی دیکە لەکێشە هەستیارە هەڵپەسێردراوەکان، کێشەی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقیە، وەك مادەدەی ١٤٠، کێشەی هێزەکانی پێشمەرگە، دابەشکردنی داهاتەکانی نەوت، ئایا ئیدارەی ئۆباما تا چ ڕادەیەك کار بۆ چارەسەرکردنیان دەکات پێش کشانەوەی لە عێراقدا؟**

- ئەمەریکا بەپێی ڕێککەوتنە ئەمنیەکە کاردەکات، ڕاستە ئەمەریکا لەشارەکاندا نەماوە، بەڵام هێشتا بوونی لەوڵاتەکەدا ماوە و ئەوە دەوەستێتەسەر پەرلەمانی عێراق بڕیاربدەن ئایا ئەمەریکا بۆ ماوەیەکی زیاتر بمێنێتەوە لە وڵاتەکەدا یاخود نا.

*** بەڵام هەندێك چاودێر پێیانوایە ئۆباما بایەخ بەعێراق نادات، بۆیە مەترسی ئەوە هەیە دەستکەوتەکان بکەنە مەترسییەوە، ئایا ئێوەش مەسەلەکە بەو جۆرە دەبینن؟**

- من پێموایە هەر کەسێك بەمشێوەیە بیر بکاتەوە و پێیوابێت ئەمەریکا چیتر بایەخ بەعێراق نادات، بایەخ بەوە نادات چ ڕوودەدات لەم وڵاتەدا و هەموو تەرکیزی لەسەر ئەفغانستانە، ئەوا بەهەڵەداچووە و نازانێت باسی چی دەکات، ئەمە کارێکی مومکین نییە تەنانەت ئەگەر ئیدارەی ئەمەریکا بیەوێت بیکات، دەبێت ئەوە بزانین ئیدارەی ئەمەریکا بیرۆکراتیەتە، بەهەزاران کەس کاری تێدا دەکات و ناکرێت تەنها کەسێك بڵێت ئیتر ئێمە ناتوانیت ئەم کارە بکەین لەعێراقدا، دواتر ئەمەریکا بەپێی ڕێککەوتنە ئەمنیەکە کار لەگەڵ حکومەتی عێراقدا دەکات، کە عێراقیەکان خۆیان ویستیان ئەم ڕێککەوتنە ئیمزا بکرێت، واتە ناکرێت عێراقیەکان بڵێن ئەمەریکا ئێمە جێدەهێڵێت، ئەمەریکا دیەوێت لەگەڵ کشانەوەدا هێزە ئەمنیەکانی عێراق ئامادەبن جڵەوی بارودۆخەکە بگرنەدەست، ئەمە داواکاری خودی عێراقیەکان خۆیان بوو، تەنانەت لە سەردەمی ئیدارەی بۆشدا هەمیشە عێراقیەکان ئەوەیان دوپاتدەکردەوە کە چ کاتێك ئەمەریکا عێراق جێدەهێڵێت، تاوەکو سەرۆکی ئەمەریکا ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ ئیمزاکردن بۆ کشانەوە، ئێستاش هێزەکانی ئەمەریکا لە شارەکاندا نەماون، بەڵام بوونێکی گەورەیان هەیە، گەورەترین باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراقدایە، کەواتە ناکرێت کتوپڕ ڕایبگەیەنین کە عێراق جێدەهێڵین و ڕوودەکەینە ئەفغانستان. کێشەی گەورە هەیە لە عێراقدا کە ئەمەریکا ئامادەی هاوکاریکردنە، بەڵام من هیوادارم عێراقیەکانیش کار بۆ چارەسەرکردنیان بکەن و ئەگەر داوای یارمەتی لە ئەمەریکا بکەن، ئەوا ئەمەریکا بوونێکی گەورەی هەیە لەو وڵاتەدا و دەتوانێت ئەم کارە بکات، کەواتە ئەمەریکا دەستی لە عێراق هەڵنەگرتووە، بەڵام ئەفغانستانیش پێویستی بە چڕکردنەوەی هەوڵەکان نەك تەنها لەلایەن ئەمەریکاوە، بەڵکو لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشەوە، تاڵیبان یەك لەسەر سێی خاکی ئەو وڵاتەی بەدەستەوە، ئەمە شتێکی زۆر خراپە. لەلایەکی دیکەوە ڕێککەوتنە ئەمنیەکەی نێوان عێراق و ئەمەریکا ڕاپرسی بۆ دەکرێت لەنێو عێراقیەکاندا، هەرچەنە هێشتا وادەکەی دیاری نەکراوە، من دەمەوێت ئەوە بڵێم هێزی زیاتر ڕەوانەی ئەفغانستان دەکرێت، هەوڵەکان زیاتر چڕ دەکرێنەوە لەو وڵاتەدا، بەڵام ئەمەریکا چاوی داناخات و لە پرێکدا عێراقیەکان و کوردەکان جێبهێڵێت، ئەمە لەکاتێکدا کە هێشتا ئەلقاعیدە لە عێراقدا مابێت.

*** ئایا مەترسی ئەوە ناکرێت لەگەڵ وادەی نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنەکان، بارۆدخی عێراق بەرەو خراپتر بچێت؟**

- ئێوە سەرچاوەیەکی زۆرتان هەیە، هێزەکانی ئەمەریکا لە وڵاتەکەدان ئەگەر داوای یارمەتیان لێبکەن، کەواتە دەبێت هاوکاری لەگەڵ یەکدا بکەن، ئەمە کارێکی هەواڵگریە، مالیکی تەنها بۆ ئامانجی بازرگانی سەردانی سوریای نەکرد، بەڵکو بۆ کۆنترۆڵکردنی سنورەکانیش، هەروەها دەبێت هاوکاری لەنێوان کورد و سوننەکاندا، لە نێوان کورد و حکومەتی مەرکەزیدا هەبێت، دەبێت کێشەکان چارەسەربکرێن، بۆ نموونە هەندێ لەسوننەکان ناڕازین، ئەمانە کێشەی ناوخۆیین و دەبێت کۆتاییان پێبهێنرێت، ڕاستە بۆی هەیە بارودۆخە هەرەسبهێنێت، بەڵام ئەمە ئەگەرێکی لاوازە، چونکە زۆربەی عێراقیەکان خوازیاری عێراقێکی سەقامگیرن.

**ئەوەی کوردەکان بەدەستیانهێناوە باشترین دەستکەوتە لەمێژوودا بۆ ئەوان**

**من پێموایە کوردەکان دەگەنە چارەسەرێکی مام ناوەندی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا**

**ئیدارەی ئەمەریکا بیرۆکراتیەتە، بەهەزاران کەس کاری تێدا دەکات و ناکرێت تەنها کەسێك بڵێت ئیتر ئێمە ناتوانیت ئەم کارە بکەین لەعێراقدا**

**گاری گەمبیل سەرنووسەری میدڵ ئیست مۆنیتەر بۆ گوڵان:**



# من ترسی ئەوەم هەیە هەڵکشانی توندوتیژی لەعێراقدا سەرلەنوێ شەڕی ناوخۆیی لەنێوان لایەنە سەرەکیەکان لێبکەوێتەوە

گاری گەمبیل ئێستا سەرنووسەری گۆڤاری میدڵ ئیست مۆنیتەر (چاودێری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست) پێشتریش سەرنووسەری بڵاوکراوەی هەواڵەکانی هەولگری رۆژهەڵاتی ناوەڕاســت بووە(Middle East Intelligence Bulletin)و پسپۆرو تایبەتمەندە لەســەر کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست بەگشتی و عێراق بە تایبەتی، بۆ هەڵسەنگاندی رەوشی ئێستای عێراق و ئەو مەترسیانەی لە دەوڵەتانی دراوسێوە دزە دەکەنە ناو عێراق گاری گەمبیل بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربری.

> من زۆر نیگەران نیم لەئاست ئەگەری شەڕی نێوان شیعە و سوننەکاندا، بەقەدەر ئەوەی نیگەرانی هەڵکشانی بەرهەڵستکاریم لەهەموو لایەکەوە دژی دەسەڵاتی مالیکی کاتێک هەوڵی فراوانتکردنی دەسەڵاتە مەرکەزیەکەی دەدا

*** ئەمەریکا شــەکەت بووە لەعێراقدا و ئیدارەی ئۆباما بایەخێکی کەمتر بەعێراق دەدات و تەواوی تەرکیزی ئۆباما لەسەر ئەفغانستانە، ئایا ئەم رووداوانەی دوایی دەبنەهۆی گۆڕینی تەرکیزی ئەمەریکا لەئەفغانستانەوە بۆ عێراق؟**

- بەدڵنیاییەوە وا دیارە کە ئەفغانســتان ئەولەویەتی ئیدارەی ئۆباما بێت، چونکە لەکاتێکدا ئەمریکا لەخۆئامادەکردنایە بۆ کەمکردنــەوەی هێزەکانی لەعێراقدا ئەوا لەهەمانکاتدا هەوڵی زیاترکردنی بوونی ئەم هێزانە دەدات لەئەفغانستاندا. ئەوەی پەیوەنــدی بەهەڵکشــانی توندوتیژیەوە هەبێــت لەعێراقــدا، مــن پێموانیــە پەیوەندیەکی زۆری هەبێت بەسیاســەتی ئیــدارەی ئەمەریکا و پێشــبینیەکانی کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا، رەنگە گــرژی و ئاڵۆزیەکانی نێــوان پێعێراق کهاتەکانی هۆکاربێت، بــە تایبەتی کە بارودۆخەکە بە ئاراســتە چارەسەرکردندا نــاڕوات لــە کاتێکدا بریــارە هێزەکانی ئەمەریکا بکشــێنەوە، کەواتە نیگەرانی سەرەکی ئەل قاعیدە نیە بە قەدەر ئەوەی من نیگەرانــی ڕووداني ڕوبەڕبونەوەم لە نێوان حکومەتی مەرکــەزی و پێکهاتە جیاوازەکانــی عێراقدا، یاخــود با نەڵێم ڕوبەڕوبونەوە، بەڵکو زیادبوونی ئەو هێرشە تیرۆریستیانەی کە بەئامانجی وروژاندنی لایەنــەکان دەدرێن بۆ ئــەوەی کارێکی مەترســیدار لەدژی ئەوی دیکە ئەنجام بدات. هەروەها من تووشــی سەرسوڕمان نابم ئەگەر ئەلقاعیدە سەرچاوەیەکی زیاتر تەرخان بکات بۆ چالاکیەکانی لە عێراقدا بــۆ پەرتکردنی ســەرنجی ئەمەریکا لە ئەفغانستاندا.

*** کارە تیرۆریســتیەکانی ئــەم دواییە لەعێراقدا بەســەرەتایەکی نوێ دادەنرێن لەناکۆکی نێوان شــیعە و ســوننەکاندا، چونکە ئەم کردەوانە پەیوەســتن بەکاری ناوخۆییــەوە، نــەك هێزێکــی دەرەکی وەك ڕێکخراوی ئەلقاعیدە، پرســیارەکە ئەوەیــە ئایا تا چ ڕادەیەك ئەم کردەوانە دەبنەهۆی سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆی لەنێوان شیعە و سوننەکاندا؟**

- لەڕاســتیدا ئاست و مەودا و گەورەیی ئــەم ڕووداوانە، بەتایبەتــی ئەو زنجیرە تەقینەوانەی بەغدا، مایەی چاوکردنەوە و ڕاچڵەکاندنن، ئەو ڕاستیەیان خستەڕوو کە هێشتا دۆخی ئەمنی بەو شێوەیە پارێزراو نییە کە زۆرێك لەئەمەریکی و عێراقیەکان ئومێدیان بۆ دەخواست. هەروەها من زۆر نیگەران نیم لەئاســت ئەگەری شەڕی نێوان شیعە و سوننەکاندا، بەقەدەر ئەوەی نیگەرانی هەڵکشــانی بەرهەڵســتکاریم لەهەمــوو لایەکــەوە دژی دەســەڵاتی مالیکــی کاتێك هەوڵــی فراوانتکردنی دەسەڵاتە مەرکەزیەکەی دەدا.

*** یەکێکی دیکە لەکێشــە هەســتیارە هەڵپەسێردراوەکان، کێشەی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقیە، وەك ماددەی ١٤٠، کێشــەی هێزەکانی پێشــمەرگە، دابەشــکردنی داهاتەکانی نــەوت، کە هەموو ئەمانە لەدەســتووردا چارەسەریان بۆ دەستنیشــانکراوە، بەڵام ســەرۆك وەزیرانــی عێــراق ئامادەی یەکلاکردنەوەیان نییە، ئایا تا چ مەودایەك ئەمــە دەبێتە ســەرچاوەی خراپتربوونی بارودۆخەکە؟**

- من زۆر نیگەرانم لــەوەی لە کاتێکدا مالیکــی ســەرقاڵی و ســەرگەرمی هێورکردنــەوەی گــرژی نێوان شــیعە و ســوننەکانە، لــە ڕێــی ئاوێتەکردنی

سوننەکانەوە لە هاوپەیمانێتییەکدا و لە ڕێی ڕازیکردنیانەوە، ئەوا ئەمە ببێتەهۆی ڕودانی ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ کوردەکاندا، بە تایبەتی کە هەردوو پارتە سەرەکییەکەی کوران ئامادەنین دەست لەداواکاری ئەنجامدانی ڕاپرسی لەسەر چارەنووسی کەرکوک هەڵبگرن، کە بەدڵنیاییەوە تورکمانەکان بایکۆتی دەکەن و ڕەنگە عەرەبەکانیش، من هیچ چارەسەرێك بەدی ناکەم کە ببێتەهۆی ڕازیکردن و هێنانەدی بچووکترین مەرجی لایەنەکان، هەرچەندە من دەزانم کەسانێکی لەمن ژیرتر هەن کە دەتوانن چارەسەرێك بدۆزنەوە، بەڵام من بەمشێوەیە بەدی دەکەم.

*** هەندێ لەشارەزایان پێیانوایە هۆکاری ئەم کردەوانە بۆ پارەمەتیدانی چەند دەوڵەتێکی دراوسێ دەگەڕێتەوە بۆ سوننەکان، بەتایبەتی سعودیە، ئەمە لەکاتێکدا سەرۆکوەزیران کێشەکانی پەیوەست بەعەرەبەکانی وڵاتەکە و بەحکومەتی عێراقی چارەسەرنەکردووە، ئایا پێتوایە ئەم دەوڵەتانە هەوڵی پارمەتی سوننەکان دەدەن یاخود هەوڵی ناسەقامگیرکردنی بارودۆخی عێراق دەدەن؟**

- ئەوە دووچاری سەرسوڕمانم ناکات، لەبەرئەوەی نیشانەی ئەوە لەئارادایە کە ئەنجامدەرانی تەقینەوەکان لەسوریاوە هاتوون و لەم دوایەشدا ڕاپۆرتگەلێك بلاوبونەوە باس لەزیادبوونی دزەکردنی چەکداران دەکەن لەسوریاوە بۆ عێراق و من پێموایە لەبەر بوونی ڕادیکاڵەکان لەسوریا، ئەوا ئەو وڵاتە نەیتوانیوە هاوکاریەکی تەواو بکات لەپاراستنی ئاسایشی سنوورەکان لەگەڵ عێراقدا، کە ئەمە یەکێکە لەداواکاریەکانی ئیدارەی ئۆباما، بەدڵنیاییەوە ئیدارەی ئەمەریکا داواکاریەکی زۆری هەیە لەو وڵاتە، بەڵام نیگەرانی من ئەوەیە کە ئەولەویەتی نەدرێت بەمەسەلەی پاراستنی ئاسایشی سنوورەکانی نێوان عێراق و سوریا و لەبری ئەوە پتر بایەخ بە ئاشتی نێوان سوریا و ئیسرائیل یان هاوکاری نێوان سوریا و لوبنان بدرێت.

*** عێراق بەرەو ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی دەڕوات، زۆرێك لە چاودێران پێشبینی هەڵکشانی توندوتیژی دەکەن، ئایا تا چ ڕادەیەك ئەگەری هەرەسهێنانی دۆخە ئەمنیەکە دەکرێت ئەگەر بارودۆخەکە بەم شێوەیە بەردەوام بێت؟**

- بەدڵنیاییەوە ئەوە یەکێکە لەمەترسیەکان، چونکە نەبوونی ئیجماعێکی سیاسی بەرفراوان، یاخود تێگەیشتنێکی سیاسی بەرفراوان لەنێوان لایەنەکاندا زەمینە خۆشدەکات بۆ هێزە دەرەکیەکان بۆ ئەوەی دۆخەکە ئیستیغلال بکەن، هەروەها نەگەیشتن بەم ڕێککەوتنە ئەوەندەی دیکە دەرگا بە ڕووی زیادبوونی توندوتیژدا ئاوەڵا دەکات. لە ڕاستیدا من نازانم پلانی ئۆباما چیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم حاڵەتەدا.

*** زۆرێك لە شارەزایانی سیاسی پێشبینی گۆڕانی نەخشەی سیاسی عێراق دەکەن، بۆ نموونە کورد و سوننە و شیعەکان هەر یەکەیان لەبەرەیەکدابن و هاوپەیمانێتی لەگەڵ یەکدا نەکەن، ئایا ئەمە تا چ ئاستێك دەبێتە مایەی هەڕەشە بۆ سەر یەکێتی و یەکپارچەی عێراق؟**

- نیگەرانی سەرەکی من ئەوەیە ئۆباما بایەخی پێویست بەلێکنزیکردنەوەی لایەنە عێراقیەکان نادات بۆئەوەی بگەنە ئیجماعێکی سیاسی لەنێو خۆیاندا، بەڵکو تەرکیزەکە زیاتر لەسەر ئەفغانستانە.

*** هەندێ لە چاودێرانی سیاسی پێیانوایە کێشەکە لە سیاسەتی سەرۆك وەزیرانی عێراقدایە، لەبەر ئەوەی هەمیشە هەوڵی قەناعەتپێهێنانی ئیدارەی ئۆباما دەدات بە توانای هێزە ئەمنیەکانی عێراق بۆ هێنانەدی سەقامگیری، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەم تەقینەوانەی دوای تا چەند دەبنەهۆی ناچارکردنی ئۆباما بە پێداچونەوەی سیاسەتەکانی؟**

- تەنها تەقینەوەیەك سیاسەتەکانی ئەمەریکا ناگۆڕێت لەئاستی عێراقدا، بەڵام ئەگەر ئاستی توندوتیژیەکان بەرەو هەڵکشان بچن، ئەوا بەدڵنیاییەوە ئۆباما لە ژێر گوشاردا دەبێت بۆ ئەوەی پێداچونەوە بەخشتەی کشاندنەوەی هێزەکانی بکات لەعێراقدا. بەو پێیە ئۆباما لەو کاتەدا لەبەردەم دو ڕێگاچارەدایە یا دەبێت بەڵێنەکەی بێنێتەدی کە بە گەلی ئەمەریکای دا بۆ کشاندنەوەی هێزەکان، یان ئەنجامدانی ئەم کارە ئەو ئەگەر دروست دەکات کە ڕەنگە توندوتیژیەکان لە عێراقدا بەرەو زیادبوون بچن لەکاتێکدا وادەی کۆتایی کشانەوە نزیك دەبێتەوە، لەڕاستیدا هەندێ لەلیبراڵەکانی ئەمەریکا پێیانوایە دەبێت لەعێراقدا بکشێینەوە، گرنگ نیە چی ڕوودەدات. ساڵ و نیوێك بەر لەئێستا شای سعودیە لێدوانێکی دروستی دا کە مانای لێدوانەکەی ئەوەبوو کە ئەگەر کشانەوەی خێرای ئەمەریکا دەبێتەهۆی دروستبوونی شەڕی ناوخۆ ئەوا ئەرکی ئەمەریکایە ڕێگە نەدات عێراق پارچە پارچە بێت.

*** بەم دواییە ئۆباما پشتگیری خەڵکانی عێراقی کرد بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی، ئایا ئەم تەقینەوانەی ئەم دواییە دەبنەهۆی ئەوەی ئیدارەی ئۆباما هەوڵەکانی خێراتر بکات لەم ڕووەوە؟**

- ئەگەر هەموو هەفتەیەك ئەم تەقینەوانە ڕووبدەن، یاخود بەچەشنی دوو ساڵ پێش ئێستا توندوتیژی ڕوویدات، ئەوا ئۆباما دەکەوێتە ژێر گوشارەوە بۆئەوەی کارێك ئەنجامبدات، ئەو کارە چیە لە ڕاستیدا من نازانم.

*** چۆن ئایندەی عێراق دەبینیت، ئایا پێتوایە عێراق بەیەکگرتوویی دەمێنێتەوە ئەگەرچی ئەم کێشانەش چارەسەرنەکرێن؟**

- قەناعەتم وایە لەماوەی ٥ ساڵ بۆ ١٠ ساڵی داهاتوودا عێراق ئایندەیەکی باشی دەبێت، بەڵام ئایا لەماوەدای نزیکدا چی ڕوودەدات بەتایبەتی کە هێزەکانی ئەمەریکا دەکشێنەوە عێراقیەکانیش هەوڵدەدەن خۆیان لەگەڵ ئەم پاشەکشەیەدا بگونجێنن، مشتومڕەکە لەئەمەریکا ئەوەیە ئایا عێراقیەکان جێبهێڵین بۆئەوەی خۆیان بگەنە ڕێککەوتن یاخود ئەمەریکا پابەندبونێکی درێژخایەنی هەبێت لەئاست عێراقدا، من پێموایە هەموو ئەمانە دەوەستنەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و لەسەر ئەوەی ئایا توندوتیژیەکانی لە عێراقدا زیاد دەکەن یاخود نا.

**نیگەرانی سەرەکی من ئەوەیە ئۆباما بایەخی پێویست بەلێکنزیکردنەوەی لایەنە عێراقیەکان نادات بۆئەوەی بگەنە ئیجماعێکی سیاسی لەنێو خۆیاندا، بەڵکو تەرکیزەکە زیاتر لەسەر ئەفغانستانە**

**تەنها تەقینەوەیەك سیاسەتەکانی ئەمەریکا ناگۆڕێت لەئاستی عێراقدا، بەڵام ئەگەر ئاستی توندوتیژیەکان بەرەو هەڵکشان بچن، ئەوا بەدڵنیاییەوە ئۆباما لە ژێر گوشاردا دەبێت بۆ ئەوەی پێداچونەوە بەخشتەی کشاندنەوەی هێزەکانی بکات لەعێراقدا**

جیف سمیس تۆژەری ستراتیژی لەئەنجوومەنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆ گوڵان:

# هەوڵەکانی ژەنراڵ ئۆدیرنۆ بۆ پێکهێنانی هێزێکی هاوبەش لەنێوان ئەمریکاو پێشمەرگە و سوپای عێراق ئاڵۆزیی ناوچە جێناکۆکەکان کەمدەکاتەوە



**پرۆفیسۆر جیف سمیس یەکێکە لەتۆژەرە باڵاکانی ئامۆژگای ئەنجوومەنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی ئەمریکا لەعێراقدا، هەروەها یەکێکە لەراهێنەرانی کاری ئاسایش و هەواڵگری ئەمریکاش، بۆ قسەکردن سەبارەت بەرەوشــی ئێســتای عێراق و ئەو تەحەددی و مەترســیانەی رووبەڕووی ئایندەی عێراق دەبنەوە، پرۆفیسۆر سیمیس بەمجۆرە بۆچوونی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

دەبێت حکومەتی عێراق و ئەمەریکا کار لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکاندا بکەن بۆئەوەی چیتر هەڵنەستن بەجۆشدانی یاخیبون لەعێراقدا

*** مەترســی کارە تیرۆریســتیەکانی ئەم دواییەی بەغدا، لەگەڵ ئەوەی هەواڵیکی ناخۆشە، بەڵام هەســتناکرێت لێکترازانی لەبەرەی سیاســیدا دروســتکردبێت، ئایا تاچەند ئەم کردوە تیرۆریستیانە کاریگەری لەسەر باری سیاسیی عێراق دەبێت؟**

- من پێموایە ئاماژە سەرەتاییەکان ئیجابین، چونکە سەرکردە سیاســی و ئاینیەکانی هەردوولامان نەبینی هەڵبستن بە هاندانی لایەنگــران و شــوێنکەوتوانیان بۆ ئەوەی لەدژی یەکتری بوەستنەوە، بەپێچەوانەوەی ڕابردووەوە، جۆرێك لەبەرپرسیارێتی هەبوو، زیاتر جەخت لەســەر ئەوە کرایەوە ئەمانە هێرشگەلێکن و هەڕەشەن بۆ سەر تێکڕای عێراقیەکان.

*** ئایا پێتوایە دەوڵەتانی دراوسێی عێراق، هەوڵی یارمەتی ســوننەکان دەدەن یاخود هەوڵــی ناســەقامگیرکردنی بارودۆخی عێراق دەدەن؟**

- لە ڕاســتیدا ئەمە کێشەیەکە و چەندین ســاڵە درێژەی هەیە، نــەك هەر تەنها بە نیســبەت عەرەبــە ســوننەکانەوە، بەڵکو بەهەمان شــێوە شــیعەکانیش. ئێمە ئەوە دەزانین کە ســوریا کەناڵ و سەرچاوەیەك بوو بۆ یاخیبون لە عێراقدا، بە تایبەتی لە ڕووی تێپەڕینی چەکدار لە وولاتەوە بەرەو عێراق و یارمەتیدانی یاخیبوان، هەرچەندە بەرەوپێشــچونێك لــەم ڕووەوە ڕوویداوە و فەرماندە ســەربازیەکانی ئەمەریکا باس لە کەمبونــەوەی ڕەوتی ئەم یارمەتیدان و هاتنە نــاوەوەی یاخیبوانە دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا هێشــتا یارمەتیدانی دەرەکی بۆ یاخیبــون کۆتایی نەهاتــووە. لەلایەکی دیکــەوە مــن پێموانییــە هەماهەنگی کردن بۆ ئەنجامدانی ئەم هێرشــانە تەنها بەپشتگیری دەرەکی دەکرێن، بەڵکو ئەمە کێشەیەکی ئەمنیە و پەیوەندی بەناوخۆوە هەیە، لەگەڵ ئەوەشــدا دەبێت حکومەتی عێــراق و ئەمەریــکا کار لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکاندا بکەن بۆئەوەی چیتر هەڵنەستن بەجۆشدانی یاخیبون لەعێراقدا.

*** لەم بارودۆخەدا، عێراق بەرەو دۆخێکی ناســکتر هەنــگاو هەڵدەگرێــت، ئەویش قۆناخی هەڵبژاردنەکانــی داهاتووە، ئایا تاچەند ئەم باردۆخە لەگەڵ نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنەکان گۆڕانی بەسەردادێت؟**

- ئەمە زیاتر دەوەســتێتە ســەر ئیرادە و توانــای هێزە ئەمنیەکانــی عێراق، ئێمە دەزانین هێزە ئەمنیەکان توانیان بارودۆخە ئەمنیەکە بەرەوپێشببەن، بەڵام هەڵگرتنی هەنــدێ دیــواری کۆنکرێتــی و خاڵی پشــکنین_ کە ڕاستە تا ڕاددەیەك ژیانی خەڵکــی ئاســانکرد_ هەنگاوگەلێکی پێشــوەختن بەتایبەتی ئەگەر بارودۆخەکە بەتەواوەتی سەقامگیر نەبوبێت، لەبەرئەوە دەکرێت هەڵبژاردنەکان بەســەرکەوتوویی بەڕێوەبچن، توندوتیژیەکی کەم ڕووبدات، ئەگەر ڕێوشوێنی پێویست بگیرێتەبەر، کە ڕەنگە لەم چوارچێوەیەدا دووبارە دانانەوەی هەندێ لە دیوارە کۆنکرێتیەکان و خاڵەکانی پشکنین پێویست بن.

*** ئایــا پێشــبینی گۆڕانی نەخشــەی سیاســی عێراق دەکەن، ئەگەر نەخشەی سیاسیی عێراق گۆڕانی بەسەردا بێت ئایا تا چ ئاســتێك دەبێتە مایەی هەڕەشە بۆ سەر یەکێتی و یەکپارچەیی عێراق؟**

- ئێمە لــە ڕابردوودا ئەوەمان بەدیکرد کە عێراقیــەکان بەپێی دابەشــبوونە ئاینی و ئیتنی و تائیفیەکان هاوپەیمانێتیان پێکهێنا و ولاتــە یەکگرتوەکانــی ئەمەریــکاش عێراقیــەکان ناچارنەکرد جۆرێکی دیاری کراو لــە هاوپەیمانێتی پێکبهێنن، چونکە ئەمە مەســەلەیەکی ناوخۆییە و پەیوەستە بە عێراقیەکانەوە. لە ڕاســتیدا هۆکاری مەعقول لە ئارادایە بۆ ئەوەی باوەڕبکەین

کە هاوپەیمانێتییەکانی ئەم جارە جیاواز دەبن، ئەمە ئەگەر لە ئەزمونی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی ئەم دواییەوە بڕوانین، کە تێیدا پارتە ئاینی و تائیفیەکان دەرئەنجامێکگی خراپیان بەدەستهێنا و پارتە نیشتمانیەکان متمانەیەکی زیاتریان پێدرا، من هیودارام سەرکردە سیاسەکانی عێراقیش لەئاستی بەرپرسیارێتیدا بن و هەوڵبدەن کار بۆ تێکرایی عێراقیەکان بکەن نەك تەنها بۆ بەرژەوەندی گروپێکی دیاریکراو.

*** یەکێکی دیکە لەکێشە هەستیارە هەڵپەسێردراوەکان، کێشەی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقە، ئایا تا چ مەودایەك ئەمە دەبێتە سەرچاوەی خراپتربوونی بارودۆخەکە؟**

- لەڕاستیدا هەر لەسەرەتاوە کێشەی کورد یەکێك بووە لەکێشە سەرنجراکێشەکان و فەرماندە سەربازی و سەرکردە سیاسیەکانی ئەمەریکا بەکێشەیەکی جیدیان داناوە و من پێموایە نائۆمێدیەك هەبووە لەئاست هەوڵەکانی چارەسەرکردنی ئەم کێشانەدا، بەڵام پێدەچێت بەم دواییە هەندێ بەرەوپێشچونی ئیجابی هەبێت، بە تایبەتی کە ژەنراڵ ئۆدیرنۆ پێشنیاری پێکهێنانی هێزی هاوبەشی کردووە لەهێزەکانی پێشمەرگە، سوپای عێراق و هێزەکانی ئەمەریکا بۆئەوەی لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکاندا جێگیربن، من ئومێدەوارم ئەمانە ببنە مایەی دروستبوونی دەرفەتی زیاتر بۆ هاوکاریکردنی لایەنەکان لەگەڵ یەکدا. بەڵام من لەو باوەڕەدانیم باراك ئۆباما پێداچونەوە بەسیاسەتەکانیدا بکاتەوە لەم ڕووەوە، لەبەر ئەوەی مالیکی سەرۆك وەزیرانی هەڵبژێردراوی عێراقیەکانە، هەروەها لەدوای گەڕاندنەوەی سەروەری و دەسەڵات بۆ عێراقیەکان، ئەمەریکا ناتوانێت ڕۆڵێکی راستەوخۆ لەژیانی سیاسی عێراقیەکاندا ببینێت و شتێکی دیاریکراویان بەسەردا بسەپێنێت یاخود ناچاریان بکات بە شێوازێکی دیاری کراو کار بکەن، ئۆباما دەتوانێت هانی مالیکی بدات کێشەکانی لەگەڵ کوردەکاندا چارەسەربکات، بارودۆخی ئەمنی باشتر بکات و ئەگەر مالیکی داوای یارمەتی کرد ئەوا ئەمەریکا بە دەم داواکاریەکەیەوە دەچێت.

*** بەڵام چەند دەنگوباسێك هەن ئاماژە بەوە دەکەن کە بەم دواییە ئیدارەی ئەمریکی ئامادەبشی پیشانداوە بۆ ئەوەی هاریکاری عێراقیەکان بکاتبۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان، ئایا تاچەند ئیدارەی ئەمریکا دەتوانێت هاریکاری عێراقیەکان بکات؟**

- وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەو کاتە دەتوانێت یامەرتی عێراقیەکان بدات، ئەگەر هاتوو لەلایەن نوێنەرانی عێراقیەکانەوە داوای لێکرا، چونکە هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد ڕۆڵ و کاریگەری ئەمەریکا بەهۆی ڕێککەوتنامە ئەمنیەکە و گەڕاندنەوەی دەسەڵات بۆ حکومەتی عێراقی کەم بۆتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمەریکا بەردەوام دەبێت لە هاندان و پشتگیری کردنی عێراقیەکان بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە.

*** شارەزا سیاسییەکان لەپێش تەقینەوەکانی ئەم دواییە باسیان لەبەرەوپێشچوونی دۆخی ئەمنی دەکرد، بەڵام ئایا ئەم کردەوانە تا چ رادەیەك دەبنەهۆی گۆڕینی تێروانین و بۆچوونی عێراقیەکان؟**

- ئێمە پێشبینی ئەوەماندەکرد هێزە یاخیگەرەکان هەوڵی ناسەقامگیرکردنی حکومەتی مەدەنی عێراق و تێکدانی ئاشتی و ئاسایشی وڵاتەکە بدەن، بەڵام ئێمە هیواداربووین بتوانین بەهۆی ڕێو شوێنە ئەمنیەکانەوە لە کاریگەریان کەم بکەینەوە. من پێموانییە لەدوای ئەم تەقینەوانەوە ئەمەریکا بەشێوەیەکی جیاوازتر لەمالیکی بڕوانێت، چونکە ئەم جۆرە ڕووداوانە لەو کاتانەشدا ڕویاندا کە ئەمەریکا جڵەوی دۆخە ئەمنیەکەی بەدەستەوەبوو، واتە هەندێ لەم ڕوداوانەی ڕێگەڵێنە گیراون، ناتوانرێت ڕێیان لێناگیرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بوونە هۆی ئەوەی عێراقیەکان پرسیار لە توانای هێزە ئەمنیەکان بکەن بۆ پاراستنی بارودۆخەکە و من پێم وایە عێراقیەکان و ئەمەریکاش چاوەڕوانی ئەوە لە مالیکی دەکەن کە ڕێوشوێنی پێویست بگرێتەبەر لەم ڕووەوە و دەستگیرکردن و لێپرسینەوەش لە هەندێ لە فەرماندەکانی هێزەکانی عێراق لە لایەن مالیکەوە ئاماژەیەکی باشە و هیواداریین بە دواداچون بۆ ئەم مەسەلەیە بکات.

*** تاچەند لە داهاتوودا، سەرۆك ئۆباما بایەخی ئیدارەی ئەمریکا بۆ عێراق دەگێڕێتەوە؟**

- من لەو باوەڕەدانیم ئەلقاعیدە بتوانێت دووبارە بگەڕێتەوە بۆ عێراق و پێگەی خۆی بەهێزبکاتەوە لەو لاتەدا، لەبەر ئەوەی عێراقیەکان ئەم ڕێکخراوەیان ڕەتکردەوە، تێڕوانینی ئەم ڕێکخراوەیان ڕەتکردەوە دوای ئەوەی بۆیان دەرکەوت کە بایەخ بە ژیانی عێراقیەکان نادات و تەنها لە هەوڵی جێبەجێکردنی ئەجێندای خۆیدایە، لەبەر ئەوە پێم وایە ئەل قاعیدە ناتوانێت بۆ ماوەیەکی دووردرێژ درێژە بە مانەوەی خۆی بدات و بنکیەکی بەهێز لە عێراقدا دابمەزرێنێت ئەگەر عێراقیەکان پشتگیری لێنەکەن، ڕاستە دەتوانێت کات و ئامانجەکانی هێرشەکانی دەستنیشان بکات، بەڵام بێ پشتگیری عێراقیەکان ناتوانێت بەردەوام بێت. ئەوەی پەیوەندی بەئەفغانستانەوە هەبێت، ئەوا ڕاستە ئۆباما جەخت لەسەر ئەفغانستان دەکاتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا پابەندە بە خشتە زەمەنیەکەی کشاندنەوەی هێزەکانی لەعێراقدا، پابەندە بە ڕێککەوتنە ئەمنیەکەوە و من لەو باوەڕەدام ئەگەر پێویست بەهەموارکردنەوەی ڕێککەوتنەکە بکات، یاخود عێراقیەکان داوای یارمەتی بکەن، ئەوا ئۆباما پێشوازی لەڕاسپاردەکانی فەرماندە سەربازیەکان دەکات.

*** چۆن ئایندەی عێراق دەبینیت، ئایا پێت وایە عێراق بە یەکگرتوی دەمێنێتەوە ئەگەرچی ئەم کێشانەش چارەسەرنەکرێن؟**

- بەڵێ من لەو باوەڕەدام بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە، چونکە هەر مانەوەی عێراق لەماوەی پێنج بۆ شەش ساڵی ڕابردوودا، دوای ئەو هەموو بارودۆخە خراپە و شەڕە ناوخۆییانە، کە تاقیکردنەوەبوون بۆ ئیرادە و هەستی نەتەوەی عێراقیەکان خۆی لەخۆیدا ئاماژەیە بۆ مانەوەی ئەم وڵاتە بەیەکگرتوویی. ئایندەی عێراق پشت بەسەرکردەکان دەبەستێت، چۆن دەتوانن بەرژەوەندیە بەرتەسکەکانی خۆیان وەلابنێن و کار بۆ ئایندەی وڵاتەکە بکەن، ئەگەر سەرکردەکان دەسەڵات بۆ گەندەڵی و هاندانی لایەنگرانیان دژی گروپە ئیتنی، تائیفیەکانی دیکە بەکاربهێنن، هەرگیز عێراق سەرکەوتوو نابێت، بەڵام ئەگەر سەرکردەکان لەئاست بەرپرسیارێتیدا بن، ئەوا دەتوانن بۆ جیهانی بسەلمێنن کە ئەوانیش چەشنی گەلانی دیکە سەرکردەکانی خۆیان هەڵدەبژێرن و چەشنی گەلانی دیکە گەشەدەکەن و لەئاشتیدا دەژین.

**لەدوای گەڕاندنەوەی سەروەری و دەسەڵات بۆ عێراقیەکان، ئەمەریکا ناتوانێت ڕۆڵێکی راستەوخۆ لەژیانی سیاسی عێراقیەکاندا ببینێت و شتێکی دیاریکراویان بەسەردا بسەپێنێت**

**من پێموانییە لەدوای ئەم تەقینەوانەوە ئەمەریکا بەشێوەیەکی جیاوازتر لەمالیکی بڕوانێت، چونکە ئەم جۆرە ڕووداوانە لەو کاتانەشدا ڕویاندا کە ئەمەریکا جڵەوی دۆخە ئەمنیەکەی بەدەستەوەبوو**



# پەرەپێدانی سیاسیی و بەرزکردنەوەی هۆشیاری کۆمەڵگە پارتە سیاسیەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی

لە وڵاتانی پێشکەتووی دیموکراتی پەرەپێدانی سیاسیی بەشێکە لە پەرەپێدانی بواری پەروەدەو فێرکردن، ئەم پەرەپێدانانە لە قۆناخەکانی سەرەتایی پەروەردەو فێرکرنەوە دەست پێدەکات، هەربۆیە هۆشیاری سیاسیی کۆمەڵگەش بەردوام لەبەرەو پێشەوە چوون و خۆتازەکردنەوەدا دەبێت، بەڵام لەو وڵاتانەی لە دەسپێکی پرۆسەی بونیادنانەوە و دەسپێکی پرۆسەی دیموکراتیدان ناکرێت بۆ سەرخستنی ئەم پرۆسە گرنگە چاوەرێی ئەوە بکەن تا نەوەیەکی نوێ لە چوارچیوەی ئەو سیستمە پەروەردەیە پێشکەتووە پێدەگات کە لە ئایندە بونیاد دەنرێت، بۆیە هاوکات لەگەڵ هەنگاو هەڵگرتن بۆ بونیادی سیستمێکی هاوچەرخی پەروەردەو فێرکردن، ئەرکی پەرەپێدانی سیاسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگە، دەبێتە ئەرکی سەرەکی ئەو حزبە سیایانە کە ئەرکی بونیادی دیموکراتی لە دەسپێکدا لە ئەستۆ دەگرن، بۆیە دەشڵین دەبێت لەسەرەتاوە پارتە سیاسیەکان ئەم ئەرکە گرنگە لە ئەستۆ بگرن، لەبەر ئەوەی بونیادی دیموکراتی هاوچەرخ لە وڵاتانی جیهانی سێیەم لەسەر بنەمای دەستوورێکی لیبرالی مەدەنیەوە هەنگاو بۆ دیموکراتی هەڵناگرێت، کە خودی دەستوورە لیبرالیەکە زەمینەی دیموکرتتیبوون پارتە سیایەکان ڕێکبخات، ئەمە شیوازی سەرهەڵدانی دیموکراتی لیبرالیە لە رۆژئاوا، بەڵام لە جیهانی ئەمرۆ ئەو وەرچەرخانانەی لە کۆمەڵگاکاندا روودەدەن، زۆربەی زۆریان وەرچەرخانە لە سیستمێکی تۆتالیتاریەوە بۆ بونیادی دیموکراتی، کەواتە قۆناخی وەرچەرخان لە جیهانی سێەم جیاوازە لەو قۆناخەی کەدەوڵەتانی رۆژئاوا تێیان پەراندووە و راگواستن بووە لە لیرالیزمەوە بۆ دیموکراتی و پێکەوە بەستنەوەی لیبرالیزم و دیموکراسی پێکەوە لە چوارچیوەی سیستمێکی تازە کە هەڵگری هەردوو لایەنەکە هەم دیموکراسی و هەم لیبرالیزم و پێکەوە سیستمی لیبرال دیموکراتی پێکهێناوە، ئەمە خاڵێکی گرنگە کاتێك باسی بونیادی دیموکراسی لە دەوڵەتانی تازە پێگەیشتووی وەك هەرێمی کوردستان دەکەین، لەم جۆرە کۆمەڵگایانە حزبە سیایەکان ئەرکێکی مێژوویان دەکەوێتە



سەرشان و ئەم ئەركە گرنگە لە پیادەكردنی دیموكراتی لە ناو خودی حزبەكانەوە دەست پێدەكات، بۆیە كاتێك حزبە سیاسیەكان لە ناو رێكخستن و ئۆرگانە حزبیەكاندا بە شێوەیەكی دیموكراتیانە كاری سیاسیی پیادەبكەن، كلتووری دیموكراتی لە ناو رێزەكانی خۆیان بچەسپێنن، ئەوا كاتێك ئەم ئەزموونە لە ناو كۆمەڵگە پیادە دەكەنەوە و لە رێگەی سندوقەكانی دەنگدانەوە دەچنە ناو حكومەت یان لەبەرەی ئۆپۆزسیۆندا خۆیان دەبینەوە هەست بە پێداویستیەكانی كۆمەڵگەی دیموكراتی دەكەن و ئەركە قورسەكەی پەرەپێدانی سیاسیی لەگەڵ ئەو رێكخراو دامەزراوانە بەشدەكات كە پێویستە لە كۆمەڵگەیەكی دیموكراتیدا بوونی هەبێت، بۆیە بوار دەرخسێنێت، بۆ دروست بوون و سەرهەڵدانی رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی و دامەزراوەكانی میدیای ئازاد، رۆڵ و ئەركی كۆمەڵگەی مەدەنی لە پێناوی بەرژەوەندی كۆمەڵگە نیە، وەك هەندێك جار لە كوردستان گوێ بیستی دەبین كاری رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی دەبێت بۆ بەرژەوەندی گشتی بێت، نەخێر كاری رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی بایەخدانە بە بەرژوەندیە تایبەتیەكانی توێژێكی دیاریكراو لە كۆمەڵگە، بەڵام ئەم بایەخدانەی رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی بەو بەرژەوەندیە تایبەتانە، حزبەكان دەیگۆرن بۆ ئاستی بەرژەوەندی گشتی و نیشتمانی،هەروەها رۆڵی میدیای ئازادیش بەهەمان شیوەیە میدیای ئازاد دەنگی ئەو تاكانە دەگەیەنێتە دەسەڵات كە بە ئاسانی دەنگیان ناگاتە دەسەڵات، كەواتە كاری میدیای ئازادیش گەیاندنی دەنگی تاكەكانە بە دەسەڵات، بەڵام حزبە سیاسیەكان دیسان ئەو بەرژەوەندیانەی میدیای ئازاد لەسەر ئاستی بەرژەوەندی تاك دەیوروژێنێت لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی پێكەوە گرێداتەوە، كەواتە میدیای ئازاد ورێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی دەبنە هاریكار و یارمەتیدەر بۆ ئەركێكی گرنگی حزبەكان كە پێویستە لەو قۆناخە مێژوییە دیاریكراوە لەئەستۆی بگرن.

بۆ زیاتر رۆچوون لەسەر ئەم پرسە گرنگە، كۆمەڵێك بیرمەند و پسپۆر لەم راپۆرتە بەشداریان كردووین كە ئەمە بۆ چوونەكانیانە.

**بیرمەندی ناسراوی جیهانی پرۆفیسۆر لاری دایمۆند ئەو کەسایەتیە دیارەی ناوەندە ئەکادیمیەکانی ئەمریکایە، کە ئەمریکا دوای رووخانی رژێمی سەدام حوسێن وەك راوێژکاری دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان بۆ عێراق دەسنیشانی کرد بۆئەوەی هاریکاری دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمان و عێراقیەکان بکات، بۆ بونیادی دیموکراتی لەعێراقدا، پرۆفیسۆر دایمۆند زۆر لەسەر ئەم کارەی بەردەوام نەبوو، لەبەرئەوەی دوای ئەوەی لەزانکۆی کوفە سیمینارێکی سەبارەت بەچۆنیەتی دیموکراسیەتی عێراق پێشکەشکرد، دەستی لەکارکێشایەوە و بەدەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانانی لەعێراق راگەیاند، بونیادی دیموکراتی لەعێراق زەحمەتە، ئەم وڵاتە لەبری ئەوەی بەرەو دیموکراتی هەنگاو هەڵبگرێت بەرەو شەڕی ناوخۆ هەنگاو هەڵدەگرێت، ئەم هەواڵەی دایمۆند، جێگەی سەرسورمانی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمان و بەشێکی زۆری وەزارەتی دەرەوە و کۆشکی سپیش بوو، بۆیە کۆنگرێس دانیشتنێکی تایبەتی بۆ گوێگرتن لەبیروبۆچوونەکانی و هەروەها ئەو هۆکارانەی دایمۆندیان گەیاندۆتە قەناعەت، بەوەی عێراق بەرەو شەڕی ناوخۆ هەنگاو هەڵدەگرێت، نەك دیموکراتی، ئەم بیرمەندە جیهانییە پێشتر سەردانی هەولێریشی کردووە و لەسەر رەوشی سیاسیی و هەنگاوەکانی دیموکراتی لەکوردستان ئاگادارە، بۆیە سەبارەت بەکاریگەری رۆڵی پارتە سیاسیەکان لە دیموکراسی، لاری دایمۆند بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

### لاری دایمۆند بیرمەندی ناسراوی جیهان لەسەر پرسی دیموکراسی بۆ گوڵان:

# ئەوکاتە پارتە سیاسیەکان دەتوانن لە پتەوکردنی کەلتوری دیموکراسیدا بەشداربن کە رێز لە بەها دیموکراسیەکان بگرن و لە ناخۆی پارتەکاندا پێوەی پابەند بن

**ئەوکاتە پارتە سیاسیەکان دەتوانن بەشداربن لەپتەوکردنی کولتووری دیموکراسیدا کە رێز لەبەها دیموکراسیەکان بگرن و لەژیانی ناوخۆی خۆیاندا پەیڕەوی بکەن و شەفاف بن لەئەداکردنی ئەرکەکانیاندا**

*** ئێوە یەکێکن لەو کەسە دیارانە بایەخ بەپێشکەوتنی دیموکراتی لەسەر ئاستی جیهان دەدەن، ئایا لەدیموکراتیەکانی هاوشێوەی هەرێمی کوردستاندا چۆن دەتوانرێت پەرەپێدانی سیاسیی ئەنجامبدەین؟**

- دەکرێت ئەم کارە لەڕێی ئەزمونی سیاسیەوە بکرێت، دەبێت کۆمەڵگەیەکی مەدەنی چالاك هەبێت، ژمارەیەکی گەورەی رێکخراوە ناحکومیەکان لەئارادابن کە خەڵکی بەشداری پێبکەن و هاوکاری یەك بکەن و هەوڵبدەن لەڕێی کارکردن لە ناو واقیعی کۆمەڵگەکەدا ئەزموون و شارەزایی بەدەستبهێنن، هەروەها کۆمەڵگە پێویستی بەبەرنامەی پەروەردەی مەدەنی هەیە، کە ئەم بەرنامانە لەقونابخانەکاندا بخوێنرێن و گەورەکانیشی پێگۆشبکرێن، بەتایبەتی ئەوانەی لەسایەی دەسەڵاتێکی شمولیدا ژیاون بۆ ئەوەی پەرە بەبەهرە و بەها و زانیاریەکانیان بدرێت تاوەکو بتوانن لەگەڵ دۆخ و هەلومەرجە نوێیەکەدا خۆیان بگونجێنن.



*** پارتە سیاسییەکان یەکێك لەو دامەزراوانەی ئەم کارە وەك بەشێك لەبەرنامەی خۆیان سەیردەکەن، ئایا چۆن پارتە سیاسییەکان دەتوانن لەم پرۆسە گرنگە رۆڵێکی باش بگێڕن؟**

- پارتە سیاسیەکان دەتوانن لەڕێی رێزگرتن لەبەها و نۆرمە دیموکراتیەکانەوە ئەم کارە بکەن، چونکە ئەگەر پارتە سیاسیەکان تەنها هەوڵی جۆشدانی خەڵك بدەن، بە چەشنێك کار بکەن کە دەسەڵاتەکان تەنها لەدەستی سەرکردەکاندا کۆببنەوە، ئەوا ناتوانن بەشداربن لەچاندن و چەسپاندنی بەها دیموکراسیە ڕاستەقینەکاندا، کەواتە ئەوکاتە پارتە سیاسیەکان دەتوانن بەشداربن لەپتەوکردنی کولتووری دیموکراسیدا کە رێز لەبەها دیموکراسیەکان بگرن و لەژیانی ناوخۆی خۆیاندا پەیڕەوی بکەن و شەفاف بن لەئەداکردنی ئەرکەکانیاندا، دەبێت دەرفەت بۆ بەشدارکردنێکی ڕاستەقینە بخوڵقێنن. یەکێك لەکێشەکانی وڵاتە تازە دیموکراسیەکان ئەوەیە کە پارتە سیاسییەکان دەسەڵاتیان لەدەستی کەسانێکی کەمدا قۆرغکردووە،

شەفاف نین و ڕێگە بەکرانەوە بەشداری هاوڵاتیان نادەن.

*** ئایا چۆن دەکرێت سەرەتا ئەم پارتانە دیموکراسی لەژیانی ناوخۆی خۆیاندا پیادە بکەن؟**

- بەکرانەوەی زیاتری ئەم پارتە سیاسیانە و کارکردن بە ئاراستەی پتەوکردنی دیموکراسی لەناو خۆی ئەم پارتانەدا و لەڕێی ئەنجامدانی هەڵبژاردن پاك و عادیلانە بۆ دیاریکردن و دەستنیشانکردنی سەرکردەکانیان، هەروەها دەبێت پالێوراوەکانی ئەم پارتانە لە لایەن ئەندامەکانەوە دیاری بکرێن و هەڵبژێردرێن. دەبێت ڕێساگەلێکی ڕوون هەبێت و چاکسازی دامەزراوی بکرێت لەم پارتانەدا.

*** بەڵام ئەگەر پارتە سیاسیەکان خۆیان دیموکراسی نەبن، چۆن دەتوانن ببنە هۆکارێك بۆ هێنانەی دیموکراسی لە کۆمەڵگەدا؟**

- دەبێت لەلایەن هاوڵاتیانەوە گوشار بخرێتەسەر پارتە سیاسییەکان، واتە دەبێت هاوڵاتیان لە ڕێی خۆڕێکخستنیانەوە بە شێوەیەکی سەربەخۆ هەوڵی دروستکردنی گوشار و ناچارکردنی پارتە سیاسیەکان بدەن بۆ ئەوەی پتر دیموکراسی بن لە ناوخۆیاندا، هەروەها ئەمە لە ڕێی ڕەخساندنی دەرفەتی ململانێ و بەشدارپێیکردنی هاوڵاتیان و چەسپاندنی شەفافیەتەوە دەکرێت.

*** چۆن لەسیستمی حزبایەتی دەڕوانیت لەهەرێمی کوردستاندا؟**

- بەچەشنی دیموکراسیە تازەکانی دیکە، کێشەکە لەهەرێمی کوردستاندا ئەوەیە پارتە سیاسیە باڵادەستەکان وەك پێویست دیموکراسی نین لە بونیاد و کارکردنیاندا، من بانگەشەی ئەوە ناکەم لەم ڕووەوە شارەزاییەکی زۆرم هەبیە لەبەرئەوە ناچمە وردەکاریەکانەوە، بەڵام ئەوەندە دەزانم پارتە سیاسیە سەرەکیەکان سوودمەند دەبن لەئەنجامدانی چاکسازی ناوخۆیی، هەروەها پێویست بەگرتنەبەری ڕێوشوێنی زیاتر دەکات بۆ چاودێریکردنی کاریگەری و دەستڕۆیشتوی پارتەکان لەناو حکومەتەکەدا، ئەمەش لەپێناو ئەوەی کارەکانی حکومەتی بەپێی ستانداردێکی باڵا ئەنجامبدرێت و هەوڵ و کۆششی سەختتر بکرێت بۆ کۆنترۆڵکردنی گەندەڵی.

*** ڕۆڵی موعارەزە چۆن دەبینیت؟**

- ڕۆڵێکی گرنگە بەتایبەتی ئەگەر کارەکانی حکومەت بپشکنێت و وەك بەدیلی پارتی حکومڕان خۆی تەرح بکات، ئێمە لەسیاقەکانی دیکەدا ئەوە دەبینین کە دوو پارتی سەرەکی هەن و یەکێکیان لەدەسەڵاتدایە ئەوی دیکەیان کارەکانی حکومەتی دەخاتە ژێر پشکنین و چاودێریەوە، بەڵام بەلەبەرچاوگرتنی مێژووی پڕ لەکارەساتی کوردەکان ئەوا دوو پارتە سەرکیەکە چوونەتە هاوپەیمانێتیەوە، لەبەرئەوەی دەرئەنجامەکە ئەوەیە ئەو لایەنە لە ئارادا نەماوە کە ئەم ڕۆڵە ببینێت، هەرچەندە کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوە سەربەخۆکان و ڕۆژنامەگەری سەربەخۆ دەتوانن کارەکانی حکومەت بخەنە ژێر چاودێریەوە.

*** کەواتە چۆن دەتوانرێت کۆمەڵگەیەکی مەدەنی چالاك لەم حاڵەتەدا دروست بکرێت؟**

- خەڵکی بۆ خۆڕێکخستن و خۆسازدانیان لەم ڕێکخراوانەدا پێویستیان بە سەرچاوە دەبێت، وەك سەرچاوەی دارایی، هاوکاری هونەری و مەشق و هتد، من پێمواییە دەکرێت و دەبێت ئەم یارمەتی و سەرچاوانە لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە دابین بکرێت، بەڵام دواتر دوای گەشەکردنی کۆمەڵگە و دوای ئەوەی خەڵکی دەتوانن پەرە بە پێگە و سەرچاوە ئابووریەکانی خۆیان بدەن، بەتایبەتی ئەوانەی لەکەرتی تایبەتدا کاردەکەن، ئەوا پێویستە یارمەتی ئەو کەسانە بدەن کە لە بواری کۆمەڵگەی مەدەنیدا کاردەکەن.

*** بەشداری خەڵك گرنگە لەدەسەڵاتدا، بەڵام ئەمە بەدەگمەن لە وڵاتانی جیهانی سێدا بەدیدەکرێت، ئایا هۆکاری ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خەڵکی بەهای ئەم بەشداریکردنە نازانن، یاخود دەسەڵاتی ڕێگایان پێنادات؟**

- من پێمواییە هەردووکیان لەئارادان، هەردووکیان دەبنەهۆی بەردەوامیدان بەوی دیکە، چونکە کاتێك خەڵکی ڕێگەیان پێدەدرێت لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگ بدەن و دواتر پەراوێز دەخرێن و دووردەخرێنەوە و تاوەکو خولێکی دیکەی هەڵبژاردن ڕۆڵیان نابێت و کاریگەریان نابێت، ئەوا خەڵکی دووچاری گۆشەگیری و دابڕان دەبنەوە، هەر ئەمەش وادەکات بوونی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و پەروەردەی مەدەنی گرنگ بێت چونکە بوار بۆ بەشداری هاوڵاتیان زیاتر دەکات، نەك تەنها بەشداری کردنەکەیان لە دەنگداندا کورتبێتەوە، ئەمەش وایانلێدەکات حکومەتی ناچار بکەن وەڵامی داخوازیەکان بداتەوە و لەئاست بەرپرسیارێتیەکانیدابێت، وەك دروستکردنی قوتابخانە و نەخۆشخانەکان، دروستکردنی ڕێگا بۆ گوندەکان و گۆڕینی هەندێ لەسیاسەتەکانی حکومەت، بەو شێوەیە دەبینین بەشداریکردنیان جیاوازی دروستدەکات لەسەر ژیانی خۆیان و دەوروبەریان، ئەمەش هانیان دەدات بۆ ئەوەی زیاتر بەشداری بکەن.

*** پەیامی تۆ چیە بۆ ئێمە لە هەرێمی کوردستانی عێراق؟**

- لەڕاستیدا بارودۆخی کوردەکان لەهەندێ ڕووەوە هاوشێوەی تایوانە، بۆ نموونە کوردستان لەڕووی ستراتیژیەوە لەدۆخێکی دژواردایە، هەروەها تا ڕاددەیەکی گەورە ئۆتۆنۆمی و ئاسایشی کوردەکان، تەنها ناوەستێتەسەر کارکردنی خۆیان، یان بە ژیری و کارایی سیاسەتەکانیان، بەڵکو پشت بە هاوسۆزی و پشتگیری گەمەکارە نێودەوڵەتیەکان دەبەستێت لە هەمویان گرنگتر وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا.

**یەکێک لەکێشەکانی وڵاتە تازە دیموکراسیەکان ئەوەیە کە پارتە سیاسییەکان دەسەڵاتیان لەدەستی کەسانێکی کەمدا قۆرغکردووە، شەفاف نین و ڕێگە بەکرانەوە بەشداری هاوڵاتیان نادەن**

**لەڕاستیدا بارودۆخی کوردەکان لەهەندێ ڕووەوە هاوشێوەی تایوانە، بۆ نموونە کوردستان لەڕووی ستراتیژیەوە لەدۆخێکی دژواردایە**

پرۆفیسۆر مایكل جۆنستۆن ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانكۆی كۆلگایت و سەرۆكی بەشی زانستی كۆمەڵناسیشە لەهەمـــان زانكۆ، یەكێكە لەدامەزرێنەرانی ڕۆژنامەی ریفـــۆرم و گەندەڵی (Corruption and Reform) هەروەها دانەری كتێبی گەندەڵی سیاسیی یە(Political Corruption: Concepts and Contexts) و تازەترین كتێبشی بەناونیشانی دیاردەكانی گەندەڵی: سامان، دەسەڵات، دیموكراسی یە، پرۆفیسۆر جۆنستۆن چەندین كاری ڕاوێژكاری نێودەوڵەتی بەڕێوە بردووە، وەك ڕاوێژكاری بانكی نێودەوڵەتی، ئەندامی لیژنەی نەزاهەی ویلایەتی نیویۆرك، ڕاوێژكاری ئاژانی پەرەپێدانی نێودەوڵەتـــی ئەمریكا بووە، هەروەها یەكێكە لەو توێژە ناودارانەی جیهانیش كە هاوكاری ئامۆژگای دیموكراتی نیشـــتمانی بۆ كاروباری نێودەوڵەتی (NATIONAL DEMOCRATIC INSTITUTE FOR INTERNATIONAL AFFAIRS) بۆ پشـــتگیری دیموكراتی لەجیهاندا، بۆ ئەم ئامۆژگایەش دیراســـەتێكی گرنگی ئامادەكردووە بەناونیشانی پارتی سیاســـیەكان و دیموكراســـی: لەسەر ئاســـتی تیۆری و پراكتیك، بۆ قسەكردن لەســـەر گرنگی ڕۆڵی پارتە سیاسیەكان لەدیموكراتی و ڕۆشنبیری سیایی كۆمەڵگە، بەڕێز پرۆفیسۆر جۆستۆن بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.

## پرۆفیسۆر مایكل جۆنستن پسپۆر و تایبەتمەند لەسەر پارتە سیاسیەكان بۆ گوڵان:

# ئەگەر ئۆپۆزسیۆن هەبوو، دەبێت بەهێز بێت و بەشێوەیەكی ئیجابی كاربكات نابێت تەنها كاری ڕێگرتن و دروستكردنی ئاستەنگ بێت

*** ئێمـــە دەزانیـــن كە ئاســـتی هۆشـــیاری كۆمەڵگە بەشـــێوەیەكی ڕاستەوخۆ پەیوەستە بەئاســـتی گەشەكردنی سیاسیەوە، واتە دەبێت مەعریفەی سیاســـی خەڵك لەئاستێكدا بێت لەسیاسەتەكانی حكومەت تێبگات، پرسیارەكە ئەوەیە چۆن بتوانین پەرە بەمەعریفەی سیاسی بدەین لەكۆمەڵگەدا؟**

- لەڕێی هاندانی خەڵكەوە بۆ بەشـــداریكردن لەپرۆســـە سیاســـیەكەدا، ئەویـــش لەڕێـــی قەناعەتپێهێنانیانـــەوە كە ئەمـــە خزمەت بە بەرژەوەندیەكانیـــان دەكات، بـــەو پێیـــە ئەمە دەبێتە هۆكارێك بۆئەوەی لەڕووی سیاســـیەوە هۆشـــیاربن، ئێـــوە لەپرســـیارەكەتاندا ئاماژە بەكرانەوە و هەنگاونان بەرەو دیموكراسی دەكەن وەك هۆكارێـــك بۆ بەرزكردنەوەی ئاســـتی هۆشیاری گشتی، لەگەڵ ئەوەشدا لەهەندێ دیموكراسیە دێرین و سەقامگیرەكاندا خەڵكی خۆیـــان بەنزیك نازانن لەپرۆســـەكە و ڕەنگە ئاســـتی هۆشـــیاری و زانیاریان لەو ئاستەدا نەبێت كە ئێمە پێشبینی دەكەین.

*** پارتە سیاســـیەكان هۆكارێكی باشـــن بۆ باشـــتركردن و پەرەپێدانی هۆشیاری سیاسی لە كۆمەڵگەدا، دەمانەوێت بپرسین چۆن پارتە سیاسیەكان دەتوانن ئەم ئەركە ئەدا بكەن؟**

- ڕۆڵی پارتە سیاســـیەكان ڕۆڵێكی گرنگە، بەتایبەتـــی ئەگەرهاتوو پارتە سیاســـیەكان




ململانـــێ لەگـــەڵ یەكـــدا بكەن لەســـەر هەموو ئاســـتەكان، هەرچەندە لەدیموكراسیە دێرینەكاندا زۆرجار ململانێكە ڕواڵەتیە زیاتر لەوەی ڕاســـتەقینە بێت، بـــۆ نموونە هەندێ جار لەئەمەریكا و بەریتانیا ململانێ لەســـەر ژمارەیەكی كەمی كورســـیەكانی دەسەڵاتی یاسادانان دەكرێت، بەگشتی من پێموایە ئەگەر پارتەكان ململانێ بكـــەن لەگەڵ یەكدا ئەوا ڕەلێكی باش دەبینیـــن، بەپێچەوانەوە ئەگەر پشت بەیەك ببەستن ئەوا دۆخێك باشی نییە.

*** پێویســـتە ســـەرەتا پارتـــە سیاســـیەكان دیموكراسی لەناوخۆیاندا پەیڕەو بكەن و دواتر كار بۆ بەدیموكراســـیكردنی كۆمەڵگەكەیان بكەن، كە ئەم حاڵەتە لە پارتە سیاســـیەكانی وڵاتانی جیهانی ســـێدا بـــەدی ناكرێت، ئایا چۆن دەكرێت ســـەرەتا ئەم پارتانە دیموكراسی لەژیانی ناوخۆی خۆیاندا پیادە بكەن؟**

- بەدڵنیاییەوە ئاستی دیموكراسی و شەفافیەت لەناو خودی حزبەكاندا گرنگە، بەهەمان شێوە سەركردایەتی بەهێز و دیســـپلینیش پارتەكان ئەكتیڤ دەكات، كەواتە ئەمە هاوسەنگیەكی هەســـتیارە و دەبێت بپارێزرێت، هەروەها ئەمە بەپێی هەلومەرجەكـــە دەگۆڕێت، بۆ نموونە لەسیســـتمی پەرلەمانیدا دیسپلینەكە بەهێزە، لەكاتێكدا لەكاتی جیاكردنەوەی دەسەڵاتەكان وسیستمی فیدراڵیدا، وەك ئەمەریكا دیسپلینەكە لاوازە، ڕەنگـــە یەكێـــك لە ڕێـــگاكان بۆ بە دیموكراسیكردنی پارتەكان دابینكردنی دارای بێت لە دارایی گشتی و ئەمەش گرێبدرێتەوە بە مەرجی پیادەكردنی دیموكراسی لە ژیانلی ناوخۆیاندا.

*** ئـــەو میكانزیمـــە پێویســـتانە چین بۆ بە دیموكراسیكردنی پارتە سیاسیەكان لە وڵاتانی جیهانی سێدا؟**

- لەڕاســـتیدا ئەنجامدانـــی هەڵبژاردنـــە سەرەتاییەكان زۆر گرنگە، مەبەستم بەشداری كردنە لەدەنگداندا بۆ دیاریكردنی پالێوراوەكانی

پارتە سیاسییەکان، یاخود دیاری کردنی ئەو کەسانەی پالێوراوەکان هەڵدەبژێرن، ئەمە دەبێتەهۆی ئەوەی دەسەڵاتێکی زۆر لەدەستی سەرکردەکان دەربهێنرێت، هەروەها پەیڕەوکردنی شەفافیەت بەتایبەتی لەمەسەلە داراییەکاندا مەسەلەیەکی پێویستە، بەهەمان شێوە دەبێت دەرفەت بەئەندامانی پارتەکە بدرێت بۆئەوەی بەشداری لەبڕیارەکاندا بکەن. پرسێکی گرنگی دیکە ئەوەیە ئایا لەدەنگداندا هەموو خەڵك بەشداری بکەن یاخود تەنها پشتیوان و لایەنگرانی پارتەکە، ئەگەر هەمووان بەشداری بکەن، ئەوا مانای وایە پارتەکە کۆنترۆڵێکی زۆری نییە بەسەر هەڵبژاردنی پالێوراوەکانەوە و ئەوەش شتێکی باش نییە.

*** بەڵام ئەگەر پارتە سیاسییەکان خۆیان دیموکراسی نەبن، چۆن دەتوانن ببنە هۆکارێك بۆ هێنانەدی دیموکراسی لە کۆمەڵگەدا؟**

- بەدڵنیاییەوە ئەو پارتە سیاسیانە لەئارادان کە دەسەڵاتی تێیاندا لەدەستی کەسانێکی دیاری کراودا کۆبۆتەوە، یاخود دەسەڵاتی بڕیاردان بەتەنها لەدەستی سەرکردەکاندایە و زۆرجار ئەو پارتە سیاسیانە پەیوەستن بەکەسێکی دیاریکراوە، بۆ نموونە لەکۆریای باشووردا، چەند پارتێکی سیاسی هەن کە درێژکراوەی کەسانێکی دیاری کراون، بەڵام دەکرێت پارتە سیاسییەکان زیاتر بەرەو کرانەوە و دیموکراسی بچن، ئەوەی گرنگە ئەوەیە پارتە سیاسیەکان موخاتەبەی بەشێکی گەورەی کۆمەڵگە، چونکە ئەمە ئاماژە و نیشانەیەکی باشە بۆ بە دیموکراسی بوونیان.

*** بۆچی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، یان ڕۆژهەڵات بە گشتی پارتە سیاسییەکان بوونیان هەیە، هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت، بەڵام دیموکراسی دروست نابێت، هۆکاری ئەم حاڵەتە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- هەندێ پارتی سیاسی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تەنها درێژبونەوەی کەسێکی دیاریکراون و زۆرجار پەرلەمانیش لەوڵاتانی ئەم ناوچەیەدا تەنها دەزگایەکی ڕەمزیە، یاخود زۆر بەهێز نییە، کە دەبێت پشتگیری لە بەشداری کردنی خەڵك بکات. لەلایەکی دیکەوە هەندێ پارتی سیاسی هەن کە داراییەکی لاوازیان هەیە، یاخود لەلایەن سەرکردە باڵاکانەوە داراییان بۆ دابین دەکرێت. لەهەمانکاتدا ئەو پارتە سیاسیانە لەئارادان کە تەنها نوێنەرایەتی بەشێکی دیاریکراوی کۆمەڵگەکە دەکەن، زۆرجار لەئەنجامی ئەمەدا گەندەڵی دروستدەبێت، بەتایبەتی ئەگەر پارتە سیاسیەکان دەسەڵات بەکاربهێنن بۆ کۆکردنەوەی سەروەرت و سامان نەك بۆ حکومڕانێتی باش.

*** مەسەلەیەکی گرنگ ئەوەیە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی چالاکمان هەبێت، بەڵان لە وڵاتانی جیهانی سێدا، ڕێکخراوەکانی ئەم کۆمەڵگەبە دابەشبون بەسەر پارتی حکومڕان و پارتی موعارەزەدا، کەواتە چۆن دەتوانرێت کۆمەڵگەیەکی مەدەنی چالاك لەم حاڵەتەدا دروست بکرێت؟**

- زۆرجار ئێمە بەهەڵە لەکۆمەڵگەی مەدەنی تێدەگەین و پێمانوایە باشترین ڕێکخراوەکانی ئەم کۆمەڵگەیە ئەوەیە کە کار بۆ هێنانەدی ئامانجە گشتیەکان بکات، ئەمە لەکاتێکدا کارکردن بۆ بەرژەوەندیە تایبەتیەکان، بۆ نموونە بەرژەوەندی مۆسیکژەنەکان، یان وەرزشوانان، بناخەیەکی تەندروست و درێژخایەنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی کارایە، چونکە ڕێکخراوەکانی ئەم کۆمەڵگەیە ڕێکخراوگەلێکی سیاسی نین، تەنانەت ئەگەر ئەم ڕێکخراوانە ئامانجی گشتی و سیاسیشیان نەبێت، ئەوا دەتوانن خەڵکی فێری بەهرەی ڕێکخستن بکەن و ئەو سەرچاوانە بۆ خەڵکی دابین دەکەن کە دەتوانن بە هۆیانەوە کێشە هاوبەشەکانیان چارسەربکەن، هەروەها پەرە بەمتمانەی دوولایەنە بدەن لەنێو خەڵکدا، ئەمانە کاتیان دەوێت و مەسەلەگەلێکی بەهادارن، بەڵام ئەگەر ئەم ڕێکخراوانە کار بۆ هێنانەدی بەرژەوەندی گشتی بکەن، ئەوا دووچاری گرفت دەبن و درێژە ناکێشن.

*** بەشداری سیاسی خەڵك گرنگە بۆ حکومەت، بەڵام ئەمە بەدەگمەن لەوڵاتانی جیهانی سێدا بەدی دەکرێت، ئایا هۆکاری ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خەڵکی بەهای ئەم بەشداریکردنە نازانن، یاخود دەسەڵاتی ڕێگایان پێنادات؟**

- لەسیستمی فیدراڵیدا پارتە سیاسیەکان دیسپلیبێنێکی لاوازیان هەیە، هەروەها خەڵکی باوەڕیان وایە کە حکومەتی ویلایەتەکان زیاتر دیموکراسین و دەکرێت ئاسانتر دەنگ و خواستی خۆیان پێگەیەنن، من پێموانییە ئەم زۆر ورد بێت، سیستمی فیدراڵی سیستمێکی ئاڵۆزە، بەڵام خاڵە ئیجابیەکە ئەوەیە کە دەکرێت حکومەتە مەحەلیەکان بەپێی دابەشبوونی پێکهاتەی کۆمەڵگەکە پێکبهێنرێت، دوبارەی دەکەمەوە ئەمەش پرۆسەیەکی درێژخایەنە.

*** ڕۆڵی موعارەزە چۆن دەبینیت؟**

- ئەگەر موعارەزە هەبوو، دەبێت بەهێز بێت، پابەند بێت بە ڕێساکانەوە، دەبێت پشتیوانی لەناو خەڵکدا هەبێت، دەبێت بەشێوەیەکی ئیجابی کاربکات و نابێت تەنها کاری ڕێگەگرتن و دروستکردنی ئاستەنگ بێت، هەرچەندە موعارەزە ڕێگری و بەرهەڵستکاریش لەخۆدەگرێت. زۆرجار موعارەزە بەدەست کەمی سەرچاوە دەناڵێنێت و زۆرجار نەبوونی متمانە بەمیسداقیەتی سیستمە سیاسیەکە ئەو مەترسییە دروستدەکات کە موعارەزە بۆ هەمیشە لەدەرەوەی دەسەڵاتدا بمێنێتەوە و دەرفەتی حکومڕانێتی بۆ دروست نەبێت.

*** زۆرجار لەوڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا ڕاگەیاندنی ئازاد بوونی نییە و دەزگاکانی ڕاگەیاندن سەر بەپارتە سیاسیەکانن، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین زەمینەیەکی گونجاو دروستبکەین بۆ هێنانەدی ڕاگەیاندنێکی ئازاد؟**

- ئەمە پرسیارێکی قورسە، ئەگەر ڕاگەیاندنێی خاوەن میسداقیەت هەبێت کارێکی باشە، ئەگەر ئاستێکی بەرزی خوێنەری هەبێت و دەزگاگەلێکی ڕاگەیاندنت زۆر هەبن، دیسانەوە شتێکی باشە، بوونی ڕاگەیاندنی ئازاد گرنگە بەتایبەتی لەسیستمی فیدراڵیدا بۆ گەیاندنی خواستی ڕێکخراوەی مەحەلیەکان، یاخود تێڕوانینی ئەو خەڵکانە، ئەگەر ئێمە لەدۆخی ڕاگەیاندن لەئەمەریکا و بریتانیا بڕوانین ئەوا دەبینین کە خاوەندارێتی ئەم دەزگایانە ڕەنگدانەوەی دابەشبونی سەورەت و سامانە لە کۆمەڵگەدا و پێچەوانەکردنەوەی ئەمەش کارێکی زەحمەتە.

*** ئایا دەکرێت بەو دەزگا ڕاگەیاندنانە بڵێین ڕاگەیاندنی ئازاد کە لەلایەن حکومەتەوە دارایی بۆ دابین دەکرێت؟**

- لەڕاستیدا لەم حاڵەتەدا هەمیشە ئەگەری ئەوە هەیە لەلایەن حکومەتەوە هەوڵی بەکارهێنانی ئەم دەزگایانە بدرێت، بەتایبەتی لەکاتی دروستبوونی قەیران و ناکۆکیدا.

*** ئایا ئەگەر حکومەتی خاوەنی دەزگای ڕاگەیاندن بوو ئەمە دەبێتە ئاستەنگ لەبەردەم دیموکراسیدا، یاخود دەبێتە هۆی پەرەپێدانی دیموکراسی؟**

-لەڕاستیدا زیاتر دەبنە کۆسپێك بۆ دیموکراسی، بەتایبەتی ئەگەر بوار بۆ دروستبوونی ڕاگەیاندنی تایبەت و سەربەخۆ نەبوو، چونکە دەبێت دەزگاگەلێکی ڕاگەیاندنی جۆراجۆر هەبێت و بیروبۆچون جیاوازەکان بڵاوبکەنەوە و دووچاری تەنگپێهەڵچنین نەبنەوە، وەك ئەوەی لەمەکسیکدا ڕوویدەدا کە هەر کاتێك ڕۆژنامەیەك ڕەخنەیەکی بگرتایە ئەوا بۆ ڕۆژی دواتر نەیدەتوانی چاپی بکاتەوە.

ئاستی دیموکراسی و شەفافیەت لەناو خودی حزبەکاندا گرنگە، بەهەمان شێوە سەرکردایەتی بەهێز و دیسپلینیش پارتەکان ئەکتیڤ دەکات، کەواتە ئەمە هاوسەنگیەکی هەستیارە و دەبێت بپارێزرێت

زۆرجار نەبوونی متمانە بەمیسداقیەتی سیستمە سیاسیەکە ئەو مەترسییە دروستدەکات کە موعارەزە بۆ هەمیشە لەدەرەوەی دەسەڵاتدا بمێنێتەوە و دەرفەتی حکومڕانێتی بۆ دروست نەبێت

# دیمەشق.. تاران..
# شەهوانی و چەند بۆچوونێك



فەیسەڵ دەباغ
تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

سوریا و ئێران بەرپرسن لە کوشتارگەکەی عێراق، نەخێر هێزەکانی ئەمەریکا، نەخێر بەڵکو بەپێی ئیعترافاتی ئەو کابرایەی کە لە تەلەفزیۆنێکی فەرمی بڵاوکرایەوە ئەو بەعسیانەن کە محەمەد یونس ئەلئەحمەدی سەرۆکیانە لە دیمەشق نیشتەجێیە، بەڵام نوری مالیکی سەرۆك وەزیران لە لێدوانێکیدا تەئکیدی لەوە کردەوە کە ناکۆکییە سیاسییەکان بەرپرسن لەوەی کە روو دەدەن.

لێرەدا هەقی خۆمانە ئەو پرسیارە بکەین: کام ناکۆکی و نێوان کێوکێدا؟ بەراستی زۆرن، ناکۆکی لە ناو هەر حزبێکدا و ئەویتر لە نێوان دەسەڵات و چەك بەدەستەکان، نێوان شیعە و سوننە، نێوان عەرەب و کورد، نێوان سوپا و پێشمەرگە، نێوان لاگیرانی ئێران و لاگیرانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، نێوان عەلمانی و ئیسلامییەکاندا، نێوان عەشایەر و (قاعیدە) نێوان حکومەتی فیدراڵ لە بەغدا و فیدراڵییەتی هەرێمی کوردستان لە هەولێر، نێوان دەزگای هەواڵگری بە سەرۆکایەتی دەست لە کارکێشاو محەمەد شەهوانی، کە بە فەرمانێکی ئەمەریکی لەسەردەمی بریمەرەوە سەرۆکایەتی ئەو دەزگایەی دەکرد.. تاد، کە تا ئێستاش کەس نازانێ بۆ دەستی لە کارکێشایەوە، ئایا لەبەر ئەو بەڵگەنامانەی کە پێشکەش بە ئەنجومەنی کردبوو دەربارەی بەرپرسیارێتی فەیلەقی قودسی ئێرانی لە کوشتارگەکە، یان بەهۆی نادیقەتی ئەو زانیارییانەی کە دابووی؟

نوێترین ناکۆکی لە نێوان حزبی دەعوە و ئەنجوومەنی باڵادایە، واتە نێوان شیعە و شیعە، مالیکی مەرجی ئەوەی داناوە کە پاش هەڵبژاردنە گشتییەکەی مانگی کانوونی دووەمی داهاتوو بەخۆی یان یەکێکی بەهێزی ناو حزبەکەی ببێتە سەرۆك وەزیران، ئەمە سەرەڕای دانی ٪٥١ی ئیئتیلافەکە؟ حزبی دەعوە و رەوتی سەدر و جەعفەریش نەکرێنە واجیهەی ئیئتیلافەکە.

وەلامی ئەنجوومەنی باڵا بەرامبەر ئەو هەموو قەرقەشەیە ئەوەیە، کە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن سەرۆك وەزیران دەستنیشان دەکات، کەواتە ئەنجوومەنی باڵا گەمەکە بەشێوەیەکی دیکەی دیموکراتی دەکات، ئامادەش نییە نهێنی ئەو مەسەلەیە ئاشکرا بکات.

ناکۆکییەکە، ئەگەر بگەڕێینەوە سەر دیدی ئەو دوو کەسە، واتە مالیکی و حەکیم، لە نێوان حاکمێکی شیعی و یەکێکی دیکەی ناو مەزهەبەکە نییە، ئەو دوو کەسە لەسەر ئەوە کۆکن کە دەبێ شیعەی لە ریزی یەکەمی دەسەڵاتدا بێت.

بەڵام پاش ئەوەی مالیکی توانای خۆی ئیسپات کرد و حزبەکەی سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان وەدەست هێناو نەیهێشت حەکیم هەرێمە فیدراڵییەکەی ناوەڕاست و باشوور دابمەزرێنێ و رێی نەدا کورد بڕیاری سیادی وەرگرن، ناکۆکییەکانی نێوان هەردوولا زیادیکرد و مالیکی بوو بە دوژمنی دیموکراسییەت، ئەوەی جێی سەرسوڕمانە یەك لەو دوو کەسە، یان یەك لەو دوو حزبە ئامادەنین هۆکاری ئەو ناکۆکییانە بۆ عێراقییەکان ئاشکرا بکەن، تا بەپێی ئەو هۆکارانە بڕیاری خۆیان بدەن.

ئەمەریکییەکان لە کوێی ئەو ناکۆکییەدان؟ واشنتۆن بەرژەوەندییەکانی خۆی لە حوکمێکی بەهێز، یان لەو دەسەڵاتە نابینێ کە رەچاوی بەرژەوەندییەکانی ئێران، یان پەیوەندییەکانی لەگەڵ سوریا دەکات، هەروا لە بەرژەوەندی ئەودا نییە حوکمێکی مەرکەزی بەهێز لە بەغدا هەبێت، بۆیە لەگەڵ فیدراڵییەتەکەی حەکیم دایە و، پشتگیری لەو کەسانەش دەکات کە دژی مەرکەزن، بەڵام لە هەمان کاتدا دژی ئەو کەسانەش رادەوەستێت کە بەپێی ئەجێندای ئێران دەجوڵێنەوە.

ئێرانیش هەر وەکو ئەمەریکا، ئەویش خاوەن دەسەڵاتێکی زۆرە لە عێراق

و هەمیشە ئەو کەس و لایەنانە لە دەسەڵاتی عێراق دوور دەخاتەوە کە دژی سیاسەتەکەی کار دەکەن، بە کورتی ئێران ئێستا دژ بە مالیکی کاردەکات و هەوڵی لابردنی لە پۆستی سەرۆك وەزیران دەدات، مالیکیش بە تەواوی چووەتە ژێر رکێفی ئەمەریکییەکان و ئەجێندای ئەوان جێبەجێ دەکات، کەواتە ململانێیەکەی نێوان حزبی دەعوە و ئەنجوومەنی باڵا لە سنووری مەحەلی خۆی دەرچووە و رێکنەکەوتنی ئەو دوو لایەنەش کە ئیئتیلافێکی یەکگرتوو کۆیان بکاتەوە بەهۆی دەستە دەرەکییەکەیە و ئەو ناکۆکی و ململانێیەش خۆی لە دوو رووداو دەبینێتەوە، یەکەمیان رووداوی بانقی زویەو ئەویتریان رووداوی تەقینەوەکانی ئەم دواییەی بەغدا، کە بووە شەهید بوونی زیاتر لەسەد کەس و برینداربوونی زیاتر لە حەوت سەد کەس کە بەڕاستی رۆژێکی خوێناوی بوو لە مێژووی عێراقدا، کێشەی بانقی زۆیە خرایە پاڵ پاسەوانانی جێگری سەرۆك کۆمار، د. عادل عەبدولمەهدی و هەرواش بوو، بەڵام مالیکی ویستی بەهۆی ئەو رووداوە زەبری خۆی لە ئەنجوومەنی باڵا بوەشێنێ و لەمەشدا مالیکی رۆڵێکی بەرچاوی گێڕا لە ئیحراجکردنی ئەنجوومەن و د. عادل عەبدولمەهدی، کە ئەمەیش بووە هۆی ئەوەی کە ئێران لێی عاجز بێت، بۆیە کوشتارگەکەی ئەم دواییەی بەغدا دوو دڵییەکی لە ناو هاوپەیمانی شیعە دروستکرد دەربارەی بەرپرسیارێتی ئەو لایەنەی کە ئاسانکاری پێشکەش بەو کەسانە کردووە کە تەقینەوەکەیان ئەنجام داوە.

پاش چەند رۆژێك لە لێکۆڵینەوە و بە چاو سورکردنی ئێران، حکومەتی مالیکی تۆمەتی تەقینەوەکانی خستە پاڵ محەمەد یونس ئەلئەحمەد، کە سەرۆکی باڵێکی حزبی بەعسە و سوریا پشتگیری لێ دەکات، کە ئەمەیش بووە هۆی تێکچوونی پەیوەندی دیبلۆماسییانەی نێوان عێراق و سوریا.

عێراق داوای رادەستکردنی ئەلئەحمەد و سەتام فەرحانی کرد لە سوریا، بەڵام ئەو وڵاتە ئەم داوایەی عێراقی رەتکرد و، عێراقیش بەرامبەر ئەو رەفتارەی سوریا باڵیۆزی خۆی لە عێراق بانگکرد و سوریاش بە هەمان شێوە.

بەرامبەر ئەمە، چەند کەسانێك ئەو تۆمەتە دەخەنە پاڵ ئێران و پێیانوایە لەبەر ئەوەی ئەنجوومەنی باڵا ئیمتیدادی ئێرانە لە عێراق و تۆمەتبارکردنی بەرووداوی بانقی زویە بە واتای تۆمەتبارکردنی ئەو کەسانە دێ کە لە ئێران پشتگیری لە د. عادل عەبدولمەهدی دەکەن، بەتایبەتی فەیلەقی قودس، بۆیە ئێران لە رێی فەیلەقی قودسەوە ئەو تەقینەوانەی ئەنجام دا، مەبەستیشی لەمە گورز وەشاندن بوو لە مالیکی.

ئەو گورزە ئەگەر لە دیمەشقەوە هاتبێت یان تاران، گرنگ ئەوەیە کە مالیکی گورزێکی لێ وەشێندرا و کەسیش نازانێ ئایا گورزی تریشی لێ دەوەشێنرێ یان نە، بەتایبەتی پاش دەرکردنی حزبەکەی لە هاوپەیمانی شیعی.

لە رووی ئەقلیمییەوە ئێستا مالیکی هەم ئێران و هەمیش سوریای لەخۆی تورە کردووە، بۆیە چارەنووسەکەی لە با هۆزێکدایە و ئەگەر نەتوانێ چەند لایەنێکی گرنگ بۆ ئیئتیلافەکەی خۆی کە بە ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا ناسراوە راکێشێ، ئەوا نەك هەر دەسەڵاتەکە لەدەست دەدات، بەڵکو شتی تریش.

بەرای من دانپیانانی عەقڵی مودەبەری تەقینەوەکە، موفەبرەك بوو، ئەو دەڵێ سوریا دەستی لەو تەقینەوەدا هەبوو، بەڵام ئەگەر بە وردی سەیری دانپیانانە کە بکەین دەزانین کە ئەمە دروستکراوە، سوریا دەکەوێتە رۆژئاوای عێراق، بەڵام تاوانبارەکە لە دانپیانانەکەیدا دەڵێ شوحنەی تەقینەوەکە لە میقدادییەوە هات، میقدادییەش لە رۆژهەڵاتی وڵاتە، ئێستاش من ئەو کارە بە کارێکی ناوخۆ دادەنێم، هەتا بەرپرسێکی عێراقی لە لێدوانێکیدا کە بەبیرم نایەت لە چ کەناڵێکی عەرەبیدا بوو دەڵێ ماددە تەقێنراوەکە لە ناوەوە دروستکراوە، کە ئەمەیش پێچەوانەی قسەکانی لیوا قاسم عەتایە کە دەڵێ چەند لایەنێك لە سوریا دەستیان لەو کارەدا هەبووە . لەوانەیە ئەو قسانەی لیوا قاسم بۆ مەرامێکی سیاسی کرابێ و پێموایە رەبتێکی لەگەڵ دوا سەردانەکەی مالیکی بۆ سوریا هەیە، واتە تۆمەتبارکردنی سوریا لەلایەن عێراقەوە وەك کاردانەوەیەکی سیاسی بوو بۆ سەردانە سەرنەکەوتووەکەی مالیکی بۆ ئەو وڵاتە.

هەموومان دەزانین یەك لە داواکانی مالیکی لە سوریا بەدەستەوە دانی هەندێ لە بەعسییە عێراقییەکانی ناو سوریا بوو، بەڵام سوریا ئەم داوایەی رەتکردەوە و وەبیر مالیکی هێنایەوە، کە چۆن کاتی خۆی سەدام داوای رادەستی ئەوەی دەکرد بە بیانووی ئەوەی کە حوکمی ئیعدامی لەسەرە.

بەهەر حاڵ شەهوانی سەرۆکی هەواڵگری عێراق بوو بە قوربانی ئەو مەسەلەیە، بەتایبەتی پاش ئەوەی زۆری ئەو ئاوە ئێرانییەی لێڵ کرد کە بەشێوەی هەواڵگری تەسریبی کردبوو بۆ عێراق، کە ئەم کارەشی هەندێ هێزی لەخۆی عاجز کرد.

هەر چەند سەرچاوەکان لەسەر ئەوە رێکن کە شەهوانی پێشوەخت چەند پلانێکی ئێرانی ئاشکراکردبوو، بە سوود وەرگرتن لە شارەزایی ئەوانەی سەرکردایەتی ئەو دەزگایەیان دەکرد لە رابردوودا، بەڵام لە بڵاوکردنەوەی ئەو پلانانە لە میدیاکاندا زۆر پەلەی کرد، بۆیە هەر زوو خۆی خستە هەڵوێستێکی زۆر قورسەوە و ئیتر بەر لەوەی دەستی ئەو وڵاتەی پێ بگات، بڕیاری دەست لە کارکێشانەوەی داو خۆی گەیاندە وڵاتێکی وەکو ئوردن کە هەمیشە لە دژی سیاسەتی دەستێوەردانی ئێران بووە لە کاروباری وڵاتانی عەرەبیدا.

**پاش چەند رۆژێك لە لێکۆڵینەوە و بە چاو سۆرکردنی ئێران، حکومەتی مالیکی تۆمەتی تەقینەوەکانی خستە پاڵ محەمەد یونس ئەلئەحمەد، کە سەرۆکی باڵێکی حزبی بەعسە و سوریا پشتگیری لێ دەکات**

**ئەو گورزە ئەگەر لە دیمەشقەوە هاتبێت یان تاران، گرنگ ئەوەیە کە مالیکی گورزێکی لێ وەشێندرا و کەسیش نازانێ ئایا گورزی تریشی لێ دەوەشێنرێ یان نە**

# كوردو توركيا: چارەسەری سیاسی



**سامی شۆرش**

**تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ**

دوای دەیان ساڵ لە سیاسەتی پێداگیری و کاولکاری و شەڕو خۆ دزینەوە لە ئەگەری ئاشتی، حکومەتی تورکیا، پێ دەچێت گەیشتبێتە قەناعەتی ئەوەی کە چاکترین ڕێگە لەبەردەم چارەسەرکردنی کێشەکانی لەگەڵ کورد، ڕێگە چارەی سیاسی و گفتوگۆیە. حکومەتی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان ماوەی پتر لە مانگێکە، ئەم سیاسەتە تازەیە گرتۆتە بەر کە بە سیاسەتی (دەست پێشخەریی لە بەرامبەر کورد) ناسراوە.

لەو بوارەدا، حکومەتی ئەنقەرە لە ڕێگەی وەزیری ناوەخۆوە بەشیر ئاڵای لەگەڵ هەموو هێزە سیاسییەکانی ناو پەرلەمان و دەرەوەی پەرلەمان قسەی کردووە، پێ دەچێت لەگەڵ ئەمەریکاو هەندێك وڵاتی گرنگی ئەورووپاش قسە کرا بێت. ئەردوگان لە باری خۆیەوە، پێش هەفتەیەك بە ڕاشکاوی ڕایگەیاند کە تاکە ڕێگە لەبەردەم گەشەپێدانی تورکیاو گونجاندنی لەگەڵ جیهانی ئەمڕۆ ئەوەیە کە کێشەی کورد بە ئاشتی چارەسەر بکرێت، لەم پێناوەدا سەرۆك وەزیرانی تورکیا ڕایگەیاند کە هەتا کۆتایی ئەمساڵ چەندین هەنگاوی پراکتیکی لە بواری دابینکردنی مافەکانی کورد دەهاوێژرێت.

شایەنی باسە ئەوا بۆ پتر لە ساڵێك دەچێت، بە تایبەتی لە دوای هێرشە بەربڵاوە شکست خواردووەکەی شوباتی ڕابردوو، ئەنقەرە بە جیددی بیر لە چارەسەرێکی سیاسی دەکاتەوە. عەبدوڵلا گول — ی سەرکۆمارو ئەردوگان هەر یەکە لە باری خۆیەوە بە ڕاشکاوی ئەو مەسەلەیەیان لە چەندین بۆنەو کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیدا باسکرد. تەنانەت بەر لە چەند مانگێك دوو هەنگاوی بەرچاویان لە بواری مافەکانی کورد هاویشت: یەکەم، کەناڵێکی تەلەفزیۆنی بە زمانی کوردی دامەزرێنرا. دووەم، لە دوو زانکۆی گەورەی ئەو وڵاتەدا بەشی زمانی کوردی کرایەوە. ئەم دوو هەنگاوە، وەك مەعلومە، کافی نەبوون بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئاڵۆزی کورد کە چەندین ساڵە ئەم وڵاتەی هێناوەتە هەژان و پتر لە ٤٠ هەزار قوربانی لێکەوتۆتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ڕێگەخۆشکەر بوون بۆ ئەوەی ئەردۆگان خۆی ئامادەی هەنگاوی گەورەترو گرنگتر بکات.

لە ڕاستی دا، سەرۆکی کوردستان مەسعود بارزانی بە درێژایی ئەو ساڵانەی ڕابردوو، بەردەوام ڕایگەیاندووە کە کێشەی کورد لە تورکیادا کێشەیەکی سیاسییەو لە ناو خاکی خۆی دایە نەك لە کوردستانی عێراق چارەسەر دەکرێت، تاکە ڕێگەش بۆ چارەسەر کردنەکە، چەك و شەڕ نییە، بەڵکو ڕێگەی ئاشتی و گفتوگۆی سیاسییە. بۆ ماوەیەکی درێژ ئەنقەرە دەیویست بەشداری پێکردنی کوردی عێراق لە شەڕی (پێ کە کە) بکاتە مەرجی ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێرو ئەنقەرە، بەڵام جەنابی سەرۆك هەمیشە پێداگیری لەسەر ئەوە دەکرد، کە مەسەلەی (پێ کە کە) بە شەڕ چارەسەر نابێت و کورد جارێکی دیکە دەست ناخاتە خوێنی کوردەوە، بۆیە ئەم هەڵوێستەی جەنابی سەرۆك یەك لە هۆکارە گەورەکانی ئەو حاڵەتە بوو کە تورکیا ناچار بێت ڕوو لە ئەگەری ئاشتی و گفتوگۆ بکات.

ڕاستە، ئەنقەرە بە نیاز نییە هیچ جۆرە دایەلۆگێکی سیاسی لەگەڵ (پێ کە کە) دەست پێ بکات، چونکە تا ئێستاش ئەو حزبە لە ناو تورکیادا بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی لە قەڵەم دەدرێت. هەروەها ڕاستە، حزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی تورکی، بە تایبەتی حزبە نەتەوەپەرست و ڕاستڕەوەکانی وەك بزووتنەوەی نەتەوایەتیی بەهجەت باغچەلی، بە توندی بەرپەرچی هەوڵەکانی حکومەت دەدەنەوە. بگرە، باغچەلی تۆمەتی خیانەتیش دەداتە پاڵ ئەوانەی ڕوو لە چارەسەری سیاسیی کێشەی کورد دەکەن، چونکە بە بڕوای ئەو، هەر چارەسەرێکی لەو بابەتە، ڕەنگە یەکێتیی خاك و دەوڵەتی تورکیا تووشی ئەگەری پارچە پارچە بوون بکات.

بەڵام دیارە، ئەردۆگان کە زۆرینەی پەرلەمانی لەگەڵدایە، بە شێوەیەکی جیددی ڕووی لەوە کردووە، ئەو کێشە گەورەیەی وڵاتەکەی بە ئاشتی چارەسەر بکات و ڕێگە خۆش بکات لەبەردەم بەرەو یەکێتیی ئەورووپی ڕۆیشتنی وڵاتەکەی. مەعلومە ئەنقەرە لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٠ بە گشتی و سەرەتای ساڵی ١٩٨٢ بە تایبەتی هەوڵێکی زۆر دەدات بۆ ئەوەی بچێتە ڕیزی یەکێتیەکەوە، بەڵام ئەورووپییەکان چەند مەرجێکیان بۆ داناوە تا ڕێگەی پێ بدەن لەو بوارەدا بچێتە پێشەوە. یەك لەو مەرجانە

مەسەلەی مافەکانی کوردو تۆماری مافی مرۆڤە. ئینجا بەم چەند ساڵەی دوایی، ئاڵۆزییەکی زۆریش کەوتە پەیوەندییە ستراتیژییەکانی نێوان تورکیاو ئەمەریکا. یەك لە هۆکارە گەورەکانی ئەو ئاڵۆزییە هەڵوێستی خوێناویی ئەنقەرە بوو لە بەرامبەر مەسەلەی کورد. لەوانەش بەولاتر، ناوەخۆی تورکیا بە هۆی شەڕە بەردەوامەکەی حکومەتەوە لە دژی کوردو (پەی کە کە)، تووشی قەیرانێکی زۆری ئابووری و سیاسی هاتبوو. وایلێهاتبوو حکومەت مانگی لە ملیارێك پتر دۆلاری بۆ شەڕ تەرخان بکات. هەروەها پەیوەندییە سیاسی و دیپلۆماسی و ئابوورییەکانی وڵاتەکە لەگەڵ دەرووجیران تا دەهات خراپتر بێت. لەوانەش گرنگتر، دوای دەست بەکار بوونی پرۆفیسۆر ئەحمەد داودئۆغلو لە پۆستی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا، بیرۆکەی ئەوەش هاتە پێشەوە کە ئیتر ئەنقەرە هەموو پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ناوەوەو دەرەوە ئاسایی بکاتەوەو گەشە بە هاوکاری ئابووری بدات و ڕۆڵێکی گەورەتر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بگێڕێت. بۆیە دیارە ئەردۆگان لە ناو چوارچێوەی ئەو چاکسازییە گەورانەی لە ناو خودی تورکیادا خەریکی جێبە جێکردنیەتی، پێی باش بووە لە بواری کوردیشدا چاکسازییەکی سیاسی بکات.

ڕاستە، حزبەکانی ئۆپۆزیسیۆن جۆرە مەترسییەك بە سەر پرۆسەی ئاشتەوایی لە تورکیا دروست دەکەن، بەڵام لە هەڵوێستی ئەم حزبانە گرنگتر هەڵوێستی دەزگای سوپایە. هەر لە سەردەمی دروستبوونی تورکیای تازەوە، ساڵی ١٩٢٣ لە سەر دەستی کەمال ئەتاتورك، سوپا ڕۆڵێکی گرنگ لە ژیانی سیاسی ئەو وڵاتەدا دەگێڕێت. تەنانەت لە چەند ساڵی ڕابردوودا کاتێك ئەنقەرە ویستی لەگەڵ یەکێتیی ئەوروپا نزیك بێتەوە، ئەوروپییەکان مەرجی ئەوەیان خستە پێشی کە دەبێت ڕۆڵی سوپا لە بڕیاری سیاسیی ئەو وڵاتەدا کەم بکرێتەوە. بۆیە سوپا هەمیشە مەترسییەکی گەورەی درووستکردووە بۆ سەر دیموکراسی لە تورکیا. بگرە هەمیشەش هاندەری شەڕو پشێوی بووە لەو وڵاتەدا جا چ لەگەڵ پێکهاتەکانی ناوەخۆو چ لەگەڵ دەوڵەتانی دەروجیران.

ئەمڕۆ، تابلۆکە جۆرە گۆڕانێکی بنەڕەتی تێکەوتووە. دەزگای سوپا لە ماوەی یەك دوو ساڵی ڕابردوو، بە شێوەیەکی هەست پێکراو گەڕاوەتەوە ناو ئۆردوگاکانی، بۆیە حکومەتی ئەردۆگان لە حکومەتەکانی پێشوو زۆرتر هەست بە ئازادی دەکات لە وەرگرتنی بڕیاری سیاسی. سەرەتای ئەو هەنگاوەش بەوە دەستی پێکرد کۆمەڵێك ئەفسەری گەورەی خانەنشین ڕایانگەیاند کە تاکە ڕێگە لە بەردەم ڕەهاکردنی تورکیا ئەوەیە ڕوو لە چارەسەری کێشەی کورد بکات. دواتر حکومەتی ئەردۆگان چەندین ئەفسەری گەورەی دیکەت گرت کە بە پێچەوانەوە، دەیانویست شەڕی نێوان کوردو تورك گەرمتر بکەن، لە ڕێگەی کودەتایەکی سەربازی لە دژی حکومەتی ئەردۆگان. ئەم جەماعەتە خۆیان لە ڕێکخراوێکی نهێنیدا کۆکردبووەوە کە بە ڕێکخراوی (ئەرگەنەکۆن) دەناسرێت.

دیارە پاش شکستهێنانی ڕێکخراوی نهێنی (ئەرگەنەکۆن)، ئاسۆکان هەتا ڕادەیەکی زۆر لەبەردەم دەزگای سوپا کرایەوە، بۆ ئەوەی ئازادانەتر قسە بکات و هەڵوێستی نەرمتر بگرێتە بەروو زۆرتر بکشێتەوە ناو ئۆردووەکانی خۆی تا ڕێگە تەخت بێت لەبەردەم حکومەت و دەزگای سیاسی بۆ وەرگرتنی بڕیاری خۆیان لەمەڕ کێشەکانی وڵاتەکە. مەسەلەی کورد گرنگترین ئەو مەسەلانەن کە هەمیشە ڕۆڵی سوپا ڕێگر بووە لە چارەسەر بوونی بە شێوەیەکی ئاشتی، بەڵام بەم دواییە گۆڕانێکی بەرچاو لە هەڵوێستی سوپادا بەدی دەکرێت.

پێش هەفتەیەك، حزبە ڕاستڕەوەکانی تورکیا هەڵمەتێکی گەورەی دژایەتیی کردنی دەست پێشخەرییەکەی حکومەتیان دەست پێکرد، لەم پێناوەدا هانی سوپایان دەدا بۆ ئەوەی بجوڵێتەوەو نەهێڵێت ئەردۆگان بەردەوام بێت لەسەر دەست پێشخەرییەکەی، بەڵام دیار بوو سوپا دوای نزیکەی مانگێك دان بە خۆداگرتن، ناچار بوو بێتە وەڵام، لەمبارەیەوە ئەنجومەنی باڵای ئەرکانی سوپا بەیاننامەیەکی دەرکرد کە تا ڕادەیەکی زۆر تەمومژاوی بوو. هەڵوێستێکی ئەوتۆی پێوە دیار نەبوو، کە ئەم بەیاننامەیە بۆ پشتگیریی دەست پێشخەرییەکەی ئەردۆگانە یان بۆ دژایەتی کردنیەتی.

لە دەقی بەیاننامەکەدا، سوپا دژایەتی خۆی بۆ هەر نەخشەیەك دووپات دەکاتەوە، کە بیەوێت خاك و دەوڵەتی تورکیا پارچە پارچە بکات، هەروەها دژایەتی خۆی بۆ هەر جۆرە دانوستانێك لەگەڵ (پەی کە کە) دووپات دەکاتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕێگەی لە حکومەت نەگرت لەوەی ڕوو لە چارەسەرکردنی کێشەکانی تورکیا بە شێوەیەکی سیاسیانە بکات. لێرەوە زۆر لە چاودێران ئەم بەیاننامەیە گرنگەی دەزگای سوپا بەوە لێك دەدەنەوە کە مەبەست لێی پشتگیریکردنی حکومەتی ئەردۆگانە.

ئەوەی ڕاستی بێت، ئەمجۆرە بۆچوونە ڕاستییەکی زۆری تێدایە: یەکەم، ئەردوگان نایەوێت کێشەی کورد لە ڕێگەی گفتوگۆ لەگەڵ (پەی کە کە) چارەسەر بکات. لە لایەکی دیکە ئەو دەست پێشخەرییەی ئەو کردوویەتی بۆ پارچە پارچە کردنی تورکیا نییە وەك لە عێراق و ئێران و سوریاش هەندێك جار لێك دەدرێتەوە، بەڵکو بۆ پتەوکردنی یەکێتیی ناوەخۆی ئەو دەوڵەتانەیە. بۆیە، بە بۆچوونی سوپا، ئەم سیاسەتە تازەیەی حکومەت هیچ جۆرە مەترسییەك بۆ سەر چارەنووسی تورکیا دروست ناکات.

لەبەر ئەو هەڵوێستەی سوپا، زۆر لە چاودێران پێیانوایە ئەم هەوڵە تازەیەی ئەنقەرە ڕەنگە سەرکەوتنێکی بەرچاو بەدەست بهێنێت، بەڵام هێشتا پرسیاری گەورە ئەوەیە کە ئایا کورد خۆی، بە تایبەتی لە کوردستانی باکوور، چۆن لە بەرامبەر ئەم سیاسەتە تازەیەی ئەنقەرە دەجوڵێتەوە؟

**سەرۆک هەمیشە پێداگیری لەسەر ئەوە دەکرد، کە مەسەلەی (پیَ کە کە) بە شەڕ چارەسەر نابێت و کورد جارێکی دیکە دەست ناخاتە خوێنی کوردەوە، بۆیە ئەم هەڵوێستەی جەنابی سەرۆک یەک لە هۆکارە گەورەکانی ئەو حاڵەتە بوو کە تورکیا ناچار بێت روو لە ئەگەری ئاشتی و گفتوگۆ بکات**

# نێچیرڤان

# موعجیزەی دروست



فوئاد سدیق

ئەم ناونیشانەی سەرەوە (دروستکردنی نەتەوەیەك) لەم تێڕوانینەوە سەرچاوەی گرتووە، کە نەتەوە ئەوکاتە دروست دەبێت بە مانای خودان بوونی خۆی دەبێت کە خودان دەوڵەت بێت، ئەم بۆچوونە زیاتر فەڕەنسییەکان وای بۆ دەچن، واتا بوونی هەموو نەتەوەیەك بە بوونی قەوارە سیاسییەکەی بە نیشتمانەکەی (دەوڵەتەکەی) دیاردەبێت.

نێچیرڤان بارزانیش توانی لە ماوەیەکی ئێکجار کورتدا، گۆڕانی ئێکجار گەورە لە بونیادنان، لە دروستکردن،..... هتد بهێنێتە ئاراوە، بەشێوەیەك بناخەیەکی وەهای بۆ دوای خۆی دارِشت کە پێویستدەکات حوکمڕانە یەك لەدوا یەکەکانی دوای خۆی پێڕەوی لێبکەن. وەك چۆن جۆرج واشنتۆن بناغەیەکی سیاسی ئەوتۆی بۆ ئەمریکییەکان دارِشت کە تا ئێستاش لە هەندێ رووەوە پێڕەوی هەمان سیاسەتەکەی جۆرج واشنتۆن دەکەنەوە، بە تایبەت لە بینینی ئەو رۆڵە سەنترالیزمەی کە لە دامەزراندنی ئەمریکادا بینی.هەر بەم پێودانگەوە کاتێك دەڕوانینە مێژووی حوکمڕانی زۆر لە سەرۆکەکانی دونیا، هەستدەکەین تەنها بە (٤) ساڵ نەیانتوانیوە ئەرکە گرنگ و گەورەکان بە تەواوی ئەنجام بدەن، فرانکلین رۆسڤێلت لە لایەن گەلی ئەمریکاوە (٤) خول هەڵبژێردرایەوەو زیاتر لە (١٣) ساڵ سەرۆکایەتی کردو بەهۆی مردنییەوە نەیتوانی خولی چوارەمی تەواو بکات و ترومان هاتە جێی. ئەمە لەبەرئەوە بوو خەڵکی ئەمریکا هوشیاربوون لەوەی کە رۆسڤێلت پێویستییەکە بۆ ئەمریکییەکان بەتایبەت لە گەرمەی شەڕی دووەمی جیهانی.

نێچیرڤان بارزانی تەنها لە ماوەی (٤) ساڵی رابردوویدا سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو،ماوەی (٤) ساڵیش بۆ ئەو بەرنامەیەی نێچیرڤان کە لە ناوەرۆکدا (موعجیزەیەك بوو لە بونیادنان و لە دروستکردنی نەتەوەیەك)زۆر زۆر کەم بوو، نموونەشمان هەموو سەرۆکە بەناوبانگەکانی جیهانە لەم سەری دونیا بۆ ئەوسەری دونیا، نەیانتوانی لە یەك کاتدا گرنگی بە پەرەپێدان و دیموکراسی بدەن. سەرباری ئاستی هوشیاری نەتەوەییشمان کە ئەمەش ئەرکێکی دیکەی قورس بوو بۆسەر شانی ئەو حکومەتەی کە نێچیرڤان بارزانی بەڕێوەی دەبرد،سەرباری سڕینەوەی ئەم هەموو ئاسەوارەی بەعس لەلایەك و لەدوای راپەڕینەوەش هەموو ئەو کەلێنانەی دروست بووبوون لە لایەکی ترەوە. بۆیە باسکردن لە حەقیقەتی نێچیرڤان و واقیعبینی ئەو سەرۆکە ئەوەمان پێدەڵێت ئەگەر هێندەش بە باڵای هەڵنەدەین، بەڵام بە کەمتر لە زۆر لە سەرۆکەکانی وڵاتانی پێشکەوتووی نەزانین. زۆرجار لێرەو لەوێ دەنووسرێ، یەڵتسن خراپترین سەرۆکی رووسیا بوو، چونکە توانای بەڕێوەبردنی ململانێکانی نەبوو، بۆیە ئەو ماوەیەی یەڵتسن بەماوەیەکی غەدرلێکراو دەزانرێ لەمێژووی رووسیادا. ئەمە لەکاتێکدا فلادیمیر پوتین ئەوتوانایەی لە بەڕێوەبردنی ململانێکاندا خستەروو کۆتاییشی بەشەڕی چیچانییەکان هێنا.

نێچیرڤان بارزانی دەستکەوتی زۆرگەورەو مێژوویی لەماوەی تەنها (٤) ساڵی حوکمڕانیکردنیدا هێنایەدی، کە ئەم ماوە کورتە بە هیچ کام لە سەرۆکە گەورەکانی دونیاش نەکراوە. بۆیە زۆربەی ئەو سەرۆکانەی کە بۆ دووەم جار هەڵبژێردراونەتەوە بۆ ئەوە بووە دەستکەوتە گەورەکانیان بۆ وڵاتەکەیان بگەیەننە قۆناخی تەواوبوون.

نێچیرڤان بارزانی دەیزانی زەمینە رەخساندن بۆ ئۆپۆزیسیۆن بە واتای رووبەروو بوونەوەی حکومەتەکەیەتی، بە مانای گرتنە دەستی دەسەڵات دێت لە ئایندە، بەڵام پێڕەوکردنی دیموکراسی بەبێ بوونی حزبی جیاوازو بە بێ بوونی ئۆپۆزیسیۆن مانایەکی ئەوتۆی نابێ، بۆیە لە سەردەمی حکومەتەکەیدا باشترین زەمینە بۆ دروستبوونی ئۆپۆزیسیۆن رەخسا، بەشێوەیەك لە کاتی دوا هەڵبژاردنیش، شەڕێکی ئەوتۆ دروست نەبوو کە شایانی باسکردن بێت، ئەمە لەکاتێکدا

# بـــارزانـــی

# ـــتکردنی نـەتـەوەیـەک

تورکیا ئـــەم دەوڵەتە زەبەللاحەیەو بـــەم هەموو مێژووە پـــڕ لە ئیمپراتۆری و دەوڵەتییـــەوە، لە دوا هەڵبژاردنی شـــارەوانییەکانیدا خەڵکی تێدا کوژراو بەدەیان کەسیش خرانە زیندانەوە.

ئەو پێوەندییە دیپلۆماســـی و سیاســـییەی نێچیرڤان توانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و وڵاتانی دونیا دروستی بکات بێ وێنەبووە، هەر بۆ نموونە سەرۆکی کۆچکردووی سوریا (حافز ئەسەد) بەم هەموو ئەزموونەی خۆیەوە، بەم ئەزموونەی وڵاتەکەی کە ســـوریا مێژوویەکی گەورەی لە نەخشەی عەرەبیدا هەیە، ئینجا سەرۆکی کۆچکردوو بەم هەموو پشـــتگیرییەی کـــە (٢١) وڵاتی عەرەبی هاوســـۆزی بوون، کەچی کاتێك تورکیا گوشاری خستە ســـەری بۆ دەرپەڕاندنی عەبدوڵـــلا ئۆجەلان ، لە چەند ڕۆژێك بەولاوە بەرگەی نەگرت و ئۆجەلانی دەرپەڕاند، کەچی ئەوە چەندین ســـاڵە گوشارەکانی تورکیا بۆسەر حکومەتی نێچیرڤان بەردەوامە ســـەبارەت بە دەرکردنی پەکەکە لە چیـــاکان، بەڵام حیکمەتی نێچیرڤان بارزانی ڕەهەندێکی دیکەی داوەتە گفتوگۆکان.

ماوەیەکەو تا ئێستا بە بەردەوامی لێرەو لەوێ باسی جیاکردنەوەی حـــزب لە حکومەت دەکـــەن، لە کاتێکدا نێچیرڤـــان بارزانی بێئەوەی پێوەی بنازێ زۆر بە هێمنی بڕیارەکانی لە ژوورەکانی مەکتەبی سیاسی گواستەوە بۆ ژووری سەرۆك وەزیران و بڕیاری کۆتایی لێدەدا.

زۆر لە گەورە فەیلەســـوف و زانایانی جیهان کاتێك باســـی یۆنانی کۆن دەکەن، دەڵێن سەردەمی حوکمڕانی (پرێکلیس)سەردەمی زێڕینی حوکمڕانیکردنی یۆنان بووە، چونکە سەردەمی فەرمانڕەواییکردنی پرێکلیس بەرزترین پلەی گەشـــەی ئابووری و پشـــکوتنی ڕۆڵی زانست و هونەر بوو لـــە هەموو دەورانی ژیانی یۆنانییەکاندا.بۆیە ئەو دیموکراسیەی ئەمڕۆش هەر بە بەرهەمی سەردەمی پرێکلیس دەزانرێ.

ئەمـــە نموونەیەکە کە دەتوانیـــن بڵێین، جیا لەوەی لەمـــاوەی تەمەنی حکومەتـــی هەرێمی کوردســـتان نەتوانرا کۆتایی بە دوو ئیدارەیی، ڕەخســـاندنی کەشـــی لەبـــار بـــۆ ئـــازادی ڕۆژنامەنووســـی، بووژاندنەوەی ئابـــووری، بڕواهێنان بـــە دیالۆگ،پەرەپێدانی مرۆیی، گرنگی دان بە ڕێکخراوەکانی ناحکومی و کۆمەڵگەی مەدەنی،کەمکردنەوەی گرفتـــی کارەبا بە ئەندازەیەکی باش،چارەســـەرکردنی کێشـــەی بێ ئاوی، پاراســـتنی کەرامەتی تاك، ڕایەڵی پێوەندی دروستکردن لەگەڵ خەڵکی پسپۆڕو ئەکادیمی، هاندانی وڵاتانی دونیا بۆ کردنەوەی نوسینگەو قونسول لە هەرێمی کوردستان،دەستکردن بە ئەنجامدانی دەیان پڕۆژەی ســـتراتیژی بۆ کوردســـتان، دەرهێنـــان و هەناردەکردنـــی نەوت،هێنانـــی خەڵکـــی ســـەرمایەداری بیانی بۆ کوردستان تاسەرمایەکانیان لە کوردستان بخەنە گەڕ، مســـۆگەرکردنی پەروەردەیەکی تەندروست بۆ نەوەی نوێ، نەهێشتنی ئەو بارە دەروونییەی کە ماوەی نیو ســـەدەیە بۆتە بار بەسەر نەتەوەی کورد، ئەمە بە یەك لە دەســـتکەوتە هەرە گەورەکانی کابینەی نێچیرڤان بارزانی دەژمێردرێ.،.......، ئەمانەو دەیان نموونەی دیکە هەن کە توانستی نێچیرڤان بە شێوەیەکی زۆر نموونەیی دەردەخـــەن. ئەمە لە کاتێکدا خەونەکان و هیواکانی نێچیرڤان بارزانی زۆر لەو کارانەش گەورەترن کە لەماوەی چوارساڵی ڕابردوویدا ئەنجامی داون.

نێچیرڤان بارزانی ئێستا حکومەتێك جێدەهێڵێت، کە پڕە لە پڕۆژەی دەستپێکراوو نیوەچڵ، حکومەتێك جێدەهێڵێت، بوارەکانی ئازادی ڕۆژنامەنووسی و، یەکڕیزی نەتەوەیی و ئینتیما بۆ کوردســـتان، بەتـــەواوی فەراهەمکردووە، فێریشی کردووین بۆئەوەی دیموکراسی لە وڵاتدا بەرقەرار بێت، دەستاودەســـتکردنی دەســـەڵات تەنهـــا مەرەکەبی ســـەرکاغەز نەبێت،خۆی بەر لە هەمـــوو کەس پێڕەوی دەکات و حکومەت تەســـلیم بە کەسی دیکە دەکات. بۆ ئەوەی بتوانێ مێژووی نەتەوەکەی خۆی بنووسێتەوە.با بزانین کێی دیکە لەم کوردســـتانە زامدارەدا کە نێچیرڤان بارزانی هەتوانی بەسەردا کرد، توانای نووسینەوەی ئەم مێژووەی دەبێت, ئایندە وەڵامماڼ دەداتەوە.